زنجیرە کتێبی ڕێکخراوی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری کوردستان 23

# فێربوونی

# میدیا ستۆدیۆی

# هەشت

نوێترین باشترین بەرنامە بۆ کاری مۆنتاژی ڤیدیۆیی

چاپـــــی سێیەم
2007

ئارام عەلی مەجید

## ئەم بەرهەمەو جوانترین سڵاوم پێشکەشە بە :

- هەموو ئاشقانی زانستو زانیاری.
- kico
- برای گەورەم "کاکە ئاراس".
- هەموو ئەو هاورێ خۆشەویستانەی کەبەدێژایی تەمەنم ناسیومن‌و زۆر مەحاڵە لەیادیان کەم.
- ئەو بەرێزانەی داوای ئەم کتێبەیان لێ کردم‌و هاندەرم بوون بۆنووسینی.
- یەك بەیەکی ئەو کەسانەی هاوکارم بوون لەهاتنەبوونی ئەم بەرهەمەدا.
- هەموو هاورێیان‌و خوێندکارە ئازیزەکانی زانکۆی کۆیە.

**دەوڵەمەندەکان پارەو سەرمایە بەسامان دەزانن، بەڵام من هاورێکانم. بۆیە دووبارە ئەم کتێبەم بەوان پێشکەشە.**

"ئارام"

زنجیرە کتێبی ڕێکخراوی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری کوردستان kico (23)

ناوی کتێب: فێربوونی میدیاستۆدیۆ 8.0

ناوی نووسەر: ئارام عەلی مەجید

شوێن و ساڵی چاپ: سلێمانی - 2009

کاری چاپ و سەرپەرشتیکردنی چاپ: چاپخانەی گەنج

دیزاینی بەرگ: سەرکەوت پێنجوێنی

نۆبەتی چاپ : چاپی سێیەم

لەناو سی دی "میدیاستۆدیۆ"دا ئەم بەرنامەو بابەتانە وەربگرە:

- بەرنامەی Ulead MediaStudio Pro 8.0.
- بەرنامەی Hollywood FX Gold- V 4.5.7.
- بەرنامەی Boshra writer.
- بەرنامەی Alpha Magic Demo.
- چەندین تایتڵو وانەی AVI.
- چەندین وانەی فێرکاری بەدەنگو ڕەنگ.



# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 8 | پێشەکی |
| 10 | یولید میدیاستۆدیۆ |
| 12 | دابەزاندنی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" |
| 21 | دابەزاندنی بەرنامەی "هۆلیوود" |
| 28 | چۆنیەتی پەیوەستکردنی "هۆلیوود" بەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"وە |
| 30 | شی کردنەوەی "میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editor |
| 33 | – پەنجەرەی Preview |
| 38 | – پەنجەرەی Main Timeline |
| 47 | – زیاد کردنی پەنجەرەی Timeline بۆ چەند پەنجەرەیەك |
| 48 | – پەنجەرەی بەڕێوەبەری ئیفێکتەکان Effects Manager |
| 50 | – پەنجەرەی ئیفێکتو کاریگەریەکان *Production Library & Project tray* |
| 59 | بەکارهێنانی "هۆلیوود" |
| 82 | سڕینەوەو لابردنی ئیفێکتو کاریگەریەکان |
| 84 | – پەنجەرەی Quick Command |
| 86 | – پەنجەرەی Audio Mixing Panel |
| 88 | شریتی پێوەرەکان Standard Toolbar |

| | |
|---|---|
| 89 | شریتی بەڕێوەبەری تابلۆکان Panel Manager |
| 90 | شریتی لیستەکان Menu bar |
| 90 | – لیستی file |
| 93 | – لیستی Project |
| 93 | – لیستی Edit |
| 94 | – لیستی View |
| 95 | – لیستی Capture |
| 95 | – لیستی Search |
| 97 | – لیستی Insert |
| 98 | – لیستی Clip |
| 101 | – لیستی Window |
| 101 | – لیستی Help |
| 102 | – لیستی Switch |
| 103 | شی کردنەوەی بەرنامەی Audio Editor |
| 111 | شی کردنەوەی بەرنامەی Video Capture |
| 115 | **وانە فێرکاریەکان** |
| 115 | هێنانی دەنگو رەنگ "ڤیدیۆ" |
| 119 | هێنانی وێنە Insert Image |
| 120 | پێکهێنانی ڤیدیۆ/ئەیۆدیۆ |
| 123 | دروسکردنی سکرین سەیڤەری دەنگو رەنگ Movie Screen Saver |

| | |
|---|---|
| گۆڕینی فۆڕماتی فایلەکان Convert Format Files | 126 |
| جیاکردنەوەی دەنگ و ڕەنگ و دانانی دەنگێکی تر لەشوێنی دەنگی پێشوو | 128 |
| نووسینی تایتڵ بەکوردی | 129 |
| دروسکردنی ئەلبوومی وێنەکان | 138 |
| بەرز کردنەوەی دەنگی نزم | 146 |
| گۆڕینی دەنگ و دروسکردنی دەنگدانەوە (صدى) | 150 |
| ڕەش و سپی کردنی کلیپێکی نوێی ڕەنگاوڕەنگ یان گۆڕینی بەشێوەی کۆن | 153 |
| خاوکردنەوە/خێراکردنی بەشێك لەگۆرانی یان فیلم | 156 |
| جیاکردنەوەی دەنگ و ڕەنگ | 158 |
| تۆمارکردنی دەنگ Recording | 160 |
| کەناڵی Alpha Magic | 167 |
| پێچەوانەکردنەوەی بەشێکی گۆرانی | 170 |
| دانانی AVI | 172 |
| وەرگێڕان بەنووسین "ژێرنووس" | 176 |
| دانانی ئاڕمی جووڵاو | 182 |
| دروستکردنی تایتڵ و پێشەکی کلیپ | 189 |
| فرمانەکانی کیبۆرد | 199 |
| گرنگترین کلیلەکان | 207 |
| | |

**پێشەکی :**

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

کۆمپیوتەر ئەو جیهانەیە کەزۆرێك لەکاتی بردووینو تەمەی خۆمانی پیٚ دەبەخشین کەگەورەترین سەرمایەی هەریەکەمانەو لەزۆر شتی تری دابڕیوین، بەلاٌم لەگەلٌ ئەوەشدا وەك وتراوە: "جیهانی بۆ کردووین بەگوندێکی بچکۆلانە" ، وە لەناو ملیۆنەها بەرنامەی جۆراوجۆردا نوقمی کردووین، بێگومان بوونی هەربەرنامەیەك لەبەرنامەکانی کۆمپیوتەریش جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە، وەهەریەك لەئێمە ئاواتی فێربوونی زۆرێك لەبەرنامەکانی کۆمپیوتەرمان هەیە، وە بۆ ئەم ئاواتو هیوایانەش پێدەچێت زۆر هەولٌمان دابێت، ماوەیەك لەبەرنامەیەکدا کارمان کردووەو ماوەیەکی کەش لەبەرنامەیەکی تردا. بەم پێیە شارەزاییەکی کەم لەبەرنامەکاندا پەیدا دەکەین، بەلاٌم لەڕاستی دا گرنگ ئەوەیە بتوانین لەبەرنامەیەك یان چەند بەرنامەیەکی کەمدا شارەزایی و پسپۆڕییەکی تەواومان هەبێت. وەلەگەلٌ نەوەی نویٌ ی بەرنامەکەدا (واتە: ئەو ڤێرژن(اصدار)ە تازانەی کەسالاٌنە لەبلاٌوکردنەوەو نویٌ کردنەوەدان) هاوشانو هاوکات بەردەوام بین لەکارکردن لەگەلٌیدا.

ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت لەم پەرتووکەدا باسی لێوە بکەین بەرنامەی (یولید میدیاستۆدیۆ)یە، کەبەرنامەیەکی ئێجگار سەرکەوتوو نایابە لەکاری فیلم سازیو گۆرانیو مۆنتاژدا، وەلەلایەکی ترەوە ئەم بەرنامەیە لەلای زۆرێك لەبەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە لەبواری مۆنتێریداو کاری پێدەکەن، بەلاٌم ئەوەی

گرنگبێت بۆ بەکارهێنەران ئەوەیە کەچۆن بتوانن لەماوەیەکی کەمداو بەبێ مامۆستا (واتە: لەڕێگەی وەها کتێبێکەوە) فێری بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە ببن و کاری جوان و سەرنج ڕاکێشی پێ بکەن.

هەروەها بێ گومان هەریەك لەئێمە خۆشحاڵین بەوەی بتوانین ئاهەنگ و بۆنەیەکی تایبەتی خۆمان بەدەستی خۆمان مۆنتاژ بکەین و پێویستمان بەکەسێکی تر نەبێت. بۆ ئەم ئاوات و هیوایە دەتوانن بەم پەرتووکە، بەشێوەیەکی ئاسان، لەماوەیەکی کەمداو بەبێ مامۆستا فێری بەرنامەی (میدیاستۆدیۆ)ببن، ئاهەنگ و بۆنە تایبەتیەکانتان بەدەستی خۆتان و بەجوانترین شێوە بڕازێننەوە.

هیوادارم ئەم کتێبە جێگای ڕەزامەندی ئێوەی ئازیزو خۆشەویست بوو بێت و لەکتێبخانەی کوردیدا کەلێنێکی پڕ کردبێتەوە.

**بەهیوای سەرکەوتن**

**ئارام عەلی مەجید**

پایزی 2006

مۆبایل: ئاسیاسێڵ / 07702208852

E-mail:
aramali2006@yahoo.com

# یولید میدیاستۆدیۆ

بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" وەك هەموو بەرنامەكانی تری كۆمپیوتەر بەچەند قۆناغێكدا ڕۆیشتووەو خاوەنی چەند نەوەیەكە(واتە: ڤێرژن) كەسالآنە دەردەچن‌و بەشێوەیەك كەنەوەی دوای نەوەی پێشوو بەجۆرێكی نایابترو جوانتر دروست كراون، ئەمەو جگەلەوەی كە لەزۆر ڕووەوە لەیەكچوونیان تێدایە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین: ئەو گرفتانەی كەلە نەوە(ڤێرژن)ی "میدیاستۆدیۆ 7.0"دا هەبوون ئێستا لەنەوەی "میدیاستۆدیۆ 8.0"دا زۆر كەم بوونەتەوەو بەرنامەیەكی نایابترو جوانتر هاتۆتە بوون. كەهەر لەبینینی ڕووكاری بەرنامەكەدا جوانی‌و ناسكی بەرنامەكە دەردەكەوێت‌و جیاوازی تەواو دەبینرێت لەنێوانی ئەم "نەوە"یەو "نەوە"ی پێشوودا.

لێرەدا سەرەتا دەمەوێت هەنگاو بەهەنگاو باس لەدابەزاندنی بەرنامەی میدیاستۆدیۆ بكەم، پاشان بەهەمان شێوە باس لەدابەزاندنی بەرنامەی "هۆلیوود" Hollywood بكەم، كەبەرنامەیەكی پەیوەستە بەم بەرنامەیەو گرنگیەكی تایبەتی خۆی هەیە لەم كارەدا.

"هۆلیوود" یەكێكە لەو بەرنامە نایابانەی كە وەك بەشێك پەیوەست دەكرێت بەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" وە، تاوەكو كاری جوانترو ڕەنگینتری پێ بكرێت. ئەم بەرنامەیە "واتە: Hollywood" جوانیەكی سەرنجڕاكێشی هەیە. دوای دابەزاندنی بەرنامەی میدیاستۆدیۆ دەتوانین وەك فیلتەرێكی تایبەت یاخود كەناڵێك پەیوەستی بكەین بەبەرنامەی میدیاستۆدیۆوە، پاشان وەك هەریەك لەبەشەكانی میدیاستۆدیۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەكەین. گرنگی بەرنامەی

هۆڵیوود لەوەدایە کۆمەڵێك جووڵەو کاری ئامادەکراوی تێدایە کەبەئاسانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بەکاردەهێنرێن بۆ مۆنتاژو ڕازاندنەوەی پێشەکی ئاهەنگ و بۆنەکان. جگە لەوەش خودی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" لەم ڤێرژنەدا بۆ سێ بەرنامە پۆلێن کراوە بەناوەکانی:

- Video Editor 8.0
- Video Captures 8.0
- Audio Editor 8.0

هەریەکە لەم بەرنامانەش گرنگی تەواویان لەکاری مۆنتاژدا هەیە، بەتایبەتی بەشی Video Editor 8.0 کەزیاتر ئێمە لێرەدا پێوەی سەرقاڵ دەبین.


تێبینی// خوێنەری خۆشەویست دەمەوێت لەوە ئاگاداربیت کە شیکردنەوەی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" لەدوای باسکردنی چۆنیەتی دابازاندنی خودی بەرنامەکەو دابەزاندنی بەرنامەی "هۆڵیوود" دەست دەکەم بەشیکردنەوەی ڕووکارو ئایکۆنەکانی بەرنامەی میدیاستۆدیۆ بەشی Video Editor 8.0، پاشان کاری هەردوو بەشەکەی تر دەخەمە ڕوو، دواتر کۆمەڵێك وانەی فێرکاری بەووردیو هەنگاو بەهەنگاو شی دەکەمەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی بەرنامەکە لەهەموو ڕوویەکەوە ئامادەبێت بۆ کارو خوێنەری ئەم کتێبەو بەکارهێنەی بەرنامەکە سەرەتا شارەزای ئایکۆن و فرمانەکانی بەرنامەکە ببێت و پاشان لەوانە فێرکاریەکاندا گرفتی نەبێت.

سەرەتا:-


## دابەزاندنی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"

وەك هەر بەرنامەیەكی تری كۆمپیوتەر بەرنامەی "میدیا ستۆدیۆ" پێویستی بە دابەزاندن"Setup" كردن هەیە، تاوەكو بتوانین كاری لەسەر بكەین، ئەویش بەم ڕێگایە دادەبەزێت:

لەسەرتادا سیدی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بخەرە ناو سیدی ڕووم ەكەوە، پاشان سیدیەكە بكەرەوە و لەوێشدا " Ulead MediaStudio Pro 8.0" كرتە بكە" واتە: بەدوو كرتە"Click"ی چەپ یاخود بەكرتەی ڕاست و پاشان open دەكرێتەوە.




لەپاشان تەنها دوو كرتە یان كرتەی ڕاست و open بكە لەم ئایكۆنە كەدوابەدوای كردنەوەی فۆڵدەرەكە دێتە ڕێگات، بەم جۆرە:





پاشان کرتە بکە لە Next بەم جۆرە:





دواتر لەو پەنجەرەی دێتە ڕێگامان پێویستە ڕەزامەندی دەربڕین، تاوەکو بتوانین بەردەوامبین لەدابەزاندنی بەرنامەکەدا، بەم جۆرە:


یەکەم جار کرتە بکە لەو بازنەی کە لەتەنیشتیەوە نووسراوە I accept the agreement ، پاشان Next بکە.





لەم پەنجەرەی دەکرێتەوە دەتوانین درایڤێك دەست نیشان بکەین بۆ دابەزاندنی بەرنامەکە تیایدا، ئەویش لەرێگەی Browse... ەوە، پاشان Next دەکەین:



پاشان ئەم پەنجەرە دێتە پێشەوە، کرتەیەك دەکەین لە Install .





دواتر چاوەڕوان دەبین تاوەکو ئەم بۆشاییە پڕ دەبێتەوە و فایلەکانی بەرنامەکە دادەبەزن.




دواتر ئەم ڕووکارە دەکرێتەوە و تەنها Next دەکەین:





پاشان کرتە دەکەین لە Yes :




دواتر لەم ڕووکارەدا لە Browseەوە دەتوانین فۆڵدەرێکی تایبەتی دروست بکەین بۆ بەرنامەکە، بەڵام لێرە پێویستە Next بکەین:





لەپاشان جارێکی تر Next دەکەین:



بەهەمان شێوەی پێشوو Next دەکەین:





پاشان Install دەکەین، بەم شێوە:




دواتر چاوەڕوان دەبین تاوەکو بەرنامەکە بەتەواوەتی دادەبەزێت و ئەو بۆ شاییەی خوارەوە پڕدەبێتەوە:




لەپاشان کرتە دەکەین لە Finish :



جارێکی تر کرتە دەکەینەوە لە Finish ، کەلەم پەنجەرە نوێ یەدا بۆ کۆتاجار لەدابەزاندنی بەرنامەکەدا دێتە ڕێگامان.





بەم جۆرە بەرنامەی Ulead MediaStudio Pro 8.0 بەتەواوەتی دابەزی، دەتوانین لێرە بەدواوە وەك هەریەك لەبەرنامەکانی تر لەلیستی پرۆگرام دا بیبینین و کاری لەسەر بکەین.


# دابەزاندنی بەرنامەی Hollywood FX Gold

"هۆلیوود" یەکێکە لەو بەرنامە جوان و رازاوانەی کەپەیوەست دەکرێت و دەبەسترێتەوە بەبەرنامەکانی مۆنتاژەوە، پاشان وەك بەشێکی ئەو بەرنامەیە کار دەکات و جوانی و ناسکی و وردی لەکارەکانیدا بەڕوونی دیارە و بەکارهێنانیشی گەلێك سووك و ئاسانە بەبەراود لەگەڵ ئەو هەموو ووردەکارییەی کەتیایدا کراوە. لەم بەرنامەیەدا وێنە و مەلەفە ڤیدیۆکان دەتوانرێت بەشێوەی دوولا یا خود سێ‌لا "سێ‌دووری" ڕێك بخرێت بەهۆی ئیفێکتی ئامادەکراوەوە. جگەلەوە ئەو ئیفێکتانەش بەپێی ئارەزووی بەکارهێنەر گۆڕانکاریان تێدا دەرێ و بەئاڕاستەیەکی تردا دەخرێنە جووڵەوە.


سەرەتا چۆنیەتی دابەزاندنی بەرنامەکە باس دەکەین و شێوەی پەیوەست کردنی بەبەرنامەی میدیاستۆدیۆوە ڕوون دەکەینەوە، پاشان بەکارهێنانیشی لەکات و شوێنی گونجاودا شی دەکەینەوە.



سەرەتا سیدی بەرنامەکە دەخەینە ناو –سیدی ڕووم– ەکەوە، پاشان ئەو فۆڵدەرە دەکەینەوە کەلەسەری نووسراوە HFX ئەویش بەکلیکی ڕاست و Open ، بەم جۆرەی خوارە:





پاشان کرتە لە Setup دەکەین:



پاش کەمێك چاوەڕوانی ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە و NEXT دەکەین:





جارێکی تر Next دەکەین:




لەپاش کەمێك چاوەڕوانی ئەم هێڵە ستوونییەی خوارەوە پڕ دەبێتەوە و مەلەفاتی بەرنامەکە دادەبەزێت، لێرەدا تەنها پێویستە چاوەڕوانبین:





دواتر ئەم پەنجەرە بچووکە دەکرێتەوە و پاش کەمێك چاوەڕوانی نامێنێت.





لەپاشان لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە داوای ژمارەی نهێنی بەرنامەکەمان لێ دەکات. پێویستە ژمارەی نهێنی داخڵ بکەین، تاوەکو لەکاتی کارکردندا گرفتمان بۆ دروست نەبێت. ئەمەش ژمارەی نهێنی بەرنامەکەیە: (HFX45-GLD-545249-95M)هەمان ئەم ژمارەیە لەناوCDیەکەدا بەناوی S.n دەرکەوتووە، پاشان OKدەکەین و شوێن هەنگاوەکانی تر دەکەوین کەبەشوێنی ئەم پەنجەرەیەدا دێن.



دوای ئەوەی ئەم پەنجەرە دەکرێتەوە کرتە دەکەین لە Enter your key code:




پاشـان ئـەم چوارچـێوەی گفتوگۆیـە دەکرێتـەوە و داوای کـۆدی بەرنامەکەمان لێدەکات:





دەبێت لێرەدا بگەڕێینـەوەبۆ CDیەکـە، دەبینـین لـەوێ بەشـێك هەیـە بەناوی KEYGEN وەك لێرە دەبینرێت:



دوای ئەوەی کرتەی لێدەکەین بەم جۆرە دەکرێتەوە:




وەك دەبینین داوای ژمارەی زنجیرەیی بەرنامەکەمان لێدەکات لەبەشی سەرەوەدا. واتە: لەبەشی "Serial"دا. هەمان سریاڵی پێشوو لێرەدا دادەنێین. لەبەشی پێناسی ماکینەدا ئەو ژمارە تایبەتە دادەنێین، پاشان دەبینین لەبەشی Keycode دا کۆدەکەمان بۆ دەدۆزێتەوە، لێرەدا کۆپی دەکەین و دەگەڕێینەوە بۆ هەمان ئەو هەنگاوەی کەتێیدا داوای کۆدی




لێکردین، لەوێدا بەفرمانی Paste دایدەنێین. یاخود بە Ctrl+V ئەم کردارە جێبەجێ دەکەین.




پاشان پەنجەرەی رازی بوون دەکرێتەوە، لەسەر فرمانی Close This Windows کرتە دەکەین، دواترو راستەوخۆ بەرنامەی "هۆلیوود" دەکرێتەوە.





تاوەکو ئێرە باسی دابەزاندنی بەرنامەی "هۆلیوود" بوو، لێرە بەدواوە پێویستە چۆنیەتی پەیوەست کردنی "هۆلیوود" بەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"وە ڕوون بکەینەوە، چونکی تائێرە بەرنامەی "هۆلیوود" وەك بەرنامەیەکی سەربەخۆ دابەزیوە و نەبەستراوەتەوە بەهیچ بەرنامەیەکەوە، وە ناتوانرێت لە"میدیاستۆدیۆ"دا کاری پێ بکرێت. هەر بۆیە دەبێت هەنگاوەکانی پەیوەست کردنی بەمیدیاستۆدیۆوە باس بکەین.

**<u>* بۆ زانیاری زیاتر: ئەمە ناوو ژمارە و پێناس و کۆدی تەواوی بەرنامەی "هۆلیوود"ە</u>**


| | |
|---|---|
| Product | **Hollywood FX GOLD** |
| Version | **Version 4.5.7 (36)** |
| Serial Number | **HFX45-GLD-545249-95M** |
| Machine ID | **881E5395** |
| Keycode | **14421220070** |

# چۆنیەتی پەیوەست کردنی Hollywood FX Gold بەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"وە

سەرەتا بەپێی هەنگاوەکانی دابەزاندنی بەرنامەی هۆلیوود دەڕۆین، تاوەکو دەگەینە ئەم پەنجەرەیە و لێرەشدا دوو کرتە دەکەین لەئایکۆنی MEDIA_STUDIO_UPDATE ، بەم جۆرە:




دواتر Next دەکەین:






پاشان لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە ناوی چەند بەرنامەیەکی داوە کەدەتوانین پێیانەوە پەیوەست بکەین، بەلأم لێرەدا دێینە خوارەوە و نیشانەی ڕاست دەدەین لەو چوارگۆشەی کەلەتەنیشتیەوە نووسراوە

Ulead Media Studio Pro 6 ، تـاوەكو وەك بەشـێكی سـەرەكی پەیوەست بێ بە"میدیاستۆدیۆ"وە:





دواتـر Next دەكـەین. بـەم شـێوەی خـوارەوە چاوەڕوان دەكـەین تـاوەكو ئـەم دوو پەنجەرەیـە دەكرێتـەوە و دواتـر خۆیـان نـامێنێن و هەنگاوی دواتر دێتە پێشی.




پاشان Close دەكەین لەم پەنجەرەیەدا:





بەم جۆرە دابەزاندن و پەیوەست كردنی ئەم بەرنامەیە بەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"وە تەواو دەبێت.

# شی کردنەوەی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editor 8.0

وەکو سەرجەم بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"ش لەلیستی All programsدا دەردەکەوێت. بۆ کردنەوەی ئەم بەرنامەیەش ئەم هەنگاوانە دەگرینەبەر:

Start > All Programs >Ulead MediaStudio Pro 8.0 >Video Editor 8.0


واتە: یەکەمجار Start دەکەین و پاشان All Programs و دواتر Ulead MediaStudio Pro 8.0، دەبینین سێ بەرنامەی لەخۆگرتووە بەم ناوانە: Audio Editor 8.0 ، Video Capture 8.0 ، Video Editor 8.0 گرنگترین بەشی ئەم بەرنامەیە بۆ مۆنتاژو چاك كردنی دەنگ و ڕەنگ و كاری ڤیدیۆیی بەشی (Video Editor 8.0)ە، بەم شێوەی خوارەوە دەتوانین بیكەینەوە:




دوای ماوەیەكی كەم شیعاری بەرنامەكە دەردەكەوێت، دوابەدوای ئەوەش یەكەم پەنجەرە كەدەكرێتەوە لەبەرنامەكەدا هەڵبژاردنێك


دەخاتە بەردەستمان، ئەویش هەڵبژاردنی جۆری فۆڕماتی فایلەکانە، کەدەتوانین بەهەریەك لەم فۆڕماتانە و بەکوالیێتیێکی بەرز فایلەکەمان پێك بهێنین، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بێت ئەم جۆرە هەڵبژاردنەیە:

لە Edit file format دا کەلە دوو بەش پێکهاتووە MPEG files هەڵدەبژێرین، پاشان لەلیستی Existing project templates دا جۆری فایلی Video CD-PAL هەڵدەبژێرین:




پاشان لەو چوارگۆشە بچووکەی کەلەتەنیشتیەوە نووسراوە Always show this dialog box نیشانەی ڕاست لادەبەین ئەگەر ویستمان جارێکی تر ئەم چوارچێوەی حیوارە نەیەتەوە ڕێگەمان، بەپێچەوانەیشەوە گەر ویستمان هەموو جارێ لەکاتی کردنەوەی بەرنامەکەدا ئەم هەڵبژاردنە بێتەوە ڕێگەمان ئەوا نیشانەی ڕاست لەچوارچێوەکە وەکو خۆی دەهێڵینەوە. واتە: دەبێت نیشانەی ڕاستی لەناو بێت. دواتر کرتە دەکەین لە OK .

دەبینین بەم جۆرە ڕووکاری بەرنامەکە دەردەکەوێت:



هەروەکو دەبینین ئەم بەرنامەیە لەچوار پەنجەرەی سەرەکی پێکهاتووە، کەهەریەکەیان چەند کارێکی تایبەتی جێبەجێ دەکەنو چەند فرمانێکی گرنگی بەرنامەکە بەرێگایەکی خێراترو ئاسانتر رادەپەرێنن، جگە لەوەی وەك هەموو بەرنامەکانی تر خاوەنی شریتی لیستەکانو شریتی رێکخستنو ئامێرەکانە.

سەرەتا هەوڵ ئەدەین کاری ئەم چوار پەنجەرەیە شی بکەینەوە، پاشان دەچینە سەر ڕاڤەکردنی شریتی لیستەکانو شریتی ئامێرەکان ڕوون دەکەینەوە. لەسەرەوە پەنجەرەیەك دەرکەوتووە بەناوی Preview-Main Timeline Instant Play کە ئەمیش لەدوو پەنجەرەی تردا خۆی دەبینێتەوە.

# پەنجەرەی Preview




ئەم دوو پەنجەرەیە لەڕووکاردا زۆر لەیەك دەچن‌و جیاوازیەکی کەمیان لەنێواندا هەیە. ئەرك‌و کاری پەنجەرەی Preview "واتە: بینین" نیشاندان‌و نمایش کردنی ئەو مەلەفە ڤیدیۆیی‌و دەنگی‌و وێنەییانەیە کەلەبەشی Main Timeline دا کاریان لەسەر کراوە‌و دەست کاری کراون، بەتەواوەتی لەکاتی لێداندا دەبینرێن‌و هەموو ئەو کاریگەریانەش "Effects" دەردەکەون کە بەسەریاندا دراوە، بەڵام پەنجەرەی Source لەلیستی تایبەتی خۆیەوە فایلی بۆ دەهێنرێت‌و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پەنجرەی Preview چەند دوگمەیەکی کار "Icon"ی لەخۆگرتووە بەم شێوەیە:

1- بۆ لێدانی ڤیدیۆ.

واتە: Play / Pause کەبە فرمانی( Enter )ئەنجام ئەدرێت .

2- لێدانی ڤیدیۆ لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێك.( Shift + Space )

3- لێدانی ڤیدیۆ لەو خاڵەدا کە ئێستا چالاکە. ( Space )

4- گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا. "واتە: یەکەم خاڵی دەستپێکردنی فایلەکە" ( Page Up )

5- گەڕانەوە بۆ فرەیمی پێشوو. واتە: خاڵێك یاخود کەمتر لەچرکەیەك دەگەڕێتەوە دواوە. (تیری لای ڕاست ← )


6- ڕۆیشتن بۆ فرەیمی داهاتوو. (تیری لای چەپ →)

7- ڕۆیشتن بۆ خاڵی کۆتایی. ( Page Down )

8- لێدانەوە Repeat .

9- ئەم دوو هێما کەوانەییە بۆ دانانی خاڵی سەرەتاو کۆتایی بەکاردێت لە فایکێکی ڤیدیۆیدا، لەکاتێکدا بمانەوێت نێوانی خاڵی دیاریکراو بکەین بە فایلێکی سەربەخۆ. (یەکەم بەدوگمەی F3 و دووەم بەدوگمەی F4 ئەنجام ئەدرێت)

10- Timeline History Menu ئەم فرمانە کاتێ چالاك دەبێ کەپەنجەرەی "تایم لاین"مان زیادکردبێت بۆ چەند پەنجەرەیەك، کەلەشوێنی خۆیدا باس لەچۆنیەتی زیادکرنی دەکەین.




11- ئەم ئایکۆنە لیستێکی لەخۆکرتووە بەناوی Preview Windows Menu تایبەت بە بینین و نمایشکردن، گرنگترین فرمانانەکانی:

* Quick Play لەگەڵ Instant Play دوو فرمانی

دژ بەیەکن، لەخاڵی ژمارە 12 دا کاری هەریەکەیان باس دەکەین.

* Save image to واتە: پاشەکەوت کردنی ئەو مەشهەدەی کەئێستا لەپەنجەرەی Preview دا دەرکەتووە و وەستاوە بۆ:





– Production Library کەوەك وێنەیەکی ئامادەکراو هەمیشە لەبەشی Media Library دا دەمێنێتەوە و بەکاردەهێنرێت.

– Image File پاشەکەت کردنی وەك فایلێکی وێنەیی کەبە 19 جۆر فۆرمات خەزن دەکرێت، وەك: ..... BMP , JPG , PSD,


– Clipboard هەڵگرتنی لەزاکیرەی ماوسەکەدا بەجۆرێك کەدواتر بتوانرێت لەبەرنامەیەکی وەکو "وێرد"دا Paste بکرێت.

* Add/Delete Cue دانان یاخود سڕنەوەی خاڵی ئاماژە بۆ دەسپێکردن کەلەپەنجەرەی"تایم لاین"دا هێڵێکی بۆ دانراوە. (F5)

* Cue Manager بەڕێوەبەری ئامـاژە، بەرێگایـەکی ئاسـان دەمانگەیەنێتـە ئـەو چـرکەو خولەکـەی کەلەفایلـە ڤیدیۆکـەدا مەبەستمانە،ئەویش بەئاماژەکردن لەرێگای




ئەم دایلۆك بۆکسەوە بۆ گەیشتن بەهەر چرکەیەك. دوای ئەوەی کرتە لە Add دەکەین ئەم چوارچێوە بچووکە دەکرێتەوە بەناوی Add Cue ، لە Timecode دا ئەو چرکە ساتە دەنووسین کەدەمانەوێ پێی بگەین، پاشان OK دەکەین و لەچوارچێوەی



پێشوودا Go To دەکەین. ڕاستەوخۆ بەکارسەرێکی زەرد ئاماژە بەو شوێنە دەکات کەدەمانەوێت پێی بگەین.

12- Instant Play وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە لەلیستی Preview Windows Menu کە لەخاڵی "11" خراوەتە ڕوو لەگەڵ فرمانی Quick Play پێچەوانەی یەکترن. ئەگەر فرمانی Quick Play ئەکتیڤ کرابوو واتە: نیشانەی ڕاست لەتەنیشتی دانرابوو، ئەوا لەکاتی لێدانی ڤیدیۆدا زۆربەخێرایی و بەشێوەیەکی نائاسایی دەڕوات، بەڵام فرمانی Instant Play شێوە لێدانێکی ئاسایی و تەواوی هەیە، هەربۆیە واباشترە نیشانەی ڕاست لەم فرمانە درابێت لەناو لیستەکەدا یاخود فرمانی خاڵی ژمارە 12 چالاك کرابێت.

13- نیشاندەری ماوەی تەواوی فایلەکە، ئەو فایلە ڤیدیۆیەی کەچالاکەو کاری لەسەردەکرێت.


14- ئەم فرمانە لەدوو بەش پێك دێت، بەگرتن و ڕاکێشانی ماوسەکە لەسەر هەریەکەیان ڤیدیۆکە بەو لایەدا دەڕوات، فرمانی سەرەوە بەشێوەیەکی خێراو خوارەوە بەشێوەیەکی وردترو لەسەرخۆ ئەم کارە ئەنجام ئەدەن.

15- Trim area duration نیشاندەری ماوەی بەشی بڕاو. ئەو ماوەیەی دیاری کراوە بۆ جیاکردنەوەی بەمەلەفێکی سەربەخۆ.


16- Job bar شریتی کار. ئەم شریتە نیشاندەری جووڵە ڤیدیۆییەکانە لەکاتی کاردا.

17- Preview پەنجەرەی نمایش کردن و نیشاندان. لێرەوە ئەنجامی کارەکەمان دەبینین و چ گۆڕانکارییەکمان کردبێت نیشانمان دەدات.


# پەنجەرەی
# Main Timeline




ئەم پەنجەرەیە دەوری گرنگ دەبینێت لەبەرنامەکەداو تەواوی کارەکان لێرەدا بەجێدەگەیەنرێت، پێویستە وردەکاریو کار کردن لێرەدا بەشێوەیەکی رێكو پێك جێبەجێ بکەین، تاوەکو کارەکان ناسکترو جوانتر بەرهەم بێن. لەبەر گرنگی زۆری ئەم پەنجەرەیە هەوڵ ئەدەین بەش بەش کاری ئایکۆنەکانی روونکەینەوە، هەر وەکو چۆن خۆیشی بەش بەش کراوە بەچەند هێڵێکی ستوونی بچووك.




وەهەریەك لەم فرمانانە دەوری گرنگ دەبینن لەکارو مەبەستەکانی ئێمە، هەر بۆیە بەپێویستی دەزانم بەووردی ئاماژە بەکاری ئەم فرمانانە بکەمو ئەرکی هەریەکەیان بەئەندازەی پێویست روونکەمەوە.




1- بۆ هێنانی ڤیدیۆ فایل "دەنگ و رەنگ".

2- بۆ هێنانی فایلی دەنگ.

3- بۆ هێنانی دەنگی تۆمارکراو.

4- بۆ هێنانی فایلی وێنە.

5- بۆ هێنانی نووسین، تێکست.

6- بۆ هێنانی ڕەنگ.

7- بۆ دانانی بەشێکی بێدەنگ لە"ئەیۆدیۆ"دا.

8- بۆ هێنانی فایلی dvp "واتە: ئەو جۆرە فایلەی کەبەفۆرماتی Digital Video Project Files پاشەکەوت کراوە".

9- بۆ هێنانی ئۆتۆ میوزیك.


10- بۆ هێنانی پێکهێنەری نایاب. یاخود باشتر بڵێین کردنەوەی پەنجەرەی پێکهێنەری نایاب Smart Compositor کە دەتوانین لێرەوە پێشەکی یەکی جوان دروست بکەین بۆ ڤیدیۆکەمان.

11- بۆ دەست نیشانکردنی و دیاریکردنی کلیپ.

12- بۆ بڕینی کلیپی دەنگ و ڕەنگ و وێنە.

13- بۆ گەورە و بچووك کردن Zoom.

14- بۆ دیاری کردنی کات یاخود دیاری کردنی ماوەیەك وپاشان کارکردن تیایدا. وەك ئەوەی بمانەوێت بیسڕینەوە، ئەوا دوای دیاری کردنی بەشێك لەسەر تەختەی کلیلەکان "keyboard" تەنها کرتە لەDelete دەکەین و دەسڕێتەوە.



15- Track selection بۆ دیاری کردنی تراکەکان.

16- Time Stretch Mode جۆری درێژکردنەوەی ماوەکان.

17- No Ripple بۆ دانانی چەند ڤیدیۆیەك بەتەنیشتی یەکەوە.

18- هەمان کرداری پێشوو ئەنجام ئەدات بەشێوەیەکی تایبەت تر.


19- Multi-Track Ripple بەپێچەوانەی دوو فرمانەکەی پێشوو، ئەم فرمانە لەکاتی چالاك بوونیدا کاتێك زیاد لەمەلەفێك دێنین تەنها بەشوێنی یەکدیدا مەلەفەکانمان بۆ دادەنێت و بەتەنیشتی یەکەوە لەم

حاڵەدا دانانرێت. باشتر وایە ئەم سێ فرمانە هەمیشە فرمانی یەکەم واتە:No Ripple چالاك کرابێت.


20 -21 -22- ئەم سێ فرمانە تایبەتن بەتراکەکان لەحاڵەتی ئاسایی و نوسین و نیشاندان دا. یاخود لەو حاڵەتانەی زیاد لەمەلەفێك دێنین.

23- بۆ نیشانانی "تایم لاین" بەشێوەیەکی گشتی و ئاسایی.

24- کورتەی "تایم لاین" نیشاندەدات بەشێوەیەکی وا کەتەواوی مەلەفە ڤیدیۆکە دەبینرێت. وەك دەبینین لێرەدا مەلەفە ڤیدیۆکەمان بەتەواوەتی دەرکەوتووە کەنزیکەی چارەکە سەعاتێك دەبێت:





25- بۆ زیادکردن یاخود سڕینەوەی ڤیدیۆ.بەکرتە کردنی ئەم دوگمەیە پەنجەرەیەکی تایبەت دەکرێتەوە و چەند فرمانێکی لەخۆگرتووە، بەم شێوەیە:




A– زیاد کردنی تراك. واتە: شوێن ڤیدیۆیەکی تر زیاد دەکات، وەك دەبینین لێرەدا شوێن ڤیدیۆکانمان 7 دانەیە، دەتوانین بەم ڕێگایە

زیادی بکەین.




B– بەپێچەوانەی فرمانی پێشوو، بۆ سڕینەوەی تراك.


C– لەپێشی یەکەم –تراك–ەوە سڕینەوە/زیادکردن هەبێت.

D– لەپاش کۆتا –ترك–ەوە سڕینەوە/زیادکردن هەبێت.

F– ژمارەی –تراك–ی سڕاوە/زیادکراو.

26- Video Proxy بۆ دیاریکردنی "ریزۆلەیشن" واتە: ووردی و ناسکی ڤیدیۆکە لەکاتی بینین دا. ئەرکی ئەم دوگمەیە لێرەدا چالاك کردنی ئەو قەبارەیە کەلەبەشی Smart Proxy دا دیاری دەکەین، ئەویش لەرێگای File: Preferences – Smart Proxy دەبێت. دواتر باسی دەکەین.

27- Timeline display Mode ئەم فرمانە چەند کارێکی گرنگ لەخۆدەگرێت و بەکلیك کردن لەم ئایکۆنە پەنجەرەی Timeline display Mode دەکرێتەوە کەئەم فرمانانەی لەخۆگرتووە:



***لەچوارچێوەی "شریتی خاڵی ئاماژەکان"دا ئەم دوو فرمانە دەرکەتوون:*** "واتە: فرمانی A لەگەڵ B "

A–دەرکەوتنی خاڵی ئاماژە بۆ دەسپێکردن. وەك دەبینین لێرەدا سێ خاڵمان داناوەو ئەرکی دەرکەوتن و بینینیان کەوتۆتە سەر ئەم فرمانە:





هەروەها ئەو ئەو سێگۆشەی کەلەتەنیشتەوە ئاماژەی بۆ کراوە هەمان ئەرکی لەئەستۆیە. بۆ سڕینەوەی ئەم خاڵانەش کرتەی چەپی ماوسەکە بکەو رایکێشە بۆ دەرەوەی ئەو هێڵەی کەتیایدا دروستکراوە، وەدروستکردنی ئەم خاڵانەش بەم شێوە دەبێت: ماوسەکە دەبەینە سەر ئەو هێڵەی کەخاڵەکانی لەسەر دادەنرێت، دەبینین سێگۆشەیەکی بچووك  لەژێری ماوسەکەوە دروست دەبێت، کەبەکرتەی چەپ لەهەر شوێنێکدا خاڵێکمان بۆ دادەنێت.


B- بەپێچەوانەی فرمانی پێشوو ئەرکی شاردنەوەی ئەم خاڵانەو بەدەرخستنی Chapter point لەخۆدەگرێ. بەهەمان سێگۆشەیش ئەنجام ئەدرێت.

***لەچوارچێوەی Videoدا ئەم فرمانانە دەبینرێن کەتایبەتن بەبەشی رەنگ لەڤیدیۆدا:*** واتە: فرمانەکانی "C,D,E,F,G,H,I,J"


C- بۆ بینینی فیلم بەشێوەیەکی خەت خەت و دەرکەوتنی بەتەواوەتی، بەم جۆرە:



D- بـۆ دەركـەوتنی فـیلم بەشـێوەیەك كەتـەنها لەهـەردوو تەنیشـتی پەنجەرەی "تایم لاین"دا ناوەڕۆكی فیلمەكە دەبینرێت، بەم جۆرە:




E- لەم حاڵەدا تەنها ناوی فیلم یاخود كلیپ دەردەكەوێت و ناوەڕۆكی شاراوەیە، بەم جۆرە وەك دەبینین تەنها ناوەكە كە2006ە دەركەوتووە:




F- بۆ دەركەوتنی هێڵی نێوان تراكەكان لەبەشی بینراودا.

G- بۆ دیاریكردنی قەبارەی ڤیدیۆ لەكاتی بینیندا. واتە: بەشی بینراو.

H- بۆ گۆڕینی رەنگی زەمینەی تراكەكان لەپشتی شریتی فیلمەكەوە.

I- بۆ گـۆڕینی رەنگـی شـریتی فیلمەكـە لـەكاتی چـالاك كردنی فرمـانی File name Mode دا.

J- بۆ گـۆڕینی رەنگـی شـریتی فیلمەكـە لـەكاتی چـالاك كردنی فرمـانی Thumbnail Mode دا.

*دواتر لەبەشی Audio دا ئەم فرمانانە دەبینرێن كەتایبەتن بەدەنگەوە*: واتە: فرمانەكانی "K,L,M,N,O,P"

K- بۆ دیاریكردنی قەبارەی Audio ، واتە: بەشی بیسراو.


L- بۆ گۆڕینی رەنگی زەمینەی تراكەكان لەپشتی شریتی "دەنگ"ەوە.

M- بۆ دەركەوتنی هێڵی نێوان تراكەكان لەبەشی بیسراودا.

N- بەپێچەوانەی فرمانیP، تەنها ناوی Audio دەبینرێت.


**O- - بۆ گۆڕینی ڕەنگی شریتی Audio لەكاتی چالاك كردنی فرمانی File name Mode دا.**

**P- بۆ بینینی دەنگ Audio بەشێوەی شەپۆل.**





**28- بۆ هەڵبژاردنی جۆری پاشەكەت Save كردن.**


======== ========= =======





**پاشان دێینە سەر شیكردنەوەی بەشێكی تری"تایم لاین" كەبەستوونی لەتەنیشتی چەپەوە دەركەوتووە، بەم جۆرە:**



**ئەم بەشە چەند دوگمەیەك لەخۆدەگرێت و ئەمەش ئەركەكانیانە:**



**ئەم دوو فرمانە بۆ گەورە كردن و بچووك كردنەوەی ڤیدیۆ بەكاردێت.**



**بۆ دەركەوتنی ڤیدیۆ پڕ بەپڕی پەنجەرەی "تایم لاین"**



**هەمان دەوری گەورە و بچووك كردن دەبینێت.**


**لەخوارترەوە دەبینین ژمارەی تراكەكان دەركەوتوون لەبەشی ڤیدیۆ و ئەیۆدیۆ دا "واتە: بەشی دەنگ و ڕەنگ" ، ئەم فرمانانە لەخۆدەگرن:**







دوگمەی تراکی ڤیدیۆکان.


بۆ شاردنەوە/ دەرکەوتنی ڤیدیۆ.


بۆ قوفل/ کردنەوە.


Solo بەچالاك كردنی ئەم دوگمەیە تەنها ئەم تراكە چالاك دەبێت لەبەشی ڕەنگ دا، بۆ لێدان و تەنانەت لەپاشەكەت كردنیش دا. "واتە: ئەگەر لەكۆی چوار پێنج مەلەفی ڤیدیۆیی ئەم فرمانەمان لەتراكی سێ دا چالاك كرد، پاشان لە دەنگ دا تراكی یەك چالاك بكەین، ئەوا لەكاتی لێدان و سەیڤ كردنیشدا تەنها ئەم دوو بەشی دەنگ و ڕەنگە سەیڤ دەبێت كەچالاك كراون".



ئەو دوگمانەی باسكراون لەبەشی ڕەنگ دا هەمان كاریان هەیە لەبەشی دەنگ دا. "واتە: Audio"




پاشان بەكرتەی ڕاستی مشكەكە ئەم كورتە لیستە دەكرێتەوە كەتایبەتە بە كەم و زیاد كردنی تراكەكان.

ئەم وێنەی قوفڵەش بەداخراوی هەردوو "سكرۆڵ باڕ"ەكەی خوار خۆی بەیەكەوە دەبەستێتەوە و پێكەوە دەجووڵێن لەكاتی ڕاكێشانی یەكێك لە سكرۆڵەكاندا.




# زیاد کردنی پەنجەرەی Timeline بۆ چەند پەنجەرەیەك

زۆر جار پێویستمان بەزیاد لەفایلێك هەیە لەبەرنامەیەکدا بۆ ئەوەی لەدوو لاوە یان زیاتر کار بکەین،بەڵام دەبینین لەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" دا ئەم کارە بەرێگایەکی جیاوازو تایبەت دەکرێت. "واتە وەك بەرنامەکانی تر لەرێگای New file یاخود Ctrl+N ەوە ناکرێت، چونکی لەم کاتەدا فایلی یەکەم دادەخات ئەوجار فایلی نوێ دەکاتەوە، وە کاری فایلەکانیش لەم بەرنامەیەدا بەم ڕێگایە نابێت لەپەنجەرەی Timelineەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت".




هەربۆیە پێویستە بزانین چۆن و بەچی رێگایەك پەنجەرەی Timeline زیاد دەکەین بۆ زیاد لەپەنجەرەیەك، وە چۆن پەنجەرەی زیادەش دەسڕینەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانە هەڵدەگرین:





وەك لەوێنەی سەرەوەدا دیارە کرتەی راست لەسەر Main Timeline دەکەین یاخود لەسەر ئەو بۆشاییەی بەتەنیشتیەوە دیارە، پاشان Create New Timeline هەڵدەبژێرین. دەبینین Timeline 1 دروست دەبێت. بەم جۆرە دەتوانین زیاد لەپەنجەرەیەك دروست بکەین.

هەروەها بۆ سڕینەوەی یەکێك لەپەنجەرەکان بەهەمان رێگا دەچینە سەر Close Timeline کرتەی چەپی لەسەر دەکەین.لەگەڵ ئەوەی ئەم لیستە چەند فرمانێکی تری لەخۆگرتووە هەر لەکۆتایی ئەم لیستەدا ناوەکەش دەگۆڕرێت.

# پەنجەرەی بەڕێوەبەری ئیفێکتەکان
# Effects Manager

پەنجەرەی بەڕێوەبەری ئیفێکتەکان Effects Manager چەند کارێك لەخۆدەگرێت تایبەت بەو جووڵەو کاریگەریانەی کەدەدرێن بەسەر وێنەو مەلەفە دەنگی و ڕەنگییەکاندا، جیا لەمەش ئیفێکتەکان بۆ خۆیان پەنجەرەی تایبەتییان هەیە، بەڵام لێرەدا هەندێك کاری تایبەت بەو بەشانە کۆکراوەتەوە.



ئەم پەنجەرەیە لەکاتی دانانی ئیفێکتێکدا چالاك دەبێت و کار دەکات. لێرەدا بەکورتی رووکارەکەی دەخەینە روو، بەڵام شیکردنەوەی لەکاتی باسکردنی ئیفێکتەکاندا بەوردە کارییەوە روون دەکەینەوە، چونکی هەرئیفێکتەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، گەر ئێمە بتوانین لەسەر پەنجەرەی تایبەتی یەکێك لەئیفێکتەکان کار بکەین ئەوا کاری ئەوانی تریشمان بۆ ئاسان دەبێت.

وەك دەبینین پەنجەرەی بەڕێوەبەری ئیفێکتەکان Effects Manager بۆ سێ بەش پۆلێن کراوە بەم شێوەیە:

1- Effect List لیستی ئیفێکتەکان.


2- کۆنترۆڵی دوگمەکان.

3- ناوچەی ڕێکخستنی ئیفێکتەکان کەهەر ئیفێکتەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

# پەنجەرەی ئیفێکتو کاریگەریەکان
# Production Library & Project tray


لەم پەنجەرەدا چەند بەشێك هەیە، هەربەشەو کۆمەڵێك ئیفێکتو کاریگەری جوانی لەخۆگرتووە کەدەدرێن بەسەر فایلە ڤیدیۆکان دا لەسەر دەنگ و رەنگ، ئەم ئیفێکتو کاریگەریانەش بەپێی جوولەو نەخشەسازییەکانیان هەریەکەو لەبەشی خۆیدا پۆلێن کراون بۆ چەند بەشو کۆمەڵێك. پاشان بەدانانی هەریەکەیان لەسەر ڤیدیۆکان دەتوانین پەنجەرەی تایبەت بەو ئیفێکتو جووڵەیە بکەینەوە، تاوەکو بەئارەزووی بەکارهێنەر گۆڕانکاری لەجووڵەو ئاڕاستەی ئیفێکتو کاریگەریەکان بکرێت. لەهەر ئیفێکت یان کاریگەریەکدا پەنجەرەیەك روونکراوەتەوە ئەگەرچی هەر ئیفێکتو کاریگەریەك بۆ خۆی پەنجەرەی تایبەتی هەیە، بەڵام لەفرمانە سەرەکیەکاندا هەموو یەکن.

هەروەها ئەم پەنجەرەیە دابەش بووە بۆ دوو بەشی سەرەکی، بەشێکیان بەناوی Production Library دەرکەوتووە کەکۆمەڵێك ئیفێکتو کاریگەری ئامادەکراوی تێدایە. بەشی دووەمیش بەناوی Project Tray دەبینرێت، کەلێرەدا دەتوانین خۆمان هەندێك ئیفێکتو فایلی ڤیدیۆو وێنەی تایبەت دابنێینو بەهەمیشەیی لەم گۆشەیەداو بەئامادەکراوی بمێنێتەوە.




ئێستا دێینە سەر پەنجەرەی Production Library کەئەم پەنجەرەش دوو پەنجەرەی لاوەکی لەخۆدەگرێت و تایبەتن بەبەشی ئیفێکتەکان و چەند ئیفێکتێکی ئامادەکراویان تێدایە، جگە لەوەی کەخۆمان دەتوانین چەند مەلەف و ئیفێکتێکی تایبەتی تێدا هەڵبگرین.

لەپەنجەرەی یەکەمدا Production Library ئەم فرمانانە دەبینرێن:




 Menu لەم لیستەدا چەند فرمانێکی تایبەت بەفایل و ئیفێکتەکان دەبینرێت، وەك تایبەتمەندی فایلەکان، دەستکاری کردنیان، سڕینەوە، گۆڕینی ناو...هتد

 چۆنیەتی بەدەرکەوتنی ئیفێکتەکان.

 بۆ هێنانی مەلەفی دەنگ ورەنگ و مانەوەی لێرەدا بەبەردەوامی، وەك ئەوەی بمانەوێ تایتلێکی ئامادەکراو لێرەدا هەبێت و لەپێشەکی فیلم و گۆرانییەکاندا دایبنێین.

 بۆ هێنانی دەنگ و مانەوەی لێرەدا بەبەردەوامی وەك فرمانی پێشوو.

 بۆ هێنانی وێنە و مانەوەی بەهەمان شێوەی پێشوو.

 بۆ هێنانی مەلەفی جۆری dvp.

 بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Trim Video Multi- تایبەت بەمەلەفی دەنگ ورەنگ و هەندێ کاری تایبەت بەڤیدیۆ.

 بۆ ناردنی ئەم بەشانە بۆ "تایم لاین".

پەنجەرەی دووەمی ئەم بەشە بەناوی Project Tray هەمان فرمانەکانی پەنجەرەی Production Library تێدا دووبارە بۆتەوە، بۆیە بەپێویستی نازانم باسیان لێوە بکەم، بەڵام باشتر وایە مەلەفە تایبەتیەکانی خۆمان لێرەدا پاشەکەوت بکەین، چونکی پەنجەرەی پێشوو تایبەتە بەمەلەف و ئیفێکتی بەرنامەکە.

پاشان وەك دەبینین لیستێك لای چەپەوە دەرکەوتووە و لەتەنیشتی





هەربەشێکەوە نیشانەی کۆ(+) دانراوە، بەکلیك کردن لەم نیشانەیە ناوەڕۆکی ئەو بەشە دەردەکەوێت. تەواوی بەشەکانی ئەم لیستەش ئەمانەن:

<u>Media Library-</u> ئەمیش سێ بەشی لەخۆگرتووە: "دەنگ ورەنگ، دەنگ، وێنە" کەهەریەکەیان مەلەفێکی وەك نموونە تێدایە و بەڕاکێشان و بەردانی لەناو تراکەکانی "تایم لاین" دا کاریان پێدەکرێت.

<u>Transition Effect –</u> لەخۆگری چەند بەشێکەو هەر بەشەو کۆمەڵێك کاریگەری


"ئیفێکت"ی تێدایە، ئیفێکتەکان پۆلێنکراون بۆ نزیکەی چواردە بەش، جگە لەوەی بەشێك لەخوارەوە دەرکەوتووە بەناوی Hollywood FX، ئەم بەشە واتە "هۆلیوود" هەمان ئەو بەرنامەیە کەپێشتر باسمان لەدابەزاندنی کردووە و وەك بەرنامەیەکی سەربەخۆ دادەبەزێت و دوای پەیوەست کردنی بە"میدیاستۆدیۆ"وە وەك بەشێك لێرەدا دەبینرێت و




کاری پێ دەکرێت وەك ئیفێکتەکان.


سەرەتا بۆ نموونە کارکردن لەسەر یەکێك لەم ئیفێکتانە روون دەکەینەوە،پاشان باسی "هۆلیوود" دەکەین.

دوای ئەوەی مەلەفێك دێنین "وێنە بێت یاخود دەنگ و رەنگ(ڤیدیۆ) گرنگ نییە" دەتوانین کاری لەسەر بکەین. بۆ ئەم مەبەستەیش بەهەریەك لەم سێ رێگایە مەلەفێکی دەنگ و رەنگ





دێنین:


دوای هێنانی مەلەفەکە لەشوێنێکدا بەمەقەستەکە [] دەیبڕین:





وەك دەبینین دەبێت بەدوو بەشەوە:




پاشان دەچینەوەسەر Clip Selection [] بەشی کۆتایی بەکرتەی چەپی ماوسەکە دەگرین و رایدەکێشین بەسەر بەشی یەکەم دا:





دوای لێکدانی دووبەشەکە ناوچەی لێکدراوی هەردووبەشەکە زەرد دەبێت، بەم شێوە:





خۆ ئەگەر ویستمان ئیفێکتێك بدەین بەدوو مەلەفی وێنە یاخود دەنگ و رەنگ هەمان ئەم هەنگاوانە دەنێین، بەڵام پێویست بەبڕین ناکات، چونکی خۆیان لەدوو بەش پێك هاتوون، راستەوخۆ بەشی دووەم دەدەین بەسەر بەشی یەکەمدا، یاخود بەپێچەوانەوە.

**تێبینی//**

**لەکاتی هێنانی بەشی دووەم بەسەر بەشی یەکەم دا دەبیٚ ئاگامان لەوەبێت کەهەندیٚ جار جۆری هێنانەکە لەبەشی دووەمەوە بۆ سەر بەشی یەکەم بەم جۆرە سەرکەتوو نابێت کەلێرەدا روونی دەکەینەوە: نابیٚ سووچی بەشی دووەم بگرین و رایکێشین بۆ سەر بەشی یەکەم لەو کاتەی ماوسەکە دەبێت بە دوو تیری روو بەیەك بەم جۆرەی کەدیارە:**





**بەڵکو دەبێت ناوەڕاستی بەشی دووەم بگرین و رایکێشین بەسەر بەشی یەکەمدا کەبەجۆرێکی تر ماوسەکە دەردەکەوێت و دەبێت بەچوار تیری بچووك بەم شێوەیە:**



دوای ئەوەی دوو بەشەکەمان لێکدا یەکێك لەئیفێکتەکان رادەکێشینە ناو بەشە لێکدراوەکە، بەم جۆرە:


کرتەی راست لەئیفێکتەکە دەکەین و رایدەکێشین بۆ ناو بەشەلێکدراوەکە، پەنجە لەسەر دوگمەی مشکەکە هەڵناگرین تادەگاتە شوێنی مەبەست، دەبینین ماوسەکە نیشانەی کۆ (+)ی لەژێردایە:




دوای ئەوەی پەنجە هەڵدەبڕین مشکەکە دەبێت بە دەستێکی چالاك، تاوەکو ئێستاش ئەم ئیفێکتە نەچووەتە شوێنی مەبەست:




دەبێ لەم کاتەدا کرتەیەکی چەپ بکەین لەناو بەشە لێکدراوەکە، پاشان دەبینین لەناوچەی لێکدراودا شوێنی خۆی دەگرێت، وەك دەرکەوتووە:



تێبینی// دوابەدوای ئەم هەنگاوە "واتە: دوای ئەوەی ئیفێکتەکە لەناوچەی لێکدراودا جێگیردەبێت" راستەوخۆ پەنجەرەی بەڕێوەبەری ئیفێکتەکان Effects Manager چالاک دەبێت، بەڵام بۆ کردنەوەی پەنجەرەی تایبەت بەئیفێکتەکەو گۆڕانکاری تیایدا، دوو چەپ کرتە دەکەین لەناوچەی لێکدراو" واتە: لەسەر ئیفێکتە دانراوەکە"، یاخود کرتەی راستی لەسەر دەکەین و




پاشان ....Transition Options هەڵدەبژێرین، بەهەردوو رێگاکە دەبینین پەنجەرەی تایبەت بەم ئیفێکتە دەکرێتەوە:





1- ئیفێکتەکە لەبەشی یەکەمەوە بۆ سەر بەشی دووەم دەشکێتەوە.

2- بەپێچەوانەی فرمانی یەکەم، لەدووەمەوە بۆ سەر یەکەم دەشکێتەوە.

3- ژمارەی لەت بوونی ئیفێکتەکە دیاری دەکات لە 1-8 بەشێوەیەکی ستوونی.

4- ژمارەی لەت بوونی ئیفێکتەکە دیاری دەکات لە 1-8 بەشێوەیەکی ئاسۆیی.

5- بەکرتەی ئەم ئایکۆنە لیستێك دەکرێتەوە و دەتوانین جۆری خێرایی ئیفێکتەکە دیاری بکەین بەم شێوە: ئاسایی، خێرا، خێراترو خێراترین.




6- بەچالاك بوونی ئەم دوگمەیە لەSample داو هەرلەناو ئەم پەنجەرەیە ئەنجامی کارەکەمان دەبینین.

7- بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئیفێکتەکە.

8- بەچالاك بوونی ئەم دوگمەیە جووڵەو ئیفێکتەکە لەپەنجەرەی Preview دا دەبینرێت.

9- بۆ دیاری کردنی خاڵی دەسپێکردنی ئیفێکتەکە.


10- بۆ ڕێکخستنی هەندێك فرمانی تر، لەپەنجەرەیەکی کەدا.

11- بۆ لێدان "Play".

12- تایبەتمەندیەکانی لێدان"Play".


13- بۆ بینینی ئەنجامی کارەکەمان پێش جێبەجێ کردن.

نموونەی ئیفێکتەکان:




# بەکارهێنانی "هۆلیوود"

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد "هۆلیوود" پەیوەست دەکرێت بە"میدیاستۆدیۆ"وە، پاشان وەك بەشێك لەبەرنامەکە دەردەکەوێت و کاری لەسەر دەکرێت. بەپێی ئەوەی ئیفێکتەکانی "هۆلیوود" زیاتر لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ئیفێکتەکانی Transition Effect هەربۆیە "هۆلیوود"یش وەك بەشێك لە Transition Effect دەردەکەێت. پاشان بۆ کارکردن لە"هۆلیوود"دا لەبەشی Transition Effect کرتە لە Hollywood FX دەکەین، لەتەنیشتەوە "هۆلیوود" وەك تەنها ئیفێکتێك دەردەکەوێت، بەم جۆرەی کەدیارە:





پاشان هەر وەك ئیفێکتەکانی بەشــی Transition Effect رایدەکـێشینە نێوانی ناوچەی لێکدراو . "واتە: ناوچە زەردەکە"




دوای ئەوەی ماوسەکە دەبێت بەدەستێکی چالاك، کرتەیەك لەبەشە لێکدراوەکە دەکەین، دەبینین "هۆلیوود" جێگیر دەبێت تیایدا. پاشان بۆ کردنەوەی پەنجەرەی "هۆلیوود" ئەم دوو ڕێگایە دەگرینە بەر:

1- دوو چەپ کرتە "واتە: دوو کلیکی لای چەپی ماوسەکە" لەسەر بەشی لێکدراو دەکەین.





2- کرتەی ڕاست لەسەر بەشی لێکدراوەکەین Transition Options... هەڵدەبژێرین.

بەهەر دوو ڕێگاکە پەنجەرەی ئیفێکتەکان دەکرێتەوە، لەوێشەوە دەچینە سەر Options... و کلیکی لەسەر دەکەین:




دوای ئەم هەنگاوە پەنجەرەی "Hollywood FX Gold" دەکرێتەوە. (واتە: لەم هەنگاوە بەدواوە دەچینە ناو بەرنامەی "هۆلیوود")




ئەم وێنەی سەرەوە رووکاری بەرنامەکەیە، وەك دەبینرێت بۆ سێ پەنجەرە پۆلێن کراوە، جگە لەوەی چەند ئایکۆنێك لەخوارەوە دەرکەوتوون، پەنجەرەکانیش ئەمانەن:




# Control

ئەم بەشە یاخود ئەم پەنجەرەیە نێوەندی زاڵبوونە بەسەر بەشەکانی تردا، بەتایبەتی پەنجەرەی سێهەم کەلەتەنیشتی لای راستەوە دەرکەوتووە.

هەریەك لەو بەشانەی کەلەلیستی control دا دەرکەوتوون وەك:

FX, Options, Media, Camera, Lights, Object & Surfaces

بەکرتە کردن لەهەریەك لەم بەشانە پەنجەرەی لای راست تایبەت دەبێت بەم بەشەو فرمانەکانی ئەم بەشە لەخۆدەگرێت:

* ئەگەر ئێمە کرتە لەم فرمانە بکەین، ئەوا دەبینین پەنجەرەی تایبەت بەفرمانەکانی ئەم بەشە دەکرێتەوە کەلەسەرەوەی نووسراوە FX

Catalog ، لێرەدا یەکێك لەکۆی ئەو هەموو ئیفێکتانە دیاری دەکەین و لەبەشەکانی تردا گۆڕانکاری تیادا دەکەین:




لەم وێنەی سەرەوەدا باشتر بۆمان روون بووەتەوە، کرتەمان لەفرمانی 2Faces Out کردووە لەبەشی FX، پەنجەرەی FX Catalog کراوەتەوە. لەم بەشەدا ئیفێکتەکان بەپێی جووڵەو کاریگەرییەکانیان پۆلێن کراون بۆ چەند لیستێك، بەکرتە"Click" کردن لەو سێگۆشە بچووکەی سەرەوە لیستەکە دەکرێتەوە.




پاشان لەبەشی خوارەوە ئیفێکتەکانی ئەم بەشە دەبینرێن، ئەگەر کرتە لەهەریەکەیان بکەین لەپەنجەرەی Monitor دا ئەو جووڵەیە دەبینین.

* ***Options*** لەم بەشەدا دوو فرمان دەبینرێت بەم جۆرە:

= Basic Options هەڵبژاردنە بنەڕەتییەکان: لێرەدا چەند هەڵبژاردن و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەجووڵەی ئیفێکتەکەدا دەکرێت، ئەم پەنجەرە بەچەند هێڵێکی کاڵ بۆ سێ بەش دابەش کراوە:

1- Easy Flight لەم گۆشەدا ئاڕاستەی جووڵەکان دەگۆڕین بۆ لای ڕاست یان چەپ یاخود بەپێچەوانەوە، یان خولانەوەیەکی زیاتر دەدەین بەمەلەفی جووڵاو.





2- Easy Lighting لێرەدا گۆڕانکاری لە ڕووناکی و سێبەرو هەڵهاتنی ئیفێکتەکەدا دەکەین.

3- Easy Options لێرەشدا چەند گۆڕانێك لەئیفێکتەکەدا دەکەین، بەتایبەتی لەبەشی Special Effects کۆمەڵێك گۆڕانکاری جوانتر بەجووڵەکان دەدرێت، وەك خاوکردنەوەو ڕەنگدانەوەی مەلەفەکە. پاشان لەخوار ئەم سێ بەشەوە دوو دوگمە بەرچاو دەکەون:

- Save as Default بەکلیکی ئەم دوگمەیە دەتوانین ئەم گۆڕانکارییەی کەبەتایبەت دروستمان کردووە پاشەکەوتی بکەین.

- Reset to Default بەم دوگمەیە هەموو فرمانەکانی ئەم بەشانە دەچنەوە باری ئاسایی. "واتە: ئەو بارەی کەیەکەمجار تێیدابوون"

- Advanced options هەڵبژاردنە پێشکەوتووەکان: لێرەدا هەمان گۆڕانکارییەکانی پێشوو بەرچاو دەکەونەوە، بەڵام دەتوانین بەشێوەیەکی ووردترو ناسکتر جووڵەکان ڕێك بخەین، ئەمە لەکاتێکدا کەنەماندەتوانی پێشتر بەم ووردەکارییە هەنگاو بنێین.







* ***Media* میدیا:** لەم بەشەدا ژمارەی مەلەفەکان دەردەکەون، بەدیاری کردن هەریەکەیان لێرەوە ئەوا لەپەنجەرەی Media Options دا مەلەفی دیاریکراو چالاك دەبێت بۆ گۆڕانکاری. دەتوانین مەلەفی ئەم بەشە بگۆڕین بۆ مەلەفێکی تر یاخود چەند گۆڕانکاریەکی تێدا بکەین. هەریەك لەمەلەفەکانی بەشی "میدیا" دوای دیاریکردنی هەمان ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە بۆگۆڕانکاری و دەستکاری کردنیان.





* ***Camera* کامێرا:** لەم بەشەدا تەنها فرمانێك بەدی دەکرێت بەناوی Main Camera کامێرای سەرەکی، لێرەدا بەکرتەکردنی ئەم فرمانە پەنجەرەی Camera Options چالاك دەبێت. لەم پەنجەرەیەدا دەست دەگرین بەسەر زوومی کامێراکەدا و بەئاراستەی 180 پلە زیاتر دەتوانین کامێراکە بسووڕێنین و رەنگی رووناکی کامێراکە دەگۆڕین.





هەڵکردنی رووناکیش بەدانانی نیشانەی راست لەتەنیشتی Use Standard Lighting دەبێت. ئەمەو جگەلەوەی دوای هەموو گۆڕانکارییەك دەتوانین بگەرێینەوە بۆ باری ئاسایی.


*** Lights** ***ڕووناکییەکان:*** سەرەتا دەبینی ئەم بەشە هیچ فرمانێکی تێدا نییە، دەبێت لەدوگمەکانی خوارەوەدا کرتەیەك بکەین لەدوگمەی Light، پاشان دەبینین پەنجەرەی بەشی ڕووناکی دەکرێتەوە.




چەند جار کرتە لەدوگمەی Light بکەین ئەوەندە پەنجەرەی ڕووناکی دەکاتەوە. وەك دەبینین دوو جار کرتەمان لێکردووە، پەنجەرەی **Light Options** کراوەتەوە و دەتوانین چەند گۆڕانکاییەکی تیادا بکەین، وەك گۆڕینی ئاراستەی ڕووناکییەکان لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر و ڕەنگ و بەهێزییان دەستنیشان دەکەین.




*** Objects & Surfaces** : لێرەدا دەبینین دوو بەشی سەرەکی هەیە بەناوی Back 2 – Flat 1 . بەکرتەکردن لە Back 2 پەنجەرەی Object Options دەکرێتەوە کەتایبەتە بەگۆڕانگاری لەمەلەفەکانی پشتەوەدا. وە بەکرتە کردن لە Flat 1 پەنجەرەی Surface Options دەکرێتەوە کەئەم پەنجەرەیان تایبەتە بەگۆڕانکاری لەمەلەفە تەختەکانی پێشەوەدا کەقابیل بەجووڵە و گۆڕانکاری زیاترن.



هەر لەهەمان پەنجەرەی "کۆنترۆڵ"دا و لەخوارەوە شەش دوگمە دەبینرێن:




– Move Up بردنی بەشی دیاریکراو بۆ سەرەوە.

– Move Down بردنی بەشی دیاریکراو بۆ خوارەوە.

– Clone... زیادکردنی بەشی دیاریکراو." واتە: ئەو بەشەی کەسەلێکت کراوە"

– Rename.. بۆ گۆڕینی ناو.

– Delete بۆ سڕینەوە.

– Save FX.. پاشەکەوت کردنی FXی گۆڕاو. "واتە: ئەو ئیفێکتەی گۆڕانکاریمان تیادا کردووە"


# Monitor

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ كراوە یەكێك لەپەنجەرە سەرەكییەكانی "هۆلیوود" پەنجەرەی "مۆنیتۆر"ە، لەسەرەوەدا چوار دوگمەی گرنگ دەبینرێن كەهەریەكەیان لەلایەكەوە وێنەكان نیشان دەدات، بەم جۆرە:





**- Camera :**

لێرەوە وێنەكان وەك خۆیان بەشێوەیەكی ئاسایی لەچاوی كامێراكەوە لەپێشەوە دەبینرێن. بەهەمان ئەو جۆرەی كەلە شاشەی تەلەفیزیۆنەكەوە دواتر دەردەكەوێت.





**- Perspective :**

بەچالاك بوونی ئەم دوگمەیە لەتەنیشتی راستەوە جوانترو ووردتر جووڵەكان دەبینین و ئاگامان لەهەرجووڵەیەكی ئیفێكتەكەیە كەبەهەر ئاراستەیەكدا دەڕوات. باشتر وایە لێرەوە ئاگاداری جووڵەكان بین لەكاتی گۆڕانكارییەكان دا.




**Top –:**


لێرەوەبەوردی ئاگامان لەئیفێکت و جووڵەی وێنەکانە، بەشێوەیەك کەلەسەرەوە وێنە و کامێراکەش دەبینرێت، وەهەر لێرەوە زەمینەی کامێرا و وێنەکان دەرکەوتووە، تاوەکو بتوانرێت بەوپێیە زوومی کامێراکە باشتر سەیتەرە بکرێت بەسەری دا.




**Slide – :**

بەم دوگمەیە دەتوانین لەگۆشەیەکی ئیفێکتەکەوە بڕوانین بۆجووڵە و وێنەکان و مەدای دیتنی کامێراکەش بەهێڵێکی شینی بڕ بڕ دیاری کراوە، هەرکاتێك وێنەکان لەو دوو هێڵە دەرچوون ئەوا لەچاوی کامێراکەیشەوە نابینرێن.

لەخوارەوەی پەنجەرەی "مۆنیتۆر" چەند دوگمەیەك دەبینرێن، کاری ئەم دوگمانەش لێدانی مەلەفەکەیە، بۆ ئەوەی ئەنجامی گۆڕانکارییەکان ببینین.



پاشان لەخوارەوەی بەرنامەکەدا چەند دوگمەیەك دەرکەتوون، کەکاری هەریەکەیان گرنگی خۆی هەیە، بەم جۆرە:





- Black FX: بۆ نیشاندانی زەمینەی ئیفێکتەکان.
- Plugin..: بۆ هێنانی "پلٚەجین". کاتێك چالاك دەبێت کە"پلٚەجین"مان دابەزاندبێت.
- 3D Object: بۆ زیادکردنی Objects & Surfaces
- Null Object: بۆ زیادکردنی بەشێکی تایبەت لە Object & Surface دا.
- File Media: بۆ هێنانی فایلی میدیا.هەمان کاری Select File دەکات لەپەنجەرەی Media Optionsدا.
- Host Media: بۆ دیاری کردنی تراکە سەرەکیەکانی "میدیا"، ئەو تراکانەی کاری سەرەکییان لەسەر دەکەین. هەمان کاری Select track دەکات لەپەنجەرەی Media Optionsدا.
- Light بۆ دانانی رووناکی.
- 3D Text بۆ نووسینی تێکست.

بەکلیك کردنی ئەم دوگمەیە پەنجەرەی تایبەت دەکرێتەوە بۆ نووسین، کەدەتوانین تێکست لەسەر ڤیدیۆکان دابنێین و شوێنی تێکستەکەش لەگۆشەکان یاخود لەناوەڕاست دا دیاری بکەین. پەنجەرەی تێکستیش بەم جۆرە دەبینرێت و کاری لەسەر دەکرێت:




لەبۆشاییە سپییەکەدا تێکستێك دەنووسین، لە Select Fontدا جۆرو




قەبارەی نووسین هەڵدەبژێرین،

لەو چوار رەنگەدا پێشەوەی تێکست و


دواوە و تەنیشتەکانی رەنگ دەکەین

پاشان هەریەك لەو فرمانانەی تر

بەکاردەهێنرێن بۆ جوانترکردنی

تێکستەکە، لەهەنگاوی کۆتایدا کرتە دەکەین

لەدوگمەی Create and Save، لێرەدا پەنجەرەیەك دێتە پێشەوە لەفۆڵدەری تێکست دا بۆمان پاشەکەت دەکات، دوای ئەوەی کرتە لە Save دەکەین لەسەر وێنەکە تێکستەکە دەردەکەوێت.



لەدوای دانانی تێکست و نووسینەکان دوو دوگمە بەناوی
–undo Object Parent Change – Redo Object Parent Change
لەخواری "3D Text"ەوە چالاك دەبن، ئەرکیان گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەیە لەکارەکان.





– Upgrade Now: ئەم فرمانە بۆ نوێ کردنەوەی بەرنامەکە بەکاردێت لەڕێگای ئینتەرنێتەوە. ئەگەر "ریجیستری"یەکەی تەواو نەبێت ئەوا لێرەدا Registry Now چالاك دەبێت.

– Envelope Editor: ئەم فرمانە بەشێوەی هێڵکی لارو چەماوە دەرکەوتووە و ئەرکی ڕێکخستنی و




بینینی فرەیم و چرکەکانی ئیفێکتەکەیە، چەند کارێکی تایبەتی لەخۆگرتوو. هەر بەکلیك کردن لەهەمان دوگمە ئەم پەنجەریە شاراوە دەبێت و دەشارێتەوە.





– Settings: بۆ ڕێکخستنی بەرنامەکە بەشێوەیەکی وەها کە هەمیشە بەو جۆرە بمێنێتەوە.

– About...: بۆ نیشاندانی زانیاری تەواو دەربارەی بەرنامەکە، وەك ناو و ژمارەی نهێنی و کۆد و ڤێرژن "اصدار"ی بەرنامەکە.

– OK: بۆ جێبەجێ کرنی کارەکان.

– Cancel: بۆ پەشیمان بوونەوەو رازی نەبوون.

ئەم فرمانە کۆتا فرمانی پەنجەرەی "هۆلیوود" بوو کەباسمان لێوە کرد. دوای ئەوەی کرتە لەدوگمەی OK دەکەین دەگەڕێینەوە بۆ پەنجەرەی Hollywood FX Gold، واتە: ئەو پەنجەرەی کەیەکەمجار لێیەوە هاتینە ناو "هۆلیوود"، هەر لێرەشدا رێگای ئەوەمان پێدراوە چەند گۆڕانکارییەك لەو ئیفێکتەدا بکەین کەلە"هۆلیوود"دا چاکمان کردووە، بەم جۆرە:




شیکردنەوەی دوگمەو فرمانەکانی ئەم پەنجەرەیە پێشتر لەبەشی Transition Options دا بەوردی روون کراوەتەوە، بۆیە بەپێویستی نازانم لێرەشدا باسی بکەمەوە، تکایە بگەڕێرەوە بۆ ئەو بەشەی پێشوو.


دوای ئەوەی هەندێك گۆڕانکاری ترمان لێرەیشدا کرد کرتە لەدوگمەی OK دەکەین و دەگەڕێینەوە بۆ پەنجەرەی سەرەکی "میدیاستۆدیۆ"، پاشان Play دەکەین بۆ دیتنی کارەکەمان.

لێرەدا کۆتایمان هێنا بەشیکردنەوەی بەشی Translation Effects کەیەکێك بوو لەبەشەکانی Production Library، وە"هۆلیوود"یش لەو بەشەدا بوو "واتە: بەشی Translation Effects"، بۆیە هەرلەوێدا باسمان لێوە کرد. لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەر شیکردنەوەی بەشەکانی تر لەProduction Library دا.

– **Moving Path**: لەم بەشەدا جۆرە ئیفێکتێکی تری جیاواز لەئفێکتەکانی تر دەدەین بەسەر ڤیدیۆکاندا.بەهەمان بەشی پێشوو بەمشکەکە "ماوس" کرتە دەکەین لەو نیشانەی کۆ "زائید"ە کەلەتەنیشتی Moving Path دا دەرکەوتووە، بەهەمان شێوە ئیفێکتەکانی ئەم بەشەیش بەپێی جووڵەکانیان پۆلێن کراون بۆ چەند





بەشێك، هەر وەکو بەشەکانی تر. ئەو ئیفێکتەی کەدەمانەوێت دایبنێین رایدەکێشین بۆ سەر یەکێك لەفایلە ڤیدیۆکان، چۆنیەتی دانانی ئەم جووڵانە جیاوازن لەدانانی ئیفێکتەکانی تر، بەڵکو لێرەدا بەتەنها لەسەر یەك ڤیدیۆ دایدەنێین و راستەوخۆ لەپێشی فایلەکەوە نیشانەی M دەردەکەوێت کەهێمایە بۆ ئەوەی ئەم ڤیدیۆیە ئیفێکتی Movingی لەسەرە.




جووڵەکانی ئەم بەشە زۆرن و جیاوازن، بۆ نموونە ئێمە دەمانەوێت چوار ڤیدیۆ لەشاشەیەکەوە ببینین، ئەوا بۆ ئەم کارە پێویستمان بەم بەشە دەبێت، بەم جۆرە:

دوای ئەوەی چوار فایلی ڤیدیۆی جیاواز دێنین، لەشوێن تراکەکاندا دایاندەنێین، گرنگ نییە دانانەکە لەشوێن تراکەکاندا بەتەسەسول بێت یانا "واتە: لەیەکەوە تاوەکو چوار"، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەڤیدیۆکان بەسەریەکەوە دانرابن، وەك ئەم وێنەیە کەچوار ڤیدیۆمان هێناوەو چوار ئیفێکتمان داوە بەسەریاندا. لەبەشی Picture in Picture دا چوار ئیفێکتی وەستاو کەهەریەکەو لەگۆشەیەکدایە رامانکێشاوەتە سەر هەر یەك لەڤیدیۆکان.




دواتر کە Play دەکەین، دەبینین بەم جۆرە چوار ڤیدیۆ هەریەکەو لەگۆشەیەك دا ئیش دەکەن ئیفێکتی وەستاو هێنراوە بۆ ئەم کارە، دەتوانرێت جووڵاویش بهێنرێت.






– **Overlay:** لێرەدا چەند ئیفێکتێکی تر هەیە کەبەهەمان شێوەی پێشوو دەدرێن بەسەر ڤیدیۆکاندا، کاریگەری جوانیان لەسەر دروست دەکرێت. دوای دانان و راکێشانی هەریەك لەم کاریگەریانە دەتوانین بەچەند ڕێگایەك پەنجەرەی Overlay بکەینەوە و گۆڕانکاری لەو کاریگەریەدا بکەین کەدامان ناوە.

دوای راکێشانی کاریگەریەکە و بەردانی لەسەر یەکێك لە ڤیدیۆکان نیشانەی Overlay لەسەرەتای ڤیدیۆکەوە دەبینرێت:




پاشان بەم جۆرەی خوارەوە کاریگەریەکان راستەوخۆ لەسەر ڤیدیۆکان دەردەکەون، ناوەوەی کاریگەریەکان ڤیدیۆکەیە و دەرەوەی زەمینەیەکی رەشە،ئەگەر دوو ڤیدیۆ بەسەریەکەوە نەبوون، وەك لێرەدا دەرکەوتوون:


16:9


Heart


Star



Halo


Canvas


Round


ئەگەر ویستمان بۆ جوانتر کردنی ئەو ڤیدیۆی کەبەرهەمی دێنین زەمینەی کاریگەریەکەش ببێت بە ڤیدۆیەکی تر، "واتە: دوو ڤیدیۆی تێکەڵ بێت"، ئەوا ئەم ڕێگایە دەگرینە بەر:


دوو فایل دەکەینەوە، پاشان هەردوو فایلەکە بەسەر یەکەوە دادەنێین، کاریگەریەك لەبەشی Overlay دێنین بۆ سەر ڤیدیۆی سەرەوە، بەم جۆرە:




پاشان کلیکی ڕاست لەسەر ڤیدیۆی سەرەوە دەکەین، لیستێك دەکرێتەوە، دەچینە سەر فرمانی Overlay Options،

دوای کرتە کردن لەم دوگمەیە پەنجەرەی Overlay Options دەکرێتەوە. وەك دەبینین چەند گۆڕانێکی تایبەتی تێدا دەکرێت. لە Gammaدا شەفافی و زبری لێوارو تەنیشتی کاریگەریەکان دیاری دەکەین.



له Transparencyدا ڤیدیۆی سەرەوە کاڵیو تۆخییەکەی دیاری دەکەین. دەتوانیت بەکارکردن لەم پەنجەرەدا باشتر شارەزابیت، بەڵام ئەوەی گرنگبێت ئەوەیە: ئەگەر فرمانەکانی ئەم پەنجەرەیە چالاك نەبوون ئەوا هەر لەپەنجەرەکەدا کرتەیەك بکە لەو زائیدەی(+) کەلەژێر شاشەی راستەوە دەرکەوتووە:



دواتر هەموو ئەو فرمانانەی کەپێوەندیان بەم بەشەوە هەیە چالا دەبن.













**– Video Filter**: بۆ هێنانی فیلتەری جۆراوجۆر بۆ سەر ڤیدیۆکان.





وەك هەریەك لەبەشەکانی پێشوو یەکێك لەم فیلتەرانە بە"دراك و دروّپ" رادەکێشان و بەردان لەسەر ڤیدیۆکان دادەنێین، پاشان وەك کاریگەریەکانی پێشوو نیشانەی ئەم کاریگەریەش لەسەر ڤیدیۆکە دەردەکەوێت، بەڵام لێرەدا پیتی Fی لەسەرە، کە هێمایە بۆ :Video Filter




بۆ نموونە لێرەدا فیلتەری Bubble-Special مان راکێشاوەتە سەر ئەم ڤیدیۆیە، ئەم فیلتەرەیش چەند دلۆپە ئاوێکە بەسەر وێنەکەدا دەڕۆن، لێرەدا رێگای ئەوەمان پێدراوە کەئەو دلۆپانە کەم و زۆر بکەین و ئەو رووناکیەش بگۆڕین کەدەدات لە دلۆپەکان، وە چەند گۆڕانێکی تریشی تێدا دەکرێت. ئەم گۆڕانکاریانەش لەرێگای پەنجەرەی تایبەت بەم فیلتەرەوە دەکرێت، بەم جۆرە:




دوای راکێشانی فیلتەرەکە کرتەی راست بکە لەسەر فایلە ڤیدیۆکە، ئەگە فایلەکەت چالاك نەبوو ئەوا پێشا کرتەی چەپی لەسەر بکەو پاشان کرتەی راست بکە. لەو لیستەی دەکرێتەوە Video Filters هەڵبژێرە، پاشان پەنجەرەیەکی بچووك دەکرێتەوە لەو پەنجەرەدا کرتە بکە لەسەر دوگمەی ..Options :





بەکرتە کردن لە..Options دەچینە ناو پەنجەرەی تایبەت بەم فیلتەرەوە، بەلام دەبێت ئەوە بزانین کەهەرفیلتەرەو چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەر بۆیە لەپەنجەرەی فیلتەرەکانیشدا هەندێك جار چەن دوگمەیەك چالاك نابن. واتە: لێرەدا کارناکەن. پاشان دەگەڕێینەوە سەر باسکردنی پەنجەرەی فیلتەری Bubble، بەم شێوەیە:




سەرەتا ئەگەر دوگمەکان چالاك نەبوون بەهەمان شێوەی پەنجەرەی Overlay بەمشکەکە کرتەیەك بکە لەو نیشانەی زائیدە(+) کەلەژێر شاشەی چەپدایە، بەم کارە راستەوخۆ خاڵێکی چالاك لەو شوێنەدا دروست دەبێت و هەموو دوگمەکان چالاك دەبن.

دوگمەکانی ئەم سندووق "Box"ە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکراون، هەریەکە لەوانیش دوو بەشی لاوەکی لێدەبێتەوە:

– Basic: لەم بەشەدا بەهۆی فرمانەکانی Effect control کەچوار فرمانی لەخۆگرتووە دەتوانین ژمارەو قەبارەی دڵۆپەکان کەم و زۆر بکەین. لەبەشی Particle attribute دا دەتوانین رەنگی رووناکییەکان و ئاراستەکانی ئەو رووناکیانە بگۆڕین کەدەکەونە سەر دڵۆپەکان، وە زبری و شەفافی دڵۆپەکان دەستکاری دەکرێت.




– Advanced: لێرەدا دوای چالاك كردنی Directional بەهۆی فرمانی ئـەم بـەشـەوە خـێرایـی و جـووڵە و ئـاڕاستـەی دڵـۆپـەكـان دەگـۆڕیـن كەلەكام تەنیشتەوە بۆ كام تەنیشت بڕۆن. وە لەفركانەكانی بەشی Emitter دا دەتوانین خاڵی دەسپێكردنی دڵۆپەكان دیاری بكەین، وەك ئەوەی كەبمانەوێت لەبری ئەوەی دڵۆپەكان لەخوارەوەی وێنەكەوە بۆ سەرەوە بڕۆن بەڵكو هەر لەناوەڕاستی وێنەكەوە بۆ هەر چوارلا بلاوە بكەن. دوای چالاك كردنی بەشی Emitter چوارگۆشەیەكی بچووك لەناوەڕاستی شاشەی لای چەپەوە دروست دەبێت، بەگرتن و راكێشانی بۆ هەر تەنیشتێك ئەو تەنیشتە دەبێت بەخاڵی دەسپێكردنی جووڵەی دڵۆپەكان.

ئەو دوگمانەی كەلێرەدا كاریان باس نەكراوە لەبەشەكانی تردا روونكراونەتەوە، بەپێویستی نازانم دووبارە باسیان بكەمەوە.




Rain-Special

نموونە



Bubble-Special



Diffraction-Camera Lens


## – Video Filter: بۆ دانانی فیلتەری دەنگ.




وەك بەشەكانی پێشوو بەراكێشان و بەردان ئەم فیلتەرانە دەچنە شوێنی مەبەست، ئەم فیلتەرانە تایبەتن بەدەنگەوە، تەنها لەسەر فایلە دەنگیەكان دادەنرێن.





بۆنموونە/ لێرەدا فیلتەری Amplify-Predefined مان راكێشاوەتە ناو تراكی دەنگەوە، ئەم فیلتەرە بۆ كەم و زۆر كردنی دەنگە، بەم جۆرە: دوای هێنانی فیلتەرەكە بۆ سەر "ئەیۆدیۆ" كرتەی راست لەسەر فایلە دەگیییەكە دەكەین، فرمانی Audio Filters هەڵدەبژێرین، پەنجەرەی Audio Filters دەكرێتەوە، لەو پەنجەرەیەدا كرتە دەكەین لەدوگمەی Options ، پاشان پەنجەرەیەكی بچووكتر دەكرێتەوە بەناوی فیلتەرەكەوە، "واتە: Amplify " لەوێدا دەتوانرێت دەنگەكە لە100٪ كەم بكرێتەوە بۆ 1٪ یاخود لە100٪ زۆر بكرێت بۆ 2000٪ وەك دەبینن ئێمە لێرەدا دەنگەكەمان لە 100٪ زۆركردووە بۆ 500٪ . هەر لەوێشەوە دەتوانیت Play بكەیت وگوێ بگریت.




# سڕینەوەو لابردنی ئیفێکتو کاریگەریەکان


دوای باسکردنی چۆنیەتی هێنانو دانانی ئیفێکتو کاریگەریەکان واپێویست دەکات چۆنیەتی سڕینەوەکانیشیان بزانین. چونکی هەندێ جار پەشیمان دەبینەوە لەو کاریگەریانەو دەمانەوێت بیانسڕینەوە. بۆ ئەم کارەش ئەم هەنگاوانە هەڵدەگرین:

وەك دەبینین لێرەدا سێ ئیفێکتو کاریگەریمان داوە بەم پارچە ڤیدیۆیەدا:




بەڵام دوای دانانیان پاشگەزبووینەتەوەو دەمانەوێت دانەیەکیان یاخود هەر سێکیان بسڕینەوە. دەبێت کرتەی ڕاست لەسەر ڤیدیۆکە بکەین، پاشان Delete Attributes هەڵدەبژێرین، دەبینین سندوقێکی بچووك بەم ناوەوە کراوەتەوە، لەم سندوقەدا چوار بەش لەئیفێکتو فیلتەرو کاریگەریەکان دەرکەوتوون، ئەم چواربەشە تەنها لەم ڕێگایەوە دەسڕێنەوە، بەم شێوەیە:




هەریەك لەم بەشانە ئەگەر نیشانەی ڕاست لەتەنیشتی دانرابوو ئەوا ڕاستەوخۆ بە OK کردن دەسڕێتەوە، ئەگەر ویستمان دانەیەکیان بمێنێتەوە ئەوا نیشانە ڕاستەکەی لەسەر لادەبەین. وەك ئەوەی ئێستا کراوە، تەنها Moving path ماوەتەوە:



بۆ سڕینەوەی ئیفێکتەکانی بەشی translation Effect کە"هۆلیود" یش بەشێکی لاوەکییە لێرەدا دەبێت بەڕێگایەکی تر بیانسڕینەوە، هەروەکو چۆن پێشتر باسمان لەهەنگاوەکانی دروسکردنی ئەم ئیفێکتانە کرد بەهەمان شێوەی دروسکردنەکەیش دەسڕێتەوە، بەم جۆرە:

ووتمان ئەبێت دوو ڤیدیۆ بێنین یاخود ڤیدیۆیەك بەمقەستەکە بکەین بەدوو بەشەوە، دەبێت ئەو دوو ڤیدیۆیەش هەردووکیان لەیەك تراکی ڤیدیۆکاندا دابنرێن، "واتە: لەتەنیشتی یەکەوەبن" بەمشکەکە کرتەی چەپ بکەین لەسەر یەکێکیان و رایکێشین بۆ سەر بەشەکەی تر، ئەو نێوەندەی کەهەردوو ڤیدیۆکە پێکەوە دەبەستێتەوە پێی دەگوترێ "نێوەندی لێکدراو" ئیفێکتەکە لەم نێوەندەدا دروست دەبێت، چەندێك ئەم نێوەندە فراوانبێت ئیفێکتەکەش هێندە فراوان دەبێت "ئەم هەنگاوانە پێشترو لەشوێنی خۆیاندا بەوێنەوە روونکراونەتەوە".


لەکاتی سڕینەوەی ئەم ئیفێکتەشدا تەنها بەمشکەکە کرتەی چەپ دەکەین لەسەر یەکێك لەڤیدیۆکان و بەئاراستەی دەرەوەی بەشەکەی تر رایدەکێشین، بەجیابوونەوەی هەردوو ڤیدیۆکان ئیفێکتەکەش نامێنێت.

لێرەدا باسکردن و شیکرنەوەی فرمانەکانی ئەو چوار پەنجەرە سەرەکییەی کە"میدیاستۆدیۆ"یان پێکهێناوە بەوردی خراونەتە روو، جگە لەو پەنجەرانەش چەند پەنجەرەیەکی تر لەم بەرنامەدا هەیە کاریان پێدەکرێت و دەهێنرێنە ریزی پەنجەرەکانی ترەوە، ئەم پەنجەرانەش بۆخۆیان جێگای گرنگی پێدانن بەم جۆرە:

# پەنجەرەی
# Quick Command

ئەم پەنجەرە چەند فرمانێکی لەخۆگرتووە کە خێراتر دەمانگەیەنێتە شوێنی مەبەست کاتێک کەچالاك کرابێت و دەرکەوتبێت، چۆنیەتی دەرکەوتنیشی بەم شێوە دەبێت:

لەشریتی بەڕێوەبەری تابلۆکان "Panel manager" دا کرتە دەکەین لەو ئایکۆنەی کەوێنەی ئەستێرەیەکی لەسەرە، لەتەنیشتی راستی بەرنامەکەوە ئەم پەنجەرە دەردەکەوێت، بەم جۆرە:




دوای دەرکەوتنی دەتوانین بەماوسەکە تەنیشتی سەرەوەی بگرین و رایکێشینە دەرەوە و گەورەی بکەین تاوەکو جوانتر ببینرێت، وەك دەبینین لەهەشت فرمان پێکهاتووە:





- Open بۆ کردنەوەی ئەو فایلانەی بەفۆرماتی dvp و فۆرماتی ئەم بەرنامەیە خەزنکراون.
- Save بۆ خەزنکردنی فایلی چالاك بەفۆرماتی dvp.
- Audio File بۆ هێنانی دەنگ.
- Audio Filters بۆ کردنەوەی پەنجەرەی فیلتەری دەنگ، کاتێ کاردەکات تراکێکی دەنگ چالاك بوو بێت.

- New بۆ كردنەوەی پەڕەیەكی نوێ.
- Open هەمان فرمانی سەرەوەیە، هەندێك جار دووبارە دەبنەوە.
- Delete Attributes بۆ كردنەوەی سندوقی سڕینەوەی فیلتەرو كاریگەریەكان. كەمێك لەمەوبەر باسمان لێوە كرد.
- Audio Mixing Panel بۆ كردنەوەی پەنجەرەی ڕێكخستنی دەنگ. ئەم پەنجەرەش وەك هەمان پەنجەرەی Quick Command پەنجەرەیەكی سەربەخۆیە، دوای ئەم فرمانانە باسی لێوە دەكەین.

پاشان دەتوانین لەو بۆشاییەی كەلەخوارەوە دەركەتووە كرتەی ڕاست بكەین و هەندێك گۆڕانكاری لەفرمانەكانی ئەم پەنجەرەیەدا بكەین.


لە Layout Options گۆڕانكاری دەكرێت لەژمارەی دوگمەكان دا.

لە Modify دەتوانین یەكێك لەم فرمانانەی سەرەوە بسڕینەوە یاخود فرمانێكی تری بۆ زیاد بكەین. ئەو دوو فرمانەی تریش بۆ هێنان و پاشەكەوتكردنی ئەو بەشەیە كەدەیهێنین.



# پەنجەرەی
# Audio Mixing Panel


ئەم پەنجەرە تایبەتە بەدەگ و گۆڕانکاریەکانی، لێرەدا ڕێگای ئەوەمان پێدراوە بەپێی کارەکەمان گۆڕانکاری لەکپکردن و بەرزو نزمی دەگەکاندا بکەین. بۆ هێنانی ئەم پەنجەرەش دەچینە سەر شریتی Panel manager ، کرتە دەکەین لەئایکۆنی Audio Mixing Panel ، لەتەنیشتی پەنجەرەکانی ترەوە ئەمیش چالاك دەبێت و دەردەکەوێت، وەك لەم وێنەدا دەرکەوتووە:




ئەو ئایکۆنانەی لەسەرەوە دەرکەوتوون تایبەتن بەلێدان "ئیشپێکردن" بەچەند جۆرێك، وەك لەوێنەکەی خوارەوەدا ڕوونتر دیارە دەبینین بەئەندازەی ژمارەی تراکەکان لێرەش "ئەیۆدیۆ" هەیە، وەهەر یەکەو ژمارەی تراکی لەسەرە.

لێرەدا ئێمە سێ ترکمان هەیە ، هەرسێکیان دەرکەوتوون.


کاری ئەم پەنجەرەیەش هێندە گران نییە، بۆیە بەپێویستی نازانم زۆر درێژەی پی بدەم، گرنگترین فرمانەکانی ئەمانەن:




ەم لیستە چەند دوگمەیەکی بچووکی لەخۆگرتووەو بۆ ئیشکردنی تراکەکانە بەچەند جۆرێك دانراون.



Master Mode بۆ دیتنی "ماستەر مۆود" بەتەنها ، بێئەوەی تراکەکانی تر دەرکەون.


Options هەندێك هەڵبژاردنی تایبەت بەم پەنجەرەی لەخۆگرتووە.


Pan/Balance بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی دەنگ بۆ لای ڕاست و چەپ.


Mute بۆ بێدەنگ کردن.



Solo بۆ چالاك کردنی تەنها ئەم تراکە لەکاتی لێدان دا.


بۆ کەم و زیاد کردنی قەبارەی دەنگ.


Clear Automation بۆ سڕینەوەی گۆڕانکاریەکان.


Apply بۆ جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییەکان.

# شریتی پێوەرەکان
# Standard Toolbar




1- New بۆ کردنەوەی فایلی نوێ بەچەند فۆڕماتێکی جیاواز.

2- Open بۆ کردنەوەی فایلی پاشەکەتکراو بەفۆڕماتی dvp.

3- Save بۆ پاشەکەوتکردن بەفۆڕماتی dvp "Digital Video Project files"

4- Cut بۆ بڕینی بەشێکی دیاریکراو.

5- Copy بۆ لەبەرگرتنەوەی بەشێکی دیاریکراو.

6- Paste بۆ دانانەوەی ئەو بەشەی کەبڕاوە یان کۆپی کراوە.

7- Undo بۆ گەڕانەوە.

8- Redo بۆ پاشگەزبوونەوە لەو گەڕانەوەی پێشوو.

9- Find Clip بۆ دۆزینەوەی کلیپ "پارچە فیدیۆیەك". ئەگەر لەمەلەفێکدا چەند پارچە ڤیدیۆیەك هەبوون بەم ڕێگایە زۆر بەئاسانی ئەدۆزرێتەوە، ئەرگەچی چەند دەقیقەو کاتژمێریشیان بەین بێت.

10- Find Next بۆ دۆزینەوەیەکی تر.

11- Create Video File بۆ پێکهێنانی ڤیدیۆ. ئەم فرمانە زۆر گرنگە، لەداهاتوودا و لەباسێکی سەربەخۆدا روونی دەکەینەوە.


12- Project Settings بۆ ڕێکخستنی فۆڕماتی پەڕەی چالاك.

13- Ulead Home Page بۆ کردنەوەی پێگەی "یولید" لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

14- Context Sensitive help بۆ یارمەتی ڕێنوێنی کردن.

# شریتی بەڕێوەبەری تابلۆکان

# Panel Manager




1- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی بینین Preview.

2- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Source.

3- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Quick Command Panel.


4- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Auto Mixing Panel.

5- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Production Library.

6- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Effects Manager.

7- بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Timeline بەسەربەخۆیی.

8- کردنەوەی لیستی Layout Template. لەم لیستەدا پێنج جۆر ڕێکخستن هەیە بۆ تابلۆکان. "واتە: دەتوانین بەپێنج شێوەی جیاواز ئەم پەنجەرانە ڕێك بخەین" ئەو شێوەی کەیەکەمجار دەرکەوتووە بەوپێوەرەیە کەماوسەکەی لەسەرە لەم وێنەی خوارەوەدا:



# شریتی لیستەکان

# Menu bar




ئەم شریتە (11) لیستی لەخۆگرتووە، ئەو لیستانەیش هەریەکەو کۆمەڵێك فرمانو کاری جیاوازیان تیایە، هەندێك لەو فرمانانەش لەبەر گرنگیو زۆر بەکارهێنانیان لەکاتی کاردا لەڕووکاری بەرنامەکەدا خراونەتە ڕوو، وەپێشترو لەشوێنی خۆیاندا شی کراونەتەوە، بەڵام هێشتا زۆرێك فرمانی تر لەم لیستانەدا هەنو باس نەکراون، هەوڵ ئەدەم گرنگترین فرمانەکانی ئەم لیستانە بەپێی پێویستی کارەکان روون بکەمەوە.




## لیستی *File:*

– **New** بۆ کردنەوەی پەڕەی نوێ.

– **Open** بۆ کردنەوەی فایلی پاشەکەوتکراو.


– **Restore** گەڕانەوەی فایلەکان بۆ دۆخی سەرەتا.

– **Close** بۆ داخستنی

– **Save** بۆ پاشەکەوتکردن بەفۆڕماتی dvp.

باشتر وایە لەکاتی کارکردن لەپێکهێنانی ڤیدیۆیەکدا بەم شێوە "فۆڕمات"ە فایلەکەمان خەزن بکەین، تاوەکو بتوانین ناوبەناو لەماوەی

چەند رۆژێکدا کار لەسەر هەمان فایل بکەین،

تائەو کاتەی مەلەفێکی ڤیدیۆیی تەواوو رێكوپێك پێکدێنین، پاشان لەئایکۆنی(Create Video File )ەوە دەیکەین بەفایلێکی ڤیدیۆیی.

– Save As بۆ پاشەکەوتکردن بەناوێکی ترەوە.

– Create بۆ پێکهێنان و تەواو کردنی فایلەکان. لێرەدا چوار فرمان دەکرێنەوە:

Video File بۆ پێکهێنانی دەنگ و رەنگ.

Audio File بۆ پێکهێنانی دەنگ.

Multiple Files "نێوەندی پێکهێنانی فایلەکان" بۆ پێکهێنانی چەند فایلێکی "دەنگ" و "دەنگ و رەنگ" پێکەوە.




EDP File پێکهێنەری فایلی registryبۆ زانیاری دەربارەی فایلەکەمان.

وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد لەبەرگرنگی ئەم فرمانانە هەوڵ ئەدەین لەبەشێکی سەر بەخۆدا بەناوی "پێکهێنانی ڤیدیۆ" روونیان کەینەوە.

– Convert بۆ گۆڕین، گۆڕینی فۆرماتی فایلەکان لەشێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر، ئەم دوگمەیە چەند فرمانێکی تری لەخۆگرتووە، لەبەشێکی سەربەخۆدا بەناوی "گۆڕینی فۆرماتی فایلەکان" باسیان دەکەین.


– Media Player بۆ لێدانی "میدیا پلەیەر".

– Customize Frame Size بۆ گۆڕینی قەبارەی فایلەکان لەگەورەییەوە بۆ بچووکی و بەپێچەوانەشەوە.


– **Export** لێرەوە کارێکی گرنگ دەکرێت، ئەویش ناردن و گۆڕینی فایلێکی دەنگ و ڕەنگە بۆ سکرین سەیڤەر. لەبەشێکی سەربەخۆدا بەناوی "دروسکردنی سکرین سەیڤەری دەنگ و ڕەنگ" ڕوونی دەکەینەوە.

– **Preferences** بۆ باشترزانینی جۆرو فۆڕماتی فایلەکان و پێکهێنانیان بەشێوەیەکی بەرزترو باشتر. لێرەوە سندوقێکی تایبەت بەم کارانە دەکرێتەوە، پێنج بەشی سەرەکی لەخۆگرتووە و هەربەشەو چەندکارێکی گرنگی تێدایە. لەکاتی هەر گیروگرفتێکی خەزنکردنی ڤیدیۆکان دا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەم فرمانانە و کێشەکان لێرەوە چارەسەر بکەیت. وەك ئەوەی ئەگەر هاتوو ڤیدیۆیەکمان پاشەکەوت "خزن" کرد، بەڵام لەکاتی لێدانەوەدا "ڕەنگ"ەکەی یان "دەنگ"ەکەی تێکچوو بوو، ئەوا لە Preferences دا شێوەو قەبارەی ڤیدیۆکە دەگۆڕین بۆ بەرزترو باشتر لەو شێوەیە.

– لەسەروو فرمانی Exit ەوە دەبینین چەند فایلێك دەرکەوتوون، ئەمانە ئەو فایلانەن کەپێشتر کارمان تیایاندا کردووە، بەکلیك کردن لەهەرکامیان ئەوفایلە دەگەڕێتەوە و چالاك دەبێت.





– **Exit** بۆ داخستنی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بەتەواوەتی.




## لیستی Project:

ئەم لیستە چەندفرمانێکی کەمی لەخۆگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کاری پێویست ئەنجام ئەدات، وەکو:

گۆڕینی جۆری فایلەکان بۆ DAT File و گۆڕینی فۆرماتی لاپەڕەی چالاك Project Settings .




## لیستی Edit:

– **Undo** گەڕانەوەی بۆ هەنگاوی پێشوو.

– **Redo** پاشگەزبوونەوە لەو گەڕانەوەیە.

– **Clear Undo/Redo History** بۆ لابردن و سڕینەوەی هەموو گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەکان.

– **Cut** بۆ بڕینی بەشی دیاریکراو. واتە: هەڵگرتنی بەشێك لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێ تر. ئەم بڕینە زۆر جیاوازە لەگەڵ بڕینی مقەستەکەی خوارەوەدا "Scissors".

– **Copy** بۆ لەبەرگرتنەوەی وێنەیەکی تر لەبەشی دیاریکراو "Selected ".

– **Paste** بۆ دانانەوەی بەشی کۆپی یاخود کەتکراو.

– **Clear** بۆ سڕینەوەی بەشی دیاریکراو "Selected ".

– **Select** بۆ دیاریکردن، دوو بەشی لەخۆگرتووە بەم جۆرە:

All بۆ دیاری یکردنی هەموو پارچە ڤیدیۆکان و دەنگیەکان.

None بۆ هەڵوەشاندنەوەی فرمانی پێشوو.


– **Lock** بۆ قوفڵکردنی بەشێك لەشوێنی خۆیدا.

– **Group** بۆ پێکەوەبەستنی چەند ڤیدیۆیەکی دیاریکراو.

– **Preview Range** بۆ بینینی ماوە و مەداکان و دیاریکردنی بەشێك بۆ لێدان.

ئەو فرمانانەی تر لەپەنجەرەی "تایم لاین"دا باسکراون.

## ***لیستی View:***





– **Preview** بۆ لێدان و بینین.


ئەم دوگمەیە هەمان کاری دوگمەی Play دەکات لەپەنجەرەی Preview دا.

– **Cue Manager** بەڕێوەبەری ئاماژەکان: بەئاسانی دەمانگەیەنێتە خاڵی مەبەست لەڤیدیۆکاندا.

– **DVD Chapter...** بەڕێوەبەری ئاماژەکان لە DVD دا.

**Timeline Display Mode**– ئەم فرمانە لەپێش کۆتا ئایکۆنی پەنجەرەی "تایم لاین"دا بەووردی پێشتر روون کراوەتەوە.

– **Ruler Unit** بۆ گەورەو بچووککردنەوەی راستەو تراکەکانی "تایم لاین" 

– **Scroll Lock** بۆ پێکەوەبەستنی هەردوو "سکرۆڵ باڕ"ی تایم لاین. 

- Clip Properties بۆ بینینی تایبەتمەندیەکانی کلیپی دیاریکراو.


- Play Clip بۆ لێدانی کلیپی دیاریکراو، کەدەکرێت پڕ بەپڕی شاشە ببینرێت.

## *لیستی Capture:*






ئەم لیستە تایبەتە بەکردنەوەی پەنجەرەی Capture کەبۆ گرتنی وێنەو چەندکارێکی تر بەکاردێت و هەر بەشێك و چەند فرمانێکی جیاوازی لەخۆگرتووە.

## *لیستی Search:*




- Go To رۆیشتن بۆ هەر شوێنێك بمانەوێت بیگەینێ، بەدیاری کردنی ئەو خولەك و چرکانەی کەمەبەستمانە. وەك لەم وێنەی خوارەوەدا دەبینرێت چرکەی 18 دیاریکراوە، پاشان Go to کراوە، لەئاستی چرکەی 18 دا ماوسێکی زەرد دروست بووە کەئاماژە دەکات بەخاڵی ویستراو.







– **Find Clip** بۆ دۆزینەوەی کلیپ.

وەك لێرەدا دیارە شەش کلیپمان هەیە لەسێ ڕەنگ و سێ دەنگ پێکهاتووە، بەدیاریکردنی هەرکامیان و کلیك کردن لەOK دەمانباتە شوێنی مەبەست.

– **Find Next** بۆ دۆزینەوەیەکی تر بەشێوەیەکی راستەوخۆ.


– **Find Unlinked Clips** بۆ دۆزینەوەی ئەو کلیپانەی لێك جودان.

– **Find Empty Time Slots** بۆ دۆزینەوەی ماوە "مەسافە" بەتاڵەکان. وەك دەبینین سێ بۆشای لەنێوانی ڤیدیۆکاندا هەیە، بۆ گەیشتن بەهەریەکەیان دیاریان بکەو پاشان بکە Go to.




ئەم فرمانە زۆر گرنگە، لەکاتی پێکهێنانی ڤیدیۆکاندا پێش ئەوەی بیان کەین بەڤیدیۆیەکی تەواوو ڕێك و پێك باشتر وایە لەم ڕێگایەوە نێوانی پارچە ڤیدیۆکان بپشکنین، تاوەکو هیچ ماوەیەکی بەتاڵ لەڤیدیۆکەدا نەبێت و کارەکەمان نەشێوێت. خۆئەگەر بۆشاییەك لەنێوانی پارچە ڤیدیۆکاندا هەبوو، وەنەماندابووە دەم یەك، ئەوا ئەو ماوەیە بەرەشی دەمێنێتەوە.

## لیستی Insert:





تەواوی ئایکۆنەکانی ئەم لیستە لەسێ شوێندا دەردەکەون:-

* لەلیستی Insert دا، وەك لێرەدا دەبینرێت.

*بەکرتەی راست لەسەر شوێن تراکەکان، لەبەشی ڤیدیۆ یان ئەیۆدیۆدا.


*لەسەرەتای ئایکۆنەکانی "Timeline"دا،




لەوێشدا روونکراونەتەوە و باسکراون. کاری ئەم ئایکۆنانەش بەم جۆرەیە:

- Video File بۆ هێنانی ڤیدیۆ فایل "دەنگ و رەنگ".
- Audio File بۆ هێنانی فایلی دەنگ.
- Voice File بۆ هێنانی دەنگی تۆمارکراو.
- Image File بۆ هێنانی فایلی وێنە.
- Title Clip بۆ دانانی نووسین-تێکست-.
- Color Clip بۆ دانانی ڕەنگ.
- Silence Clip بۆ دانانی بەشێکی بێدەنگ لەئەیۆدیۆ.
- Auto Music بۆ دانانی ئۆتۆ میوزیك.
- Project File بۆ هێنانی فایلی dvp "واتە: ئەو جۆرە فایلانەی کەبەفۆرماتی Digital Video Project File پاشەکەوت کراون".

– Smart Compositor بۆ هێنانی پێکهێنەری نایاب، کە دەتوانین لێرەوە پێشەکیەکی جوان دروست بکەین بۆ ڤیدیۆکەمان.




***لیستی Clip:***

– **Video Filters** بۆ هێنای ڤیدیۆ فیلتەرو کردنەوەی پەنجەرەی ئەم بەشە.

– **Audio Filters** بۆ هێنانی فیلتەری دەنگ.

– **Overlay Options** بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Overlay کەبۆ کڕاندن و پاکردنەوەی ڕەنگێك لەڕەنگەکانی تر بەکاردێت.

– **Moving Path Options** بۆ کردنەوەی کاریگەریەکانی ئەم بەشە لەپەنجەرەی Production Libraryدا.

– **Transition Options** بۆکردنەوەی پەنجەرەی ئیفێکتەکان.


– **Edit Title** بۆ کردنەوەی پەنجەرەی Insert Title Clip. دەبێت نوسینێك هەبێت و دیاریمانکردبێت ئەوجار ئەم فرمانە چالاك دەبێت.

– **Color Options** بۆ کردنەوەی پەنجەرەی دانانی ڕەنگ.

– **Locked** بۆ قوفڵ کردنی بەشێکی دیاریکراو، بۆئەوەی نەجووڵێت.

– Media Sours Options بۆ کردنەوەی پەنجەرەی "سۆرس"و دیاریکردنی فرەیم.

– Color Calibration بۆ ڕووناککردنەوەو تاریککردنەوەی ڤیدیۆ، یاخود زاڵکردنی ڕەنگێك بەسەر ڕەنگەکانی تردا کەدەکرێ هەر جۆرە ڕەنگێکمان بوویێت زاڵیکەین بەسەر ڕەنگەکانی تردا.




دواتر لەبەشێکی سەربەخۆدا ئەم فرمانە ڕوونتر دەکەینەوە.

– Duration بۆ دیاریکرنی ماوە "کات" و بڕینی بەشێك.

– Speed بۆ خاوکردنەوە یان خێراکردنی بەشێك لەگۆرانی یان فیلم.

– Reverse بۆپێچەوانەکردنەوەی بەشێك لەگۆرانی یان فیلم کەبەپێچەوانەی ئاراستەی ئاساییەوە دەڕوات.

– Replace With بۆ گۆڕینی "دەنگ و ڕەنگ" یاخود "دەنگ" یان هەریەك لەو بەشانەی کەلەم لیستەدا دەردەکەون. لێرە گەر بمانەوێت

بەشێکی گۆرانییەك بگۆڕین بەگۆرانییەکی تر ئەو بەشەی کەسەرەتا دیاری دەکەین چەند بێت هەر ئەوەندەمان بۆ دێنێت لەو گۆرانیەی کەدەمانەوێت لەشوێنی گۆرانی پێشوو دایبنێین.

**Split –** بۆ جیاکردنەوەی "دەنگ و رەنگ" لەیەکتر.

**Unite –** بۆ یەککگرتنەوەی ئەو "دەنگ و رەنگ"ەی کەبەفرمانی Split لەیەك جیاکراونەتەوە.

**Expand –** بۆ گەڕاندنەوەی دەنگ بۆ گۆرانیەك کەپێشتر دەنگەکەی لێ جیاکراوەتەوە و سڕاوەتەوە.

هەندێ کات بەپێی کارەکان چەند فرمانێکی تر لێرەدا دروست دەبن، وەك ئەوەی ئەگەر هاتوو گۆڕانکاریمان لەدەنگی گۆرانیەکدا کردبوو بەفرمانی Reset Volume دەگەڕێتەوە باری ئاسایی و سەرەتا.

تێبینی//

1- هەتاوەکو فایلێکی دەنگ و رەنگ یاخود دەنگ نەکەینەوە و "سەلێکت"ی نەکەین هیچ یەکێك لەفرمانەکانی ئەم لیستە چالاك نابێت

2- دوای هێنانی فایلێکی ڤیدیۆ و دانانی لەتراکەکانی "تایم لاین"دا ئەگەر کرتەی راست لەسەر ڤیدیۆکە بکەین دەبینین زۆربەی ئایکۆنەکانی ئەم لیستەش لەوێدا دەبینرێنەوە و هەمان کار ئەنجام ئەدەن.

## لیستی Window:




ئەم لیستە تایبەتەبەدەرکەوتن وشاردنەوەی پەنجەرەکانی بەرنامەکە کە لەم پەنجەرانە پێکهاتوون وەك لەم لیستەدا دەبینرێن.
ئەم پەنجەرانەش پێشتر روون کراونەتەوە هەر بۆیە بەپێویستی نازانم لێرەشدا کاتی خوێنەری پێوە بگرم.

## لیستی Help:




بۆ یارمەتی و هاوکاریکردنی بەکارهێنەر. ئەم لیستە گرنگی تایبەتی هەیە، بەڵام بەداخەوە زۆرێك لەبەکارهێنەران فەرامۆشیان کردووە لەگەڵ ئەوەی کەزۆرێك لەگرفتەکانی بەکارهێنەر چارەسەر دەکات. هەر لەم لیستەدا چەند رێگایەکی تر هەیە بۆ گەیشتن بەئینتەرنێت و بەماڵپەڕی تایبەتی "یولید" کەجگە لەم پرۆگرامە زۆرێك پرۆگرامی‌تری هەیەو لەبوارەکانی تردا کاریان پێدەکرێت. وەلە کۆتا فرمانی ئەم لیستەدا زانیاری دەربارەی ئەم پرۆگرامە خراوەتە ڕوو.

## لیستی Switch:




ئەم لیستە دوو دوگمەی لەخۆگرتووە:

- 1 Audio Editor
- 2 Video Capture

ئەم دوو دوگمەیە بۆ گەیشتنە بەدوو بەرنامەی سەربەخۆ، کەپێکەوە لەگەڵ Video Editor دا هەرسێکیان دادەبەزن و هەیەکەو کارێکی جیاواز دەکەن لەمۆنتاژدا، بەم جۆرە:

- **1 Audio Editor** گۆڕینی دەنگ و دانانی ئیفێکت لەسەر دەنگ.
- **2 Video Capture** بۆ وێنەگرتنی بەشێك لەڤیدیۆو گۆڕینی بۆ وێنەی نەجوولاو "رسم"
- **Video Editor** بۆ چاککردن و دروسکردنی فیلم و گۆرانی و کلیپ و ووردەکاریەکانی مۆنتاژ.


لێرەدا پێش دەسکردن بەوانە فێرکاریەکان بەپێویستی دەزانم ئەو دوو بەرنامەی تر کەسەر بە"یولید میدیاستۆدیۆ"ن کەمێك روون بکەمەوە و کاری سەرەکییان بخەمە پێش چاوی بەکارهێنەرانی خۆشەویست، کەبەکارهێنەر دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت و وەك هاوکارو یاریدەرێك وایە بۆ بەرنامەی پێشوو کەبە ووردی باسمان لێوە کرد.

# شی کردنەوەی بەرنامەی
# Audio Editor


پێشتر بەخێرایی ئاماژەمان کرد بەکاری ئەم بەشە کەبۆ گۆڕینی دەنگ بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کاری ناسكو جوان لەم بەرنامەیەدا بەسەر دەنگەکاندا دەهێنرێتو دەتوانرێت چارەسەری دەنگی تێکچووی پێ بکرێت. هەر وەها بەکاردێت بۆ گۆڕینی فۆرماتی فایلەکان لەجۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر.

هەنگاوەکانی کردنەوەی بەشی Video Editor بەوردی خرایە روو، بۆ کردنەوەی ئەم بەشەیش هەمان هەنگاو هەڵدەگرین و بەشی Audio Editor دەکەینەوە، بەم جۆرە:


Start > All Programs > Ulead MediaStudio Pro 8.0 > Audio Editor 8.0



پاشان ڕووکاری بەرنامەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت:





وەك دەبینین زۆرێك لەفرمانەکانی بەرنامەکە چالاك نین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەفایلێکمان نەکردۆتەوە تاوەکو ئەو فرمانانە چالاك بن بۆ کار. بەکردنەوەی مەلەفێکی دەنگ یاخود دەنگ و ڕەنگ "کەلێرەدا تەنها دەنگەکەی دەردەکەوێت" هەموو ئەو فرمانانە چالاك دەبن. بۆکردنەوەی فایل دەچینە سەر لیستی File کرتە دەکەین لەOpen دواتر لەوپەنجەرەی دەکرێتەوە دەچینە ئەو درایڤەی کەدەنگ و گۆرانی تێدایە، یەکێك لەدەنگەکان هەڵدەبژێرین و دەیکەینەوە بەفرمانی Open بەم شێوە:



دەتوانین پێش کردنەوەی فایلەکەش گوێ لەگۆرانیەکە بگرین و تاقی بکەینەوە.


دوای کردنەوەی فایلە دەنگیەکە بەم جۆرە پەنجەرەی بەرنامەکە فرمانەکانی چالاك دەبن و شریتی دەنگەکە لەدوو شوێندا دەبینرێت:




لەو پەنجەرەدا کەناونیشانی گۆرانیەکەی لەسەرەو بەماوسەکە ئاماژەی بۆ کراوە لەچرکەی سفرەوە تاوەکو کۆتایی گۆرانیەکە دەرکەوتووە، چونکی لەبەشەکەی سەرەوەدا بە ئایکۆنی ( Change ruler unit  ) کەتایبەتە بەگەورەو بچووك کردنەوە، قەبارەکەی هێندە بچووك کراوەتەوە کەهەموو گۆرانیەکە دەربکەوێت.

هەر لەتەنیشتی ئایکۆنی Change ruler unit بەشێوەیەکی تر هەمان گۆرانی دەرکەوتووە لەگۆشەیەکی باریك و درێژتردا.

لەسەروو ئەمانیشەوە چەند ئایکۆنێکی گرنگی بەرنامەکە دەبینرێن، کاری هەریەکەیان بەم جۆرەیە:




1- بۆ کردنەوەی "میکسەر"، کەپەنجەرەیەکی سەربەخۆیە بەناوی Control Volume سەر بە"ویندۆز"ەو تایبەتە بەبەرزو نزم کردنەوەی دەنگ.

2- بۆ نیشاندانی بەشی دیاریکراو پڕ بەپڕی پەنجەرەکە.

3- بۆ دیاریکردنی بەشێك و جیاکردنەوەی.


4- گەڕانەوە بۆ خاڵی دیایکراو.

5- دانانی خاڵی ئاماژە.

6- ڕۆیشتن بۆ خاڵی پێشووتر.

7- ڕۆیشتن و گەڕانەوە لەنێوانی هەنگاوی ئێستاو هەنگاوی پێشوودا.

لەدامێنی بەرنامەکەوە چەند ئایکۆنێك بەدەرکەوتوون، ئەم ئایکۆنانە بۆ لێدان و ئیشکردنی گۆرانیەکان دانراون:




1- بۆ بینینی شوێنی کارسەرەکە"ماوس"، کەئیستا لەسەرەتادایە.

2- بۆ لێدان.

3- بۆ وەستان.

4- بـۆ تۆمارکـردنی دەنـگ. جائـەو دەنگـە لـەدەرەوە بێـت یـان لـەناو کۆمپوتەرەکە جیاوازی ناکات. لەبەشی "تۆمارکردنی دەنگ"دا رۆونتر باسی دەکەین.

5- گەڕانەوە بۆ سەرەتا.

6- گەڕانەوە بۆ دواوە بەشێوەیەکی وورد و لەسەرخۆ.

7- رۆیشتن بۆ پێشەوە بەشێوەیەکی وورد و لەسەرخۆ.


8- رۆیشتن بۆ کۆتایی.

9- ئەم دوو ئایکۆنە بۆ دیاریکردنی بەشێك.


10- نیشاندانی کاتی گۆڕانیەکە بەتەواوی.

شریتەکانی ئـەم بەرنامـە کـەم و پـوختن، بـۆ دەرکـەوتن و شـاردنەوەی هەریەکـەیان لەپەنجـەرەی بەرنامەکـەدا بـەم شـێوەیە دەتـوانین هـەنگاو بنێین:

جگە لەو پەنجەرەی کراوەتەوە و دەنگەکەی تێدا دەبینرێت زەمینەیـەکی بـەتاڵ لەبەرنامەکـەدا دەرکـەوتووە، کرتـەی راسـت لـەو بۆشـاییەدا بکـە لیستێك دەکرێتەوە، بەدانانی نیشانەی راسـت لەتەنیشـتی هەریەکـەیان ئەوا ئەو شریتە چالاك دەبێت،بەپێچەوانەیشەوە لابردنی نیشانەکە هێمای کارنەکردنی ئەوشریتەیە.




لەلیستی File دا بەهۆی فرمانی Preferences سندوق"Box" ێك دەكرێتەوە، لەو سندوقەدا گۆڕانكاری لەفۆڕمات و قەبارەو تایبەتمەندی مەلەفەكەدا دەكرێت.




لەلیستی فایل دا فرمانێك هەیە بەناوی Find Silence ئەم فرمانە زۆر گرنگە بۆ دۆزینەوەی هەر بۆشای و بێدەنگیەك كەلەگۆرانیەكەدایەوئێمە نایدۆزینەوە، چونكی لەكاتی لێداندا ئەو بێدەنگییە گۆرانیەكە تێكدەدات.



پاشان بۆ سڕینەوەی ئەو بێدەنگیانە لەهەمان لیست دا فرمانی Trim Silence کەلەسەرووی فرمانی پێشووەوە کرتە دەکەین.





لەم سندوقەی دەکرێتەوە دەتوانین هەموو بۆشایی و بێدەنگیەك لەم گۆڕانیەدا بەخێرایی لابەرین، یاخود بێدەنگیەکی دیاریکراو بسڕینەوە.




گرنگترین لیستی ئەم بەرنامەیە لیستی "Effect"ە، کەهەموو فرمانەکانی تایبەت بەگۆڕینی دەنگی لەخۆگرتووە. ئەم فرمانانە هەریەکەو سندوقێکی تایبەتی هەیە و گۆڕانکاری لەتەواوی گۆڕانیەکە یاخود بەشی دیاریکراودا دەکات.

بۆ نموونە/ دەتوانین لەو فرمانانەی کەوتوونەتە نێوان دوو هێڵی ئاسۆیی لەخوارەوە "دەنگ دانەوە" (صدى) دروست بکەین.




ئەم ئیفێکتانە بەئارەزووی بەکارهێنەر گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، بۆیە دەتوانین بەپێی پێویستی کارەکانمان دەستنیشانیان بکەین. بەکارکردن لەم لیستەدا باشتر ئەرك و کاری فرمانەکانی ڕوون دەبێتەوە. لیستەکانی تری ئەم بەرنامەیە ئایکۆنی ڕووکاری بەرنامەکە لەخۆدەگرن لەگەڵ چەند فرمانێکی تردا، کەهەموویان کارەکانیان تاڕادەیەك سووك و ئاسانە، بەڵام ئەوەی لەم لیستانەدا گرنگ بێت وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە لیستی "Effect"ە.

ئەمەو جگەلەوەی کەدەتوانین زۆر بەئاسانی بەهۆی ماوسەکەوە بەشێك لەودەنگە دیاری بکەین و بەفرمانی Clean لەلیستی Editدا یان بەدوگمەی Delete لەسەر چوارچێوەی دوگمەکان" Keyboard" بیسڕینەوە.


# شی کردنەوەی بەرنامەی
# Video Capture

ئەم بەرنامەیە بۆ وێنە گرتنی بەشێکە لەمەلەفێکی ڤیدیۆیدا، کەبمانەوێت وەك ڕەسمێك بەكاری بێنین. بۆ نموونە لەكاتی مۆنتاژ یان دیزاینی بەرگی فیلمێكدا وپێویست دەكات هەر لەناو خودی فیلمەكەدا چەند وێنەیەك دەربێنین بۆ دیزاین و ڕازاندنەوەی ئەو بەرگە یان پێشەكی ئەو فیلمە. بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانین جوانترین و سەرنجراكێشترین بەشی فیلمەكە بكەین بەڕەسم و بۆ دیزاین و پێشەكی فیلمەكە بەكاری بێنین.

سەرەتا وەك هەریەك لەبەرنامەكانی تر بەم جۆرە Video Capture دەكەینەوە:



پاشان رووکاری بەرنامەکە بەم شێوەیەو بەسادەیی دەکرێتەوە:





وەك دەبینین لێرەشدا زۆربەی ئایكۆنی بەرنامەكە چالاك نەبووە، بەهۆی كردنەوەی مەلەفێكەوە هەموو چالاك دەبن. لەفایلدا كرتە لە Open دەكەین و لەدرایڤەكاندا گۆرانی یان فیلمێك دەكەینەوە، پاشان بەهۆی ئەو ئایكۆنانەی كەلەشریتی Standard Toolbar دا نیشاندراون لەكوێدا بمانەوێ دەوەستێن و ئەو بەشە دەكەین بەڕەسم.

بۆنموونە/ لێرەدا دەمانەوێ وێنەیەك لەم گۆرانیە بگرین و بیكەین بەڕەسم، بەو شێوەی پێشتر باسمان كرد مەلەفەكە دەكەینەوە، دواتر گۆرانیەكە ئیشپێدەكەین، لەكوێدا ویستمان دەوەستێن و بەئایكۆنی Capture to File  دەیكەین بەوێنە.




بەشی سەرەوەی بەرنامەکە لیستی Standard Toolbar لەگەڵ Menu bar لەخۆدەگرێت. گرنگترین فرمانی لیستەکانی Menu bar لەشریتی Standard Toolbar دا دەرکەوتوون. بۆ گرتنی وێنەکان لەم گۆرانیەدا دەتوانین بەم دوو ئایکۆنە کار بکەین:

1- Capture to File بەکرتە کردنی ئەم ئایکۆنە یان پەنجە داگرتن لەسەر دوگمەی F8 لەسەرچوارچێوەیدوگمەکان "Keyboard" ئەم پەنجەرە دەکرێتەوە:




دەتوانین بەزیاد لە 18 جۆر فۆرمات خەزنی بکەین.

2- Capture to Clipboard بەکرتە کردن لەم ئایکۆنە یاخود پەنجە داگرتن لەسەر دوگمەی Ctrl+C ڕاستەوخۆ وەك وێنەیەکی کۆپی کراو لەبیری ماوس "Clipboard"دا خەزن دەبێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕەیەکی وەکو "مایکرۆسۆفت وێرد"، لەبۆشاییەکدا کرتەی ڕاستی ماوسەکە بکەین دەبینین فرمانی Paste چالاك بووە، گەر کرتەمان لەسەر کرد ئەوا ئەو وێنەمان بۆ دادەنێت کەلە ئایکۆنی Capture to Clipboard ەوە گرتوومانە.

هێندەی کەپێویستە بۆ کارەکەمان لێرەدا ڕوونکردنەوەمان لەسەر ئەم بەرنامە داوە، دواتر بەپێویستی نازانم درێژە بەم بەرنامەیە بدەم، بەکارهێنەر دەتوانێت بۆ کاری جوانتر گەڕانی زیاتر لەم بەرنامەیەدا بکات.




# وانە فێرکاریەکان

## هێنانی دەنگو ڕەنگ "ڤیدیۆ"


پێدەچێت هێنانی "دەنگو ڕەنگ" یاخود "دەنگ" یان وێنە هێندە کارێکی گرنگ نەبێت کەلێرەدا کاتی ئێوەی پێوە بگرین، بەڵام ئەوەی کەمن دەمەوێت بۆ ئێوەی ئازیزی روون کەمەوە چەند لایەنێکی گرنگی ئەم بەشانەیە، کەپێویستە شتێکیان دەربارە بزانین، بەم جۆرە:

بۆ هێنانی دەنگ دەچینە لیستی Insert، لەوێشەوە Video File هەڵدەبژێرین:

Insert > Video File





لەچەند ڕێگایەکی تریشەوە دەتوانرێت فایلی دەنگ و ڕەنگ بهێنرێت. بەهەر ڕێگایەك بێت دوای کرتەکردن لەم فرمانە پەنجەرەی Insert Video File دەکرێتەوە، بەم شێوەی خوارەوە:




بۆ بینینی زانیاری تەواو دەربارە فایلی دیاریکراو.

ئەم چوار فرمانە بۆ لێدانی فایلەکەیە پێش کردنەوە.


دوای ئەوەی فایلێك دیاری‌دەكەین كرتە دەكەین لەدوگمەی Duration
ئەم پەنجەرە دەكرێتەوە:




لەم پەنجەرەدا دەتوانین بەشێكی ئەو گۆرانیە لەسەرەتاوە یان ناوەڕاست یان كۆتایی دیاری بكەین و تەنها ئەو بەشە دیاریكراوە بكەینەوە، لەكاتێكدا كەنەمانەوێ هەموو گۆرانیەكە بكرێتەوە.

لە Mark-inدا خانَی سەرەتای ئەو بەشە دیاری دەكەین.

لە Mark-outدا خانَی كۆتایی بەشەكە دیاری دەكەین.

بەم دوو ئایكۆنەش هەمان كردار ئەنجام ئەدرێت  .

لە Edit durationدا ماوەی بەشی دیاریكراو دەبینرێت.

لە Total durationدا ماوەی گۆرانیەكە بەتەواوی دەبینرێت.


لە Current frameدا ڕەوتی لێدانەكە دەبینرێت.

پاشان OK دەكەین و دەگەڕێتەوە بۆ پەنجەرەی پێشوو، لەوێدا ئەگەر كرتەی Play بكەین دەبینین تەنها بەشی دیاریكراو ئیش دەكات.


دوای ئەوەی Open دەکەین دەبینین فایلەکە بەڕەشی نووساوە بەماوسەکەوە، ماوسەکە ڕادەکێشینە سەرەتاو کرتەی چەپی لەسەر دەکەین:




پاشان دەبینین تەنها ئەو 52 چرکەی بۆ کردووینەوە کەلەپەنجەرەی durationدا دیاریمان کردبوو.




هەر لەپەنجەرەی Insert Video File دەتوانین کرتەبکەین لەدوگمەی Scenes ، پەنجەرەیەك دەکرێتەوە، لەڕێگای دوگمەی Scan دەتوانین گەڕانێکی خێرا بەفایلەکەدا بکەین. بەدوگمەی Esc گەڕانەکە دەوەستێ.






پاشان دەبینین گۆڕانیەکە دەکات بەچەند بەشێکەوە.

هەمان تایبەتمەندیەکانی "هێنانی دەنگ و رەنگ" لەبەشی "هێنانی دەنگ"یشدا هەیە، بۆیە بەپێویستی نازانم هێندەی لەسەر بڕۆین.

# هێنانی وێنە Insert Image

لەلستی Insertدا کرتە دەکەین لەImage File، پاشان لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە وێنەیەك دیاری دەکەین، دواتر ماوەی درێژ بوونەوەی وێنەکە لەخانەکانی {H:M:S:F} Duration دەسنیشان دەکەین. وەك لێرەدا 25 چرکەمان دیاری کردووە:




دوای ئەوەی Open دەکەین دەبینین وێنەکە ماوەی 25 چرکە درێژ بووەتەوە. دەشتوانین دوای هێنانی وێنەکە ماوسەکە بەرینە سوچێکی وێنەکەوەو پاشان بەلایەکدا رایکێشین تاوەکو درێژ یان کورت دەبێتەوە بەو ئەندازەی دەمانەوێت.



# پێکهێنانی ڤیدیۆ/ ئەیۆدیۆ "دەنگ و ڕەنگ/ دەنگ"


# Create Video File / Audio File

دوای ئەوەی چەند فایلێکی ڤیدیۆ و دەنگ و وێنەمان هێنا و بەو شێوەی کەویستمان گۆڕانکاریمان تێدا کردن، یاخود پێشەکی ئاهەنگێکمان لێدروست کردن، لەکۆتایدا پێویستمان بەوەیە ڕێگایەك هەبێت هەموو ئەم فایلانە لەفایلێکی ڤیدیۆییدا خەزن بکات ، بەشێوەیەك کەوا دواتر بتوانرێت بخرێتە سەر CD و وەك هەموو شریتێکی ئاسایی هەموو ئەو جوانکاریانەی بەدەستی خۆمان دروستمان کردووە ببینینەوە.

دوای هەموو کارەکان بەم ڕێگایانە فایلی ڤیدیۆیی پێکدێنین:

لەلیستی File دا دەچینە سەر Create، لەوێشەوە کرتە دەکەین لە Video File. واتە بەم جۆرە:

File > Create > Video File





- Create Video File بۆ پێکهێنان و خەزنکردنی فایلێکی ڤیدیۆییە. ئەم فرمانە لەڕووکاری بەرنامەکەش لەشریتی standard دا ئایکۆنەکەی دەرکەوتووە:




لەڕێگای ئەم ئاکۆنەوە پەنجەرەی Create Video File دەکرێتەوە، ئەم پەنجەرەیە جیاوازە لەگەڵ پەنجەرەی Saveدا، لەم پەنجەرەوە کارەکەمان دەنێرینە دەرەوەی بەرنامەکە.

کارەکانی ئەم پەنجەرەش بەم جۆرەیە:





1- بۆ دیاریکردنی شوێنی حەزنکردن.

2- بۆ نووسینی ناوێك بۆ فایلەکە.

3- بۆ دیاریکردنی جۆری فۆڕماتی فایل. جۆری فۆڕماتی AVI دەتوانین بڵێین باشترین جۆرە لێرەدا بۆ کارەکەمان، هەرچەندە دەتوانین بەجۆری MPEG و چەند جۆرێکی تر پاشەکەوتی بکەین، بەڵام فۆڕماتی AVI دیققەیەکی جوانتر دەبەخشێتە فایلەکەمان.

4- بۆ گۆڕینی تایبەتمەندی دەنگ و ڕەنگ پێش خەزنکردن. ئەم فرمانە زۆر کاری گرنگ لەخۆدەگرێت، بەڵام باشتر وایە هەر لەسەر باری ئاسایی خۆی بێت و هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا نەکەین. خۆئەگەر دوای خەزنکردنی فایلەکە هەرکەم و کوریەك لەفایلەکەدا هەبوو "وەك تێکچوونی دەنگ یاخود ڕەنگ" لەم فرمانەوە چارەسەر دەکرێت، بۆیە پێویستە بۆ هەر کێشەیەك لەخەزنکردندا بگەڕێینەوە بۆ ئەم هەنگاوە. واتە: پەنجەرەی Video Save Options.




دوای کارکردن لەم پەنجەرەیەدا پەنجە دادەگرین لەسەر دوگمەی Save، شاشەیەکی بچووک دەکرێتەوە، زۆر بەهێواشی ئەو جووڵەو ئیفێکت و کاریگەریانە نیشان دەدات کەئێمە دروستمان کردوون، لەخواریشەوە چرکەو کاتژمێرو ووردەکاریەکانی "کات"ی فایلە ڤیدیۆکەمان بۆ دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە:




ئەگەر هەڵەیەك هەبوو یان شتێکمان بیرچووبوو دەتوانین بەدوگمەی Esc لەسەر چوارچێوەی دوگمەکان ئەم خەزنکردنە پوچەڵ بکەینەوە. خۆئەگەر هیچ کێشەیەك نەبوو ئەوا زۆر لەسەرخۆ چاوەڕوانی تەواوبوونی دەکەین، پاشان ڕاستەوخۆ لەدوای تەواوبوون بەشێوەی AVI فایلەکەمان بۆ لێدەداتەوە. دواتر دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کەتیایدا خەزنمان کردووە، لەشێوەی فایلی دەنگ و ڕەنگ دا دەیبینینەوە.

بەم شێوەیە:



# دروسکردنی سکرین سەیڤەری دەنگ‌و ڕەنگ
# Movie Screen Saver


سکرین سەیڤەر واتە: پارێزەری شاشە لەبێدەنگی‌و وەستانێکی یەك شێوە. ئەم "سکرین سەیڤەر"ەش بەشێکە لەویندۆزو دەتوانرێت جووڵەو جوانیەك بدرێت بەشاشە لەکاتی بێکاری دا. "واتە: ئەو کاتەی دەست لەکیبۆردو ماوس هەڵدەگرین دوای ئەوەی ماوەی دەسپێکردنی سکرین سەیڤەرەکە دیاری دەکەین "


ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە دروسکردنی سکرین سەیڤەرێکی "دەنگ‌و ڕەنگ"ە، من بۆ خۆم زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە کەچۆن گۆرانیەك بکەم بەسکرین سەیڤەر، ئەم کارە زۆر قورس‌و گران بوو لای من، چونکە لەنێو پەنجەرەی سکرین سەیڤەردا چەن جووڵەیەکی بێدەنگ هەیەو ئەو بەرنامانەش کەبۆ دروسکردنی سکرین سەیڤەر بەکاردێن ڕێگایەکی ئاسانیان نی یە بۆ ئەم کارە، بەڵام دوای ئەوەی ئاشنایەتیم لەگەڵ بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" پەیداکرد ئەم کارەم لەم بەرنامەدا بەشێوەیەکی سوك‌و ئاسان بەرچاو کەوت، ئەمەش جێگای خۆشحاڵی من بوو.

جا خوێنەری ئازیز دەتوانن بەهەنگاونان لەگەڵ ئێمەدا خۆشترین‌و جوانترین گۆرانی کەبەلاتانەوە دڵگیرو نایابە بیکەن بەپارێزەری شاشەی کۆمپیوتەرەکەتان، تاوەکو لەکاتی وەستاندا دیمەنێکی جوان‌و ناسك بەشاشەی کۆمپیوتەرەکەتان بدات‌و لەبێدەنگی‌و وەستاوی شاشەکەتان بپارێزێت. بەم شێوە هەنگاو دەنێین:

دوای ئەوەی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"مان کردەوە دەچینە سەر لیستی File لەوێشەوە Exportو پاشان Movie Screen Saver هەڵدەبژێرین، بەم شێوە:

File > Export > Movie Screen Saver





پاش ئەم هەنگاوانە ئەم پەنجەرە دەکرێتەوە:

ئەو درایڤ و فۆڵدەرە دەدۆزینەوە کە گۆرانیەکەی تێدایە، پاشان ئەو گۆرانیەی دەمانەوێت بیکەین بەسکرین سەیڤەر دیاریدەکەین و کرتەی Open دەکەین، راستەوخۆ

پەنجەرەی Display Properties نیشان دەدات و بەشی Screen Saver دەکرێتەوە.




لە Waitدا ماوەیەك یاری دەكەین وكرتە دەكەین لەApply ، تاوەكو لەدوای ئەو ماوەیە سكرین سەیڤەرەكە دەست بەجووڵە بكات.

وەك لێرەدا 2 دەقیقەمان دیاریكردووە.

تێبینی//

خاڵێكی گرنگ لێرەدا كەشایەنی ئاماژە پێدانە ئەوەیە كە تەنها ئەو جۆرە فایلانە دەكرێن بەسكرین سەیڤەر كەلەجۆری فۆرماتی "Windows Media Video"ن. واتە فۆرماتی wmv دەكرێت بەسكرین سەیڤەر، بەڵام كارێكی ئاسان و ساكارە ئەگەر بمانەوێت هەر گۆرانیەك بكەین بەسكرین سەیڤەر ئەگەرچی فۆرماتیشی جیاوازبێت، چونكە هەر بەخودی ئەم بەرنامەیە دەتوانین فۆرماتەكە بگۆڕین بۆ ئەو جۆرەی كەدەمانەوێت. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە وانەی:

*گۆڕینی فۆرماتی فایلەكان Convert Format Files*

# گۆڕینی فۆڕماتی فایلەکان

# Convert Format Files


زۆرجار پێویستمان بەگۆڕینی جۆری فۆڕماتی فایلەکانە، چونکی لەهەندێ شوێندا لەوانەیە ئێمە بمانەوێت کار لەسەر فایلێك بکەین، بەڵام ئەو شوێنە قەبوڵی ئەو جۆرە فۆڕماتە نەکات کەئێمە دەمانەوێت فایلەکەمانی پێ بێنین. لەم کاتەدا ناچارین فۆڕماتی فایلەکەمان بگۆڕین بۆ ئەو جۆرەی کەئەو بەرنامە یان ئەو بەشە کەداوامان لێدەکات. وەك ئەوەی کەلەبەشی "دروسکردنی سکرین سەیڤەری دەنگ و ڕەنگ"دا تێبینیمان لەسەر وت. گۆڕینی فایلەکانیش بەم جۆرەیە:

دوای کردنەوەی بەرنامەی " میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editor، دەچینە سەر لیستی File لە Convert ەوە Video File هەڵدەبژێرین، بەم جۆرە:


File > Convert > Video File




پاشان پەنجەرەی Select Source Video File دەکرێتەوە، لەم پەنجەرەدا ئەو فایلە دیاری دەکەین کەدەمانەوێت فۆڕماتەکەی بگۆڕین، پاشان کرتە دەکەین لەدوگمەی Open ، وەك لەم وێنەی خوارەوەدا دیارە کەئێمە دەمانەوێ فۆڕماتی فایلێك بگۆڕین کە لەجۆری Video Clipە، دەمانەوێت بیکەین بەجۆری فۆڕماتیWindows Media Video. کورتکراوەکەی بەم شێوەیە "wmv"





دوای ئەوەی Open دەکەین راستەوخۆ پەنجەرەی Select Destination Video File دەکرێتەوە، کەداوامان لێدەکات لەFile nameدا ناوێك لەفایلەکەمان بنێین،پاشان لەSave as typeدا ئەو جۆرە فۆرماتە هەڵدەبژێرین کەدەمانەوێت. وەك لێرەدا فۆرماتی Windows Media Video هەڵبژێرراوە.




# جیاکردنەوەی دەنگو رەنگو

## دانانی دەنگێکی تر لەشوێنی دەنگی پێشوو

پاش کردنەوەی فایلێکی دەنگو ڕەنگ کرتەی راست لەسەر کلیپەکە دەکەین و کرتە دەکەین لە Split ، بەم شێوە:




دواتر ئەگەر بەجیا کرتە بکەین لەدەنگ یاخود رەنگ سەربەخۆ سەلێکت دەبێت. "واتە: دەبینین جیابوونەتەوە" دوای دیاریکردنی دەنگەکە لەسەر کیبۆردەکە پەنجە دەنێین بەدوگمەی Delete، یاخود دەچینە سەر دەنگەکەو کرتەی راستی لەسەر دەکەین، پاشان لەولیستەی دەکرێتەوە Clear هەڵدەبژێرین بۆ سرینەوەی دەنگەکە.




دواتر ئەو دەنگەی کەبمانەوێت لەرێگای Audio وە بۆی دێنین و لەشوێنی دەنگی پێشوو دایدەنێین.

# نووسینی تایتڵ بەکوردی

لەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"دا ڕێگای ئەوەمان پێنەدراوە بەکوردی یان عەرەبی تایتڵ و نووسینێك بنوسین، چونکی بەرنامەکە ئەم جۆرە زمانانە ناخوێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت بەرنامەیەکی تایبەت دابەزێنین و لەڕێگای ئەو بەرنامەوە ئەم کارە لە"میدیاستۆدیۆ"دا بەئەنجام بگەیەنین. ئەو بەرنامەش کەلێرەدا ئێمە مەبەستمانە بەرنامەی "بوشرا"یە. دوای ئەوەی وەك هەریەك لەبەرنامەکانی پێشوو بەرنامەی "بوشرا" دادەبەزێنین بۆ سەر کۆمپیوتەرەکەمان ئایکۆنی بەرنامەکە لەسەرشاشەی کۆمپیوتەرەکەمان یاخود لەلیستی بەرنامەکاندا All Programs دەردەکەوێت. ئایکۆنەکەی لەسەر شاشە بەم جۆرەیە:




دوای ئەوەی دوو کرتەی لەسەر دەکەین بەرنامەکە دەکرێتەوە. ئەم بەرنامەیە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ بەرنامەی "مایکرۆسۆفت وێرد"دا کەبۆ نووسین بەکاردێت، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کەلەلیستی فۆنتەکاندا دەبێت ئەو فۆنتانە هەڵبژێرین کەناونراون Boshra-kurdish-...، هەتاوەکو لەکاتی نووسیندا کێشەمان بۆ دروست نەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کەکەمێك جیاوازی لەکیبۆردی ئەم بەرنامەیەدا هەیەو جیاوازە لەگەڵ کیبۆردی "وێرد" بۆ نووسین.


**نووسینی سەر کیبۆردی ئەم بەرنامەیە بەم شێوەیە:**

| | |
|---|---|
| ط | گ |
| د | چ |
| ز | . |
| ذ | پ |
| \ | ژ |
| ك | ڤ |
| ء | گ |
| ؤ | ز |
| ى | د |
| ة | ئـ |


**لەزۆر کاتیشدا گۆڕانکاری بەسەر ئەم دوگمانەو دوگمەکانی تریشدا دێت، ئەگەر هەر دوگمەیەك کاری خۆی نەکرد ئەوا لەگەڵیدا پەنجەت دابگرە لەسەر** Shift. **بۆ نموونە: بۆ نووسینی پیتی "ن" پێکەوە پەنجە بنێ بە** ن+Shift .

**نووسینی بزوێن "ە" لێرەشدا زۆرجار بە هـ**+Shift **دەبێت، دوای ئەوەی "هـ" دەنووسین بۆشایی** "Space" **دادەنێین و پاشان پیتی دوای ئەو دەنووسین، دواتر ئەو بۆشاییە دەسڕینەوە.**

**بەم جۆرەی کەباسکرا تێکستەکە دەنووسین، دوای ئەوەی بەماوسەکە دیاری دەکەین کرتەی راستی لەسەر دەکەین و فرمانی** Copy **هەڵدەبژێرین. بەم جۆرە:**




دواتر دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"، ئەو کلیپە دەکەینەوە کەدەمانەوێت تایتڵی لەسەر دابنێین، پاشان لەلیستی Insert فرمانی Title Clip هەڵدەبژێرین.




هەر لەشریتی ئامرازەکانی Timeline دا ئایکۆنی ئەم فرمانە دەبینرێت بەم شێوەیە:





بەهەریەك لەم ڕێگایانە دەگەینە پەنجەرەی Insert Title Clip.

سەرەتا بەم جۆرە دەبینرێت:




سەرەتا دوو کرتە لەو بۆشاییە گەورەی لای راستی سەرەوە دەکەین، پاشان بەدوگمەی Ctrl+V ئەو نووسینەی لە"بوشرا"دا نووسیومانە و کۆپیمان کردووە لێرەدا دایدەنێین.

دەبینین شێوەی نووسینەکەمان تێکچووە و بەم جۆرەی لێهاتووە:




پێویستە بەماوسەکە کرتەیەك لەسەر نووسینەکە بکەین و لەلیستی Font دا ئـەو شێـوە نووسـینانە هـەڵبـژێـرین کـەبـە Boshra_Kurdish_....... دەسپێدەکەن، دواتر نووسینەکە دەبێت بەکوردی، بەم شێوەیە:



لەپاشان بۆ هەرلایەك بمانەوێت بەماوسەكە نووسینەكە دەگرین و رایدەكێشینە ئەو لایە، بەم شێوانەی خوارەوە:














پاشان دەبینین فرمانەكانی پەنجەرەی تایتڵ بۆ چەند بەشێك دابەشكراون، بەم جۆرە:

## Clip Settings



– Duration: بۆ دیاریکردنی ماوەی درێژبوونەوەی تایتڵەکە.

– Motion: بۆ دەرکەوتنی جوولانەکان.

– Title text: هەرسێ فرمانی New کردنەوەی فایلی نوێ، Open کردنەوەی فایلی هەڵگیراو، Save پاشەکەوت کردن لەخۆدەگرێت.


– Background color: –

* Transparency: بۆ دەرکەوتنی کلیپ لەپشتی تایتڵەوە.

* Solid: بۆ گۆڕینی ڕەنگی پشتەوەی تایتل.

## Text Settings

فرمانەکانی ئەم چوارچێوەیە بەچەند هێڵێکی سپی بۆ چوار بەش دابەشکراون، بەم جۆرە:




– Line Spacing: دیاریکردنی بۆ شایی نێوان دێڕەکان.

– Font: بۆ گۆڕینی شێوە نووسین.

– Size: بۆ گۆڕینی قەبارەی نووسین.

ئەم هێمایانە: 


بۆ ڕێکخستنی تێکستە، وەك: تۆخکردن، لارکردن و چەن شێوازێکی تر.

– Vertical text: بۆ دانانی تێکست بەستوونی.


– Anti-aliasing: بۆ ڕێککردنی لێواری تێکست.




– Fill text Color: پڕکردنەوەی تێکست بە:

* Solid: ڕەنگی ئاسایی "سوور، سپی، سەوز، زەرد،...هتد"

* Gradient: ڕەنگی تێکەڵ.






– Border: بۆ دانانی چوارچێوەی دەوری تێکست.

– Width: دیاری کردنی قەبارەی چواچێوەکە.


– Color: ڕەنگی قەبارەکە.

– Outer streke: بۆ دانانی چوارچێوەکە لەدەرەوەی تێکست.




بۆ کاڵ کردنەوەی تێکست.





شەفاف کردنی تێکست.

– Shadow: بۆ دانانی سێبەر.

- Text color bar: بۆ دانانی زەمینەیەك "باكگراوەند" لەپشتی تێكستەوە.
- Show grid lines: بۆ دەركەوتنی هێڵی خەیاڵی لەكاتی كاردا.
- Alignment: بەم "نۆ" تیرە تێكستەكە دەبەینە هەر لایەك بمانەوێت.

## Title Style
## شێوازی تایتڵ





لەم بەشەدا كۆمەڵێك ستایڵ و شێوازی جوان ئامادەكراوە دەتوانین بیدەین بەسەر نووسین و تایتڵەكان دا. دوای ئەوەی كرتە لەسەر نووسینەكە دەكەین "واتە: دوای دیاریكردن" تەنها بەمشكەكە یەك كرتە "كلیك" دەكەین لەو ستایلانەی لەم پەنجەرەدا دەركەوتوون.

## Animation جووڵە



لێرەدا دەتوانرێت جوولە بەنووسین و تایتڵەکان بدرێت بەو جۆرەی کەبمانەوێت.

## Type Effect
## کاریگەریەکان




لێرەشەوە زۆر ئیفێکت و کاریگەری جوان و سەرنج راکێش دەدرێت بەتایتڵەکان، وەك ئەوەی بمانەوێت ئاگر لەنووسینەکە بەرز بێتەو تایتڵێکی گرگرتوو بێت. بەچالاك کردنی ئەو نیشانە راستە لەتەنیشتی سەرەوە(  ) ئاگرەکە لەسەر تایتڵەکان دەردەکەوێت، بەپێچەوانەیشەوە بۆ لابردنی ئاگرەکە بەکاردێت. بەشەکانی تریش لەسەرەوە تایبەتن بەبینین و لێدانی کلیپ و کاری ئەوانیش روون و ئاشکرایە.

**تێبینی// لەناو سی دی تایبەت بەم کتێبەدا بەرنامەی "بوشرا" وەرگرە لەگەڵ "سریاڵ نەمبەر"ەکەیدا.**







# دروسکردنی ئەلبوومی وێنەکان

دروسکرنی ئەلبوومی وێنە کارێکی جوان و گرنگە کەزۆرجار بیرمان لەوە کردۆتەوە چۆن وێنەکانمان بکەین بەسی دی‌یەکی جوان و ڕازاوەو گۆرانیەکی لەسەر دابنێین و بەم شێوە پارێزراو بێت لەفەوتان و لەناوچوون. بەم جۆرە دەتوانین هەموو وێنەکانمان لەسی دی‌یەك یان چەن سی دی‌یەکدا کۆکەینەوەو بیرازێنینەوە، پاشان بتوانین بە CD Player لێی بدەین و ببینین.


سەرەتا ئەگەر وێنەکانمان وێنەی دیجیتاڵی بوو ئەوا لەدرایڤێکدا دایان دەنێین، وەئەگەر وێنەی فۆتۆگراف بوو واپێویست دەکات بەهۆی ئامێری سکانەرەوە بیان گوێزینەوە بۆ سەر کۆمپیوتەرەکەمان.

پاشان لەدوای کردنەوەی کردنەوەی بەرنامەی میدیاستۆدیۆ وێنەکان یەك یەك دێنین بۆناو تراکەکان، بەم شێوەیە:




ڕێگاکانی هێنانی وێنە چەند ڕێگایەکن هەر لەئایکۆنەکانی شریتی "تایم لاین" دا ئایکۆنی هێنانی وێنەش دەرکەوتووە. وەك لێرەدا لەلیستی Insert دا ئایکۆنەکەی دەبینرێت. لەلیستی Insert دا دەچینە سەر Image File ، دواتر لەو سندوقەی دەکرێتەوە ئەو وێنانە هەڵدەبژێرین کەدەمانەوێت بیانکەین بەئەلبوومی ڤیدیۆیی.

کاتێ کەوێنەیەك دێنین دەبێ بزانین ئەو وێنەیە چەند چرکە درێژی دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو وێنەکان ماوەیەکی دیاریکراویان هەبێت بۆ مانەوەیان لەسەر شاشە پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی وێنەکاندا ئاگامان لەم خاڵەبێت. لەسندوقی Insert Image Fileدا دوای ئەوەی وێنەیەك دیاری دەکەین لەخوارەوە بەشێك هەیە بەناوی Duration{H:M:S:F} لێرەوە ئەو ماوەیە دیاری دەکەین کەوێنەکە چەند چرکە لەسەر شاشە بمێنێتەوە. وەك لێرەدا ئێمە بۆ مانەوەی هەروێنەیە 12 چرکەمان داناوە.





پاشان کرتە دەکەین لەدوگمەی Open بۆ هێنانی وێنەی دیاریکراو کەلەگەڵ ماوەسەکەدا بەشێوەی شریتێکی ڕەش دەجووڵێت لەهەرکوێدا کرتەی چەپ بکەین لەوێدا بۆمان دادەنێت، بەڵام پێویستە یەکەم وێنە لەسەرەتاوە دابنێین و پاشان ئەوانیتریش بەشوێن یەکدا. وەك

پێشترئاماژەمان پێدا ئەم وێنەی کەدەیکەینەوە ماوەی مانەوەی 12 چرکەیە، وەك لێرەدا دەرکەوتووە:

پێش دانان



دوای دانان




خۆئەگەر ویستمان زیاد لەوێنەیەك پێکەوە بهێنین ئەوا دەتوانین لەبری دیاریکردنی یەك وێنە چەند وێنەیەك دیاری بکەین و لەDurationدا ماوەیەك بۆ هەموو یان دابنێین، بۆنموونە/ ئەگەر پێنج وێنەمان دیاریکرد دەبێت لەDurationدا ماوەی مانەوەیان بکەین بە 60 چرکە، تاوەکو هەر وێنەیەك ماوەی 12 چرکە بمێنێتەوە.


تێبینی// لەدوای دانانی وێنەکانیش دەتوانرێت بەماوسەکە وێنەکە درێژ بکرێتەوە بەو ئەندازەی بمانەوێت، ئەمەش کاتێك دەبێت ماوسەکە ببەینە تەنیشتێکی وێنەکەوە، کەماوسەکە بوو بەدوو تیری روو بەیەك وێنەکە بەلایەکدا رادەکێشین بۆ درێژبوونەوە، بەم جۆرە:




لەدوای هێنانی وێنەکان جوانتر وایە لەنێوانی وێنەکاندا ئیفێکت و کاریگەری هەبێت، تاوەکو وێنەی یەکەم بەشێوەیەکی جوان بشکێتەوە بەسەر وێنەی دووەم دا.

ئیفێکت و کاریگەریەکان بەم شێوە دەدرێن بەسەر وێنەکاندا:


دوای ئەوی وێنەی یەکەممان هێنا بەهەمان شێوە وێنەی دووەم دێنین و لەدوای وێنەی یەکەمەوە دایدەنێین:




پاشان بەکرتەی چەپی مشکەکە وێنەی دووەم دەگرین و ڕایدەکێشین بەسەر وێنەی یەکەمدا:




دواتر ناوەندی لێکدراو دەبێت بەئیفێکتی Crossfade-F/X کەبەڕەنگی زەرد دەبینرێت و دەبێت بەبەشی سێیەم لەنێوانی دوو وێنەکەدا:





ئەم ئیفێکتەش کاڵبوونەوەیە لەوێنەی یەکەمەوە بۆ سەر وێنەی دووەم "واتە شکانەوەکە بەم جۆرەیە"، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم شێوەیە بگۆڕین بۆ شێوەیەکی تر کەشکانەوەکەی جۆرێکی تربێت. دەچینە


سەر پەنجەرەی Production Lidrary لە بەشەكانی ئەم پەنجەرەشدا Transition Effect هەڵدەبژێرین و هەریەك لەو ئیفێكتانەمان بەجوان زانی دەتوانین كرتەی چەپی مشكەكەی لەسەر بكەین و رایكێشین بۆ ناو بەشی لێكدراو لەنێوانی هەردوو وێنەكەدا:





هەر لەم بەشەدا دەتوانین "هۆلیوود"یش بەكاربێنین كەئیفێكتی جوانترو رازاوەتری تێدایە. دوای ئەوەی یەكێك لەئیفێكتەكان دێنینە سەر ناوچەی لێكدراو مشكەكە دەبێت بەدەستێكی چالاك:




تەنها كرتەی چەپی لەسەر دەكەین، دەبینین ئەو ئیفێكتە لەو شوێنەدا جێگیر دەبێت:




پاشـان دەتـوانین دوو کرتـەی چـەپ لەسـەر ئـەو ناوچـە لێکـدراوە بکەین و لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە گۆڕانکاری ورد لەوئیفێکتەدا بکەین:





"فرمانـەکانی ئـەم پەنجەرەیـە (واتـە: پەنجـەرەی ئیفێکتـەکان) لەشـوێنی خۆیـدا بـەوردی ڕوونکراوەتەوە لەبەشی Production Lidrary دا"

دواتر بەهەمان شێوەی هەنگاوەکانی پێشوو یەك یەك یان بەکۆ وێنەکان دێـنین و دایـان دەنـێین و ئیفێکـت و کاریگـەریان پـێ ئـەدەین، وەك لـەم وێنەدا دەرکەوتووە کەوێنەکان بەشوێن یەکدا و لەیەك تراکدا دادەنێین:





پاشـان پێویسـتمان بـەدەنگێك هەیـە بۆئـەوەی ئەلبوومەکـەمان بەشـێوەیەکی جـوانتر بڕازێنینـەوە، بـۆ هێنـانی گـۆرانی دەبێـت ئـەم هەنگاوانە هەڵبگرین:

لەشریتی لیستەکاندا دەچینە سەر لیستی Insert، پاشان فرمانی Audio File هەڵدەبژێرین.




بەم هەنگاوانە پەنجەرەی تایبەت بە هێنانی دەنگ Insert Audio File دەکرێتەوە.

دەتوانین بەچەند ڕێگایەکی تر ئەم پەنجەرەیە بکەینەوە، وەك ئەوەی ئەگەر دوو کرتە لەتراکەکانیدەنگ بکەین، یاخود بەهۆی ئایکۆنی هێنانی دەنگ کەلەشریتی "تایم لاین"دا دەرکەوتووە، بەهەریەك لەم هەنگاوانە ئەم پەنجەرەمان بۆ دەکرێتەوە. (واتە: پەنجەرەی Insert Audio File)





هەرلێرەیشەوە دەتوانرێت فایلی دەنگ و ڕەنگ بەشێوەی دەنگ بهێنرێت. "واتە: تەنها دەنگەکەی بهێنین"

لەدوای ئەوەی دەنگێکمان هێنا پێویستە بەگوێرەی وێنەکان درێژی بکەینەوە، یاخود ئەگەر وێنەکان زۆرترو زیاتر بوون لەدەنگەکە لەم


کاتەدا دەبێت دەنگێك یان چەن دەنگێکی تری بۆ بێنین یاخود وێنەکان بەئەندازەی ماوەی دەنگەکان درێژ بکەینەوە، تاوەکو یەکسانی هەبێت لەنێوانی دەنگ و رەنگ دا.

لەپاشان گۆرانیەکە بەم شێوەیە دەبینرێت:




دەتوانین لەهەریەك لەو تراکانەی خوارەوەشدا دەنگەکە دابنێین.

پاشان بەو شێوەی کەلەبەشی ((*پێکهێنانی ڤیدیۆ/ئەیۆدیۆ "دەنگ و ڕەنگ/دەنگ" Create Video File / Audio File*))دا ڕوونکروەتەوە دەتوانین کارەکەمان بکەین بەئەلبوومێکی دەنگ و رەنگ، تاوەکو دواتر بتوانین بیخەینە سەر CD و ببینرێت.







# بەرزکردنەوەی دەنگی نزم

زۆرجار وارێکدەکەوێت فایلێکی دەنگ یاخود دەنگ و ڕەنگمان هەیە و دەنگەکەی زۆر نزم و لەسەرخۆیە، پێویستمان بەوەیە بتوانین دەنگەکەی بەرز بکەینەوە. لێرەدا هەنگاو بەهەنگاو ئەم کارە ڕوون دەکەینەوە، تاوەکو بتوانین ئەو گۆرانی و ئاهەنگەی کەدەنگی نزمە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەنگەکەی بەرزبکەینەوە.


دوای کردنەوەی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بەشی Vidio Editor دەبێت بچین ئەو فایلە بکەینەوە کەمەبەستمانە دەنگەکەی بەرزکەینەوە. پاشان کرتەی چەپ دەکەین لەسەر فایلەکە و لەو لیستەی دەکرێتەوە فرمانی Audio Filters هەڵدەبژێرین، بەم شێوەیە:



دواتر پەنجەرەیەکی بچووك دەکرێتەوە بەم جۆرە:




لەبەشی Available filters دا ئیفێکتی Amplify هەڵدەبژێرین و کرتەدەکەین لەدوگمەی Add، دواتر دەبینین ئەو ئیفێکتە دەچێتە بەشی Applied filters، پاشان کرتە دەکەین لەدوگمەی Options و ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە:




سەرەتا لەو لاکێشە بچووکەدا دەبینین 100 نووسراوە. واتە: دەنگی ئاسایی ئەم فایلە 100٪ دانراوە، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو ئەندازەیە نزم بکەینەوە بۆ 1 یاخود بەرزی بکەین بۆ 2000 . لێرەدا ئێمە بەپێی پێویستی کارەکەمان دەنگەکە بەرز دەکەینەوە، وەك لێرەدا ئێمە

کردوومانە بە 1500،دەتوانین هەرلەوێشەوە گوێبیستی دەنگەکەببین. پاشان OK دەکەین، لەپەنجەرەی دواتریشدا بەهەمان شێوە OK دەکەن. دوای کەمێك چاوەڕوانی دەتوانین Play بکەین و گوێبیستی گۆرانیەکە ببین، تاوەکو بزانین چەندە دەنگەکەی بەرز بۆتەوە.


تێبینی // هەریەك لەو ئیفێکتانەی کەلەپەنجەرەی Audio Filtersدا هەیە دەتوانین بەهەمان شێوەی فرمانەی Amplify بەکاریان بهێنین، بەلاّم ئێمە لێرەدا بەپێی پێویستی کارەکەمان ئەم ئیفێکتەمان هەلّبژاردووە و چۆنیەتی هەنگاوەکانیمان باس کردووە.


هەروەها هەمان ئەم ئیفێکتانە لەیەکێك لەپەنجەرە سەرەکیەکانی بەرنامەکەدا بەناوی Production Library لەبەشی Audio Filter دەبینرێن و هەمان کار ئەنجام ئەدەن:



بەشێوەیەکی تریش دەتوانین دەنگەکان بەرز بکەینەوە:

دوای هێنانی گۆرانییەك بۆ ناو بەرنامەکە، لەسەرەتای دەنگەکەوە ماوسەکە دەبەینە سەر ئەو هێڵە ڕاستەی کەبەناوەڕاستی دەنگەکەدا هاتووە، دەبینین ماوسەکەمان بووە بەدەستێکی چالاك، لەم کاتەدا کرتەی چەپ دەکەین و هێڵە ڕاستەکە دەبەین بۆ سەرەوە، پاشان لەکۆتایی گۆرانییەکەیشەوە هەمان هێڵ بەرز دەکەینەوە بەو جۆرەی کەلەسەرەتاوە بەرزمانکردەوە:





تێبینی// دەبێت ئەوە بزانین کەڕێگای یەکەم باشترو ڕێك و پێکترەو زیاتر مەودای بەرزکردنەوەی دەنگەکەی فراوان کردووە.


# گۆڕینی دەنگ و دروسكردنی دەنگدانەوە (صدى)

بۆ ئەم كارە دەبێت لەلیستی بەرنامەكانەوە بچینە سەر بەرنامەی Ulead MediaStudio Pro 8.0 بەشی Audio Editor، بەم جۆرە:





دوای ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بەرنامەی تایبەت بەدەنگ دەكرێتەوە كەپێشتر كەمێك لەم بەرنامەیە دواین و كاری سەرەكی بەرنامەكەمان خستەڕوو، بەڵام لێرەدا وەك نموونە كاری یەكێك لەئیفێكتەكانی ئەم بەرنامەیە باس دەكەین:-

سـەرەتا بەرنامەکـە بەسـادەیی دەکرێتـەوە و پێویسـتە فـایلێکی دەنگی بهێنین، بەم شێوەیە:





دوای هێنانی دەنگەکە ئەگەر ویستمان دەنگدانەوەکە بۆ بەشێکی گۆرانیەکە دابنێین ئەوا بەماوسەکە ئەوبەشەی کەمەبەستمانە دیاری دەکەین و دواتر دەچین بۆ ئیفێکتەکان، بەڵام گەر ویستمان هەموو گۆرانیەکە دەنگدانەوەی پێ بدەین ئەوا ڕاستەوخۆ دەچین بۆ ئیفێکتەکان بەم جۆرەی کەلە وێنەکاندا ڕوونکراوەتەوە.




دەتوانین کەم و زیاد بەو قیاسانە بدەین کەدیاری کراون، یاخود هەر بەو

شـێوەیە OK دەکـەین و چـاوەڕوان دەبـین تـاوەکو ئیفێکتەکـە جـێگیر دەبێت. (ئەگـەر ویسـتمان پاشـگەز ببینـەوە لەسـەر کیبۆردەکـە پەنجـە دەنـێین بەدوگمـەی Escدا)، پاشـان لەلیسـتی File دا کرتـە دەکـەین لەفرمانی Save تاوەکو ئەو گۆڕانکارییە پاشەکەت ببێت:




بەڵام باشتر وایە بەناوێکی ترەوە پاشـەکەوتی بکـەین، تـاوەکو فایلـە ئەسـڵیەکەمان وەك خـۆی بمێنێتـەوە ، بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش دەبێـت Save As هەڵبژێرین و ناوێکی تر بنێین لەفایلەکەمان.

# ڕەش و سپی کردنی کلیپێکی نوێی ڕەنگاوڕەنگ یان گۆڕینی بەشێوەیەکی کۆن


لەبەرنامەی فۆتۆشۆپ و چەند بەرنامەیەکی تردا زۆرجار هەوڵی نوێکردنەوەی وێنەیەکی کۆنمان داوە و تازەمان کردۆتەوە، بەڵام لەم وانەدا من دەمەوێت باسی چۆنیەتی کۆنکردنی کلیپێکی نوێ ڕوونکەمەوە، چونکە زۆر جار دەبینین لەمۆنتاژ کردنی کلیپێکدا بەشێك لەوێنەکان بەشێوەیەکی کۆن و سەرنجڕاکێش دەبینرێن، یاخود لەوانەیە لەکاتی مۆنتاژ کردنی گۆرانیەکی هونەرمەندە پێشووەکاندا واپێویست بێت وێنەکان کۆن و ڕەش و سپی دەرکەون، چونکە ئەوکاتە جوانترو ڕێکتر دەبێتەوە لەگەڵ گۆرانییەکەدا. بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕێگایانە دەگرینەبەر:

دوای کردنەوەی کلیپێك لە"میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editorدا بەشێك لەکلیپەکە یاخود ئەگەر ویستمان هەمووی دیاری دەکەین و ئیفێکتی Old Filmی بەسەردا ئەدەین، بەم شێوە:





کلیکی ڕاست لەسەر کلیپەکە دەکەین، پاشان لەولیستەی دەکرێتەوە Video Filter هەڵدەبژێرین.


پاشان پەنجەرەی فیلتەرەکان دەکرێتەوە ، لەو لیستەی لای چەپەوە دێینە خوارەوەو Old Film هەڵدەبژێرین، دواتر کرتە دەکەین لەدوگمەی Add، لەپاشان دەبینین فیلتەرەکە دەچێتە چوارچێوەی Applied filters، پاشان دەتوانین OK بکەین بۆئەوەی راستەوخۆ ئەم فیلتەرە بدرێت بەسەر کلیپەکەدا.




بەلام ئەگەر ویستمان زیاتر خۆمان گۆڕانکاری لەفیلتەرەکەدا بکەین دێینە خوارەوەو کرتەیەك لەسەر دوگمەی Options دەکەین و پەنجەرەی تایبەت بەم فیلتەرە دەکرێتەوە:



لـەم پەنجـەرەدا دەتـوانین گۆڕانكـاری جـوانترو سەرنجڕاكێشـتر لەئیفێكتەكـەدا بكـەین بـەهۆی ئـەو بەشـانەی كەلـەخوارەوەی هـەردوو شاشـەكەدا دەبینـرێن، خۆئەگـەر ئـەم فرمانانـە چـالاك نـەبوون لـەژێر شاشـەی چەپەوە كرتەیەك دەكەین لـەو دوگمـە بچووكەی كـەهێمای كـۆ (+)ی لەسەر دانراوە، پاشان هەموو ئەم فرمانانە چالاك دەبن.



دوای هــەموو گۆڕانكاریــەكان كرتــە دەكــەین لەدوگمــەی OK، لەپەنجـەرەی دواتریشـدا OK دەكـەین، بـەم جـۆرە دەبیـنین كلیپەكـە شـێوەیەكی ڕەش و سـپی و زۆر كـۆن و سەرنڕاكێشـی وەرگرتـووە، وەك ئەو فیلمە دۆكیۆمێنتیانەی كەلەساڵەكانی جەنگی جیهانی دا گیراون. بەم جۆرە دەتوانین نا وبەنا و لەهەر كلیپێكدا ئەم فیلتـەرە بـەكاربهێنین، تاوەكو مۆنتاژێكی جوانتر لەكلیپەكەدا بكەین.

## ڕەش و سپی (كۆن)






# خاوکردنەوە/خێراکردنی بەشێك لەگۆرانی یان فیلم


هەندێ کات واپێویست دەکات بەشێك لەفیلم یان کلیپێك خاو کەینەوە یاخود ڕەنگە بمانەوێت خێراییەکی پێبدەین کەلەخێرایی ئاسایی خۆی زیاتربێت. دوای کردنەوەی کلیپەکە ئەو بەشە دیاری دەکەین کەدەمانەوێت خاوی کەینەوە، مەقستەکە هەڵدەگرین و سەرەتا و کۆتایی ئەو بەشەی پێدەبڕین کەمەبەستمانە، بەم جۆرە:




دواتر دەگەڕێینەوە بۆ شریتی "تایم لاین" و لەوێدا کرتەیەك دەکەین لەئایکۆنی ماوسەکە Selection Clip و پاشان کلیکی چەپ لەسەر ئەو نێوەندە ئەکەین کەبڕیومانە و دواتر کلیکی ڕاستیشی لەسەر دەکەین و لەولیستەی دەکرێتەوە Speed هەڵدەبژێرین:



لەپاشان ئەم پەنجەرە دەكرێتەوە:




لەو بۆشاییەی بەردەم Rate دا دەتوانین بەهای خێراییەكە كەم كەینەوە 100٪ بۆ 10٪ یاخود ئەگەر ویستمان خێراییەكەی زیاد كەین دەتوانین 100٪ بەرەو ژوور تا 1000٪ دابنێین، هەروەها دەتوانین لە Length دا وردتر ئەو درێژكردنەوە و خاوكردنەوەیە دەستنیشان بكەین، وە لە Variable Speedدا ئەو خێراییەی كەدیاری دەكەین لەگەڵ ئیشكردندا دەگەڕێتەوە باری ئاسایی. بۆ نموونە: ئەگەر خێراییەكەمان لێرەدا كردبوو بە 500٪ ئەوا ئەو بەشەی كەئەم خێراییەی پێ ئەدەین سەرەتا زۆر بەخێرایی دەڕوات، ووردە ووردە تادەگاتە كۆتایی خێراییەكەی كەم دەبێتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی.


بەم جۆرە خاوكردن و خێرایی كلیپەكە دیاری دەكەین بەو ئەندازەی كەدەمانەوێت، پاشان OK دەیكەین.

تێبینی// پێویستە پێش ئەوەی خێرایی كلیپەكە بگۆڕین دەنگ و ڕەنگی كلیپەكە لێك جیا بكەینەوە، چونكە دەنگەكەش لەگەڵ وێنەكاندا خێرا یاخود خاو دەبێتەوە. جیاكردنەوەی "دەنگ و ڕەنگ"یش بەم شێوەیە دەبێت كەلەوانەی داهاتوودا باسی دەكەین.

# جیاکردنەوەی دەنگ و رەنگ

پێشتر بەشێوەیەکی خێراو لەگەڵ بابەتێکی تردا ئەم وانەیەمان باسکرد، بەڵام لێرەدا روونتردەیخەینەروو. جیاکردنەوەی دەنگ و رەنگ لەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"دا کارێکی پێویست و گرنگە کەدەبێت بیزانین، چونکە زۆرجار لەکاتی گۆڕینی وێنەکاندا دەبینین دەگەکانیش دەگۆڕێن کەئەمەش باری ئاسایی کلیپ یاخود فیلمەکە تێك ئەدات.

دوای کردنەوەی کلیپێك دەبینین دەنگ و رەنگی کلیپەکە پێکەوە پەیوەستن و لێك جیانابنەوە و هەردوکیان بەیەکەوە دەجوولێن، بۆ جیاکردنەوەیان تەنها کرتەیەکی راست ئەکەین لەکلیپەکە و لەو لیستەدا کەدەکرێتەوە فرمانی Split هەڵدەبژێرین، بەم جۆرە:



دواتـر دەبیـنین لێکجـودان و بەراکێشـانی بەشـێکیان بەشـەکەی تـر ناجووڵێت و دەتوانین جیایان کەینەوە، بەم جۆرەی کەدەبینرێت:




بەم جۆرە دەتوانرێت دەنگ و ڕەنگەکان جیابکرێنـەوە و دەنگێکـی تـر بـۆ وێنـەکان دابنرێـت، یـاخود وێنـەکان خـاو یـا خێـرا بکرێنـەوە و هـیچ کاریگەریەك لـەسەر دەنگەکەش دروست نابێت.


# تۆمارکردنی دەنگ


# Recording

بابەتـەکان زۆرجـار پەیوەنـدیان بەیەکەوەهەیـە بۆیـە هەنـدێ جـار وادەبینیـت بابەتـەکان دووبـارەبن، بـەڵام مەبەسـتی مـن ئەوەیـە هـەر وانەیەك سەربەخۆیی خۆی هەبێت، تـاوەکو خوێنـەر ئاسـانتر بگـات بـەو بابەتەی مەبەستیەتی و کاری پێی دەبێت.


لێـرەدا چـۆنیەتی تۆمـارکردنی دەنـگ لـەم بەرنامەیـەدا روون دەکەینەوە کەڕەنگە لەبەشەکانی تریش و لەشـی کردنەوەی بەرنامەکەدا کەمێك روونکردنەوەمان لەسەر دابێت. بـۆ تۆمـارکردنی دەنـگ دەتـوانین لەهەریـەك لەبەشـەکانی Video Editor لەگـەڵ Audio Editorدا دەنگ تۆمار بکەین. سـەرەتا لە"میدیاسـتۆدیۆ" بەشـی Video Editor دا بەم شێوەیە هەنگاو دەنێین:

لەلیسـتی Insert دا فرمـانی Voice File هەڵدەبـژێرین، یـاخود هەرلەشریتی Timelineدا کرتە دەکەین لەفرمانی Insert Voice File





هەروەها بەکرتەی راستی مشکەکە لەسەر تراکەکانی "تایم لاین" هەمان فرمانەکانی لیستی Insert دەکرێنەوە. بەهەریەك لەم ڕێگایانەی سەرەوە پەنجەرەی هێنانی دەنگ




دەكرێتەوە، بەم شێوەیە:


لەبەشی سەرەوەدا لەرەلەری دەنگەكە دەردەكەوێت و دەتوانرێت لەدوگمەی Run Mixer دا كەم و زیادی دەنگەكەش یاری بكرێت، پاشان پێویستە لە :Track # دا ئەو تراكە هەڵبژێرین كەدەمانەوێت دەنگەكەی تیادا تۆمار ببێت، تراكی دەنگەكانیش لێرەدا بەهێمای A1, A2, A3, A4... دیاری كراوە.

دواتر ئەو بەشە هاردە دیاری دەكەین كەدەنگەكەی تێدا خەزن ببێت، لەپاشان ئەگەر ماكرۆفۆنمان هەبوو رێكی دەخەین و لەدوای ئەوەی كرتە دەكەین لەدوگمەی Start دەنگەكە تۆمار دەكەین، بەڵام پێویستە لەتراكی ڤیدیۆكاندا وێنە و رەنگ هەبن و كارسەرەكە لەسەرەتاوە دانرابێت، پاشان بەئەندازەی ماوەی وێنەكان دەنگەكە تۆمار دەبێت وەلەهەركوێدا وێنەكان كۆتاییان هات دەنگەكەش لەوە زیاتر تۆمار ناكات، خۆ ئەگەر هیچ رەنگ و وێنەیەك نەبێت لەتراكەكانی سەرەوەدا و بمانەوێت دەنگ تۆمار بكەین ئەوا ئەم ئاگادارییە دێتە رێگامان:




كەپێمان دەڵێت دەبێت لەتراكەكانی سەرەودا وێنەمان هەبێت.


وەك دەبیـنین لـەم وێنەیـەدا كاتێـك دەسـتمان كـردووە بـەتۆماركردن كارسەرەكە لەناوەڕاستی وێنەكـەدا بـووە، بۆیـە لەناوەڕاسـتەوە تـاوەكو كۆتـایی دەنگـی تۆمـار كـردووە، وە لـە Audio1 دا بـۆی دانـاوین، چونكی سەرەتا ئەو تراكەمان دیاری كردبوو.





وەك لەپێشـــەوە ئاماژەمـــان بـــەوە كردبـــوو كەلەبەرنامـــەی "میدیاسـتۆدیۆ" بەشـی Audio Editor دا دەتـوانین بەهـەمان شـێوە دەنگ تۆمار بكەین، بەڵام لەم بەشـەدا ئاسانتر دەتـوانین ئـەو دەنگە وەك مەلەفێكی سەربەخۆو بەچەند فۆرماتێكی جیاواز خەزن بكەین.

سەتا بەرنامەی Audio Editor بەم شێوەیە دەكرێتەوە:



دوای ئـەوەی کرتـە "کلیـك" لەدوگمـەی Record  دەکـەین ئـەم پەنجەرەمان بۆ دەکرێتەوە:




لەبەشــی Nameدا دەتـوانین ناوێـك بنـێین لەفایلەکـەمان لـەڕێگای دوگمەی Save Asەوە.


لەبەشی Formatدا سەتا هەر ئەو جۆرە فۆڕماتەمان پێدەدات.

لەبەشــی Attributesدا دوو جــۆر شــێوەی تۆمارکردنمــان هەیــە بەچــەند قەبارەیــەکی جیــاواز، ئــەوانیش Mono لەگــەڵ Stereo کەبەهەریــەك لــەم جۆرانــە دەتــوانین دەنــگ تۆمــار بکــەین، لــەدوای ئامادەکارییەکان لەم پەنجەرەیەدا کرتە دەکەین لەدوگمەی OK، پاشان ئەم چوارچێوە دێتە پێشێ:





ئەو دوو هێڵەی بەڕەشی دەبینرێن لەرەی دەنگەکانن،لێرەدا پێویستە بەم هێڵانەدا بزانین کەپەنجەرەی داهاتوو بەدڵنیاییەوە کاری تۆمارکردن ئەنجام ئەدات، خۆئەگەر ئەم هێڵانە جووڵەیان نەبوو ئەوا دەنـگ تۆمار نابێـت و هەڵەیـەك رووی داوە و پێویستەچاك بکرێ، دوای دڵنیا بوون کرتە دەکەین لەدوگمەی Start و دەست


ئەکـەین بـەتۆمارکردنی دەنگەکـە. لەکوێـدا ویسـتمان بوەسـتین لـەو چواچێوە بچووکەی بەڕووماندا کراوەتەوە Stop دەکەین،





پاشان دەبینین بەم جۆرە دەنگەکەمان تۆمار بووە:



دەنگی تۆمارکراو بەشێوەی Stereo




دەنگی تۆمارکراو بەشێوەی Mono




بۆ پاشەکەوت کردنی ئەم دەنگە دەچینە لیستی File و لەوێشدا فرمانی Save هەڵدەبژێرین، لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە دەتوانین چەند گۆڕانکاریەك بکەین لەجۆری خەزنکردنی فایلەکەداو بەهەریەك لەفۆڕماتەکانی wav, mpa,wma پاشەکەتیان دەکەین و هەریەکەیان

لەڕێگای دوگمەی Optionsەوە گۆڕانکاری بەسەردا دەکرێت و دواهەنگاو کرتە دەکەین لەدوگمەی Save بۆخەزنکردنی فایلەکەمان.

پەنجەرەی تایبەت بەخەزنیش بەم جۆرە دەردەکەوێت:




# کەناڵی AlphaMagec

لەشیکردنەوەی بەرنامەکەدا باسمان لەکەناڵێکی تایبەت کرد لەناو بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editorدا بەناوی "Hollywood FX" لێرەشدا دەمەوێت کەناڵێکی تر بخەمەڕوو کەوەك "هۆلیوود" کار دەکات و جوانکاری پێ دەکرێت، ئەویش کەناڵی AlphaMagec ە، لێرەدا باس لەچۆنیەتی دابەزاندنی بەرنامەکە ناکەین، چونکی جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ دابەزاندنی "هۆلیوود"دا، بەڵام ئەوەی مەبەستی منە خستنە رووی ئەم بەشەیە لە"میدیاستۆدیۆ"دا کەوەکو کەناڵێك کاری پێ دەکرێت ئەگەرچی ئەم کەناڵە زیاتر لەناو بەرنامەی Adobe Primerدا بەکاردەهێنرێت.


دوای دابەزاندنی AlphaMagec دەگەڕێینەوە بۆ "میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editor، لەوێشدا لەپەنجەرەی Production Library فۆڵدەرەکەی لەسەرووی "هۆلیوود" بەناوی HFX inc دەبینرێت، بەم شێوە:




پاشان ئەو بەشەی کەوەك پەنجەرەيەك دەبينريێت و لەژێريـدا نـاوی کەناڵەکەی نووسراوە هەروەکو "هۆليـوود" رايدەکێشـينە نێـوانی دوو بەشی لێکدراوەوە:




دوو کرتەی چەپ دەکەين لەنێوەندی لێکـدراو " واتـە: ئـەو بەشـەی کـە ئيفێکتـی AlphaMagec دراوە بەسـەری دا"، پاشـان ئـەم پەنچـەرە دەکرێتەوە:




لـەم پەنجـەرەدا کرتـە دەکـەين لەدوگمـەی Options، پاشـان پەنجـەرەی تايبـەت بـەم کەناڵـە دەکرێتـەوە کەلـەخۆگری چـەندين ئيفێکت و کاريگەرييە جيا لەئيفێکتەکانی "هۆليوود"، بەم شێوەيە:





لێرەدا دەتوانین هەریەك لەم ئیفێکتانە دیاری بکەین، وە هەر لێرەشدا گۆڕانکاری لەرەنگ و چۆنیەتی ئیفێکتەکەدا دەکرێت، پاشان OK دەکەین. لەپەنجەرەی دواتریش دا OK دەکەین و دەبینین ئیفێکتەکە دراوە بەسەر نێوەندی دوو بەشەکەدا کەدەمانەوێت بەم ئیفێکتە لێکیان بدەین. ئیفێکت و کاریگەریەکانیش بەم شێوە دەبینری:




# پێچەوانەکردنەوەی بەشێکی گۆرانی

یەکێکی تر لەجوانکاریەکانی مۆنتاژگەڕانەوەی بەشێکە لەکلیپێکدا کەهەندێ جار دەبینین لەکلیپێکدا بەشێك بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاساییەوە دەڕوات، وەك ئەوەی لەکلیپێکدا دەبینین ئەکتەرێکی سیناریۆکە بەشێوەیەکی نائاسایی بۆ دواوە دەگەڕێتەوە کەپێشتر بەشێوەیەکی ئاسایی چۆتە پێشێ.

بۆ ئەم کارە دەبێت کلیپێك کرابێتەوە لە"میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editorدا، پاشان بەمقەستەکە (Scissors [✂]) ئەو بەشە دیاری دەکەین کەدەمانەوێت بیگێڕینەوە، دواتر کرتەی چەپ دەکەین لەسەر بەشە بڕاوەکە تاوەکو سەلێکت ببێت، ئەوجار کرتەی ڕاست لەسەر هەمان بەش دەکەین و لیستێك دەکرێتەوە، سەرەتا دەبێت کرتە بکەین لە Split بۆئەوەی "دەنگ و ڕەنگ" لێك جیا بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەنگەکەش پێچەوانە نەبێتەوە.




دوای ئەوەی "دەنگ و ڕەنگ"مان لێك جیا کردەوە جارێکی تر کرتەی ڕاستی لەسەر دەکەینەوە و لەهەمان لیستدا بەکرتەی چەپ نیشانەی ڕاست دادەنێین لەتەنیشتی فرمانی Reverse، بەم جۆرە:



لەدوای دانانی نیشانەی ڕاست لەتەنیشتی ئەم فرمانە دەبینین ئەو بەشەی ئەم کاریگەریەمان بەسەردا داوە بەپێچەوانەوە دەڕوات.

ئەم بەشە ئاساییە




ئەم بەشە پێچەوانە کراوەتەوە




# دانانی AVI


لەم وانەیەدا چۆنیەتی دانانی AVI روون دەکەینەوە کەشێوەی جوان و تایتڵی دروستکراوە بەشێوەی Clip Video، ئەرکی ئێمە لێرەدا گۆنجاندنی ئەم تایتڵ و شێوانەیە لەگەڵ ڤیدیۆکانی خۆماندا، کەدەکرێت وەك کەرەستەیەکی خاو لەچەند کلیپ و گۆرانیەکدا بەکاریان بهێنین. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە چەند فایلێکی AVIمان وەك نموونە لەناو سی دی تایبەت بەم کتێبەدا داناوە، ئێوەش دەتوانن سوود لەمانە وەربگرن و بەکاریان بهێنن. ولێرەدا چۆنیەتی دانانی ئەم فایلانە لەیەك دوو نموونەدا روون دەکەینەوە.

دوای ئەوەی کلیپێك دەکەینەوە، لەلیستیInsertدا دەچینە سەر فرمانی Video File،
پاشان لەناو "سی دی"یەکەدا یەکێك لەفایلەکانی AVI دێنین:







دوای هێنانی ئەو فایلە لەتراکی سەروو کلیپەکەدا دایدەنێین:





لەکاتی لێداندا دەبینین کلیپی خوارەوە شاراوەتەوە بەهۆی فایلەکەی سەرەوە، پێویستە لێرەدا ئەو بەشە شینە یان سوورەی کەلە پشتەوەی AVIەکەدا هەیە بەهۆی فرمانی Overlay لایبەرین و بیسڕینەوە بۆ ئەوەی کلیپی پشتەوە دەربکەوێت.


کرتەی چەپ دەکەین لەسەر AVIەکە تاوەکو سەللێکت ببێت، جارێکی تر کرتەی ڕاستی لەسەر دەکەین و لەو لیستەی دەکرێتەوە فرمانی Overlay Options هەڵدەبژێرین.



دواتر ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە:




وەك لەم وێنەی سەرەوەدا دەرکەوتووە دوای ئەوەی کرتەیەك لەناو چوارچێوەی Overlay Clip دەکەین دەبینین لەبەشی Overlay previewدا کلیپەکەی پشتەوە دەرکەوتووە، بەڵام هێشتاکە لابردن و کراندنی AVIەکە هەر ماویەتی و پێویست بەکراندنی زیاتر دەکات، بەم شێوەیە:




ژمارە (0) لە Bled/Opacity زیاد ئەکەین بۆ (40) یاخود زیاتر. فرمانەکانی تریش لەم لاکێشەدا بۆ کاڵکردنەوەی ئەو تایتڵ و بەشەیە کەدەمێنێتەوە بەسەر کلیپەکەوە.

لەفرمانەکانی تری ئەم پەنجەرەدا چەند

گۆڕانكاریـەكی جـوانتر دەكرێـت، بـەڵام دەبێـت ئاگـاداربین هـەركاتێك فرمانـەكانی ئـەم پەنجەرەیـە چـالاك نـەبوون دەبێـت كرتەیـەك بكـەین لەنیشانەی كۆ(+) لەخوار شاشەی لای چەپەوە:





وە لـەفرمانی Typeدا چـەند شـێوەیەكی ئامـادەكراو هەیـە و دەتـوانین بەكاریان بێنین:










# وەرگێڕان بەنووسین "ژێرنووس"


وەرگێڕان بەنووسین یاخود باشتر بڵێین "ژێرنووس" کارێکی گرنگە، کەدەبینی زۆرێك لەگۆرانی و فیلمە بیانیەکان لەژێرەوە بەنووسینی کوردی وەرگێڕراون و مانا کراون. لەم وانەیەدا بەپێویستم زانی چۆنیەتی ئەم کارە بخەمە ڕوو.

دوای ئەوی لەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editor دا ئەو کلیپە دەکەینەوە کەدەمانەوێت وەریگێڕین دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی Microsoft PowerPoint، بۆ ئەوەی ئەو نووسینەی کەدەمانوێت لەسەر کلیپەکە دایبنێین لەبەرنامەی "پاوەرپۆینت"دا بەشێوەی فایلی وێنەیی خەزنی بکەین و پاشان لە"میدیاستۆدیۆ"دا وەك وێنەیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

لەپاش کردنەوەی بەرنامەی "پاوەرپۆینت" ئەو دوو "تێکست بۆکس"ەی کە لەناو لاپەڕەی سەرکیدایە یەکێکیان دەسڕیەوە:




پاشان ئەو بۆکسەی کەدەمێنێتەوە بچووکی دەکەینەوە بەشێوەی لاکێشەیەکی درێژو لەخوارەوەی لاپەڕەکە دایدەنێین:





دواتر بەفرمانی Fill Color  کەلە لیستی Drawnigدا دەرکەوتووە ئەم تێکست بۆکسە ڕەش دەکەینەوە، پاشان بەرەنگی زەرد نووسینەکە دەنووسین، بەم شێوە:



دواتر پەنجە دەنێین بەهەردوو دوگمەی( Ctrl + S) بۆ ئەوەی ئەم لاپەڕە پاشەکەوت "سەیڤ" بکەین. لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە شوێنێك یان درایڤێك دیاری دەکەین تاوەکو لەوێدا بۆمان پاشەکەوت بکات "وەك لێرەدا Desktop مان دیاری کردووە"،لە File name دا ناوێکی لێدەنێین "لێرەدا هەر بەناوی خۆیەوە ناومان ناوە"، پاشان لەبەشی Save as type جۆری فۆرماتی File JEPG هەڵدەبژێرین بۆئەوەی لاپەڕەکەمان بۆبکات بە وێنە، بەم شێوەیە:





دواتر ئەم چوارچێوەیە دێتە ڕێگامان و پێویستە کرتە بکەین لەدوگمەی Current Slide Only بۆ ئەوەی تەنها ئەو لاپەڕەیە بکات بەوێنە:




پاشان دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ"، لەلیستی Insert کرتە دەکین لە فرمانی Image File.




دواتر لەLook in دا Desktop دەکەینەوە، پاشان ئەو فایلەی کەوەک وێنە پاشەکەوتمان کردبوو دەیکەینەوە، بەم شێوە:





لەپاشان لەتراکی سەرووی کلیپەکەوە دایدەنێین و بەپێی پێویست "واتە: بەئەندازەی درێژبوونەوەی دەنگەکە" نووسینەکە درێژ دەکەینەوە، بەم جۆرە:



دواتر کرتەی ڕاست لەسەر نووسینەکە دەکەین و لەو لیستەی دەکرێتەوە فرمانی Overlay Options هەڵدەبژێرین:




لەپاشان پەنجەرەیەك دەکرێتەوە، سەرەتا لەوپەنجەرەدا دەچینە سەر Overlay clip و ماوسەکە دەبێت بەشێوە قەڵەمێك، کرتەیەکی چەپ لەرەنگە سپیەکە دەکەین، دەبینین لەپەنجەرە چکۆلەکەی تەنیشتی "واتە: لەپەنجەرەی Overlay preview" ئەنجامی کارەکە دەبینین و کلیپەکەی پشتەوەی دەردەکەوێت، بەم شێوە:



بەڵام هێشتاوەکو بەتەواوەتی  ڕەنگە سپییەکە لەسەر کلیپەکە پاك نەبۆتەوە، پێویستە ڕێژەی سەدی Blend/Opacity زیاد بکەین بۆ نزیکەی (40٪).

***تێبینی// پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کەڕەنگی زەرد گونجاوە بۆ نووسین، چونکە لەکاتی پاککردنەوەی ڕەنگە سپییەکەدا ئەگەر نووسینەکەش سپی بوو ئەوا نووسینەکەش دەسڕێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو ڕەنگەی هەڵیدەبژێرین بۆ نووسین ڕەنگێکی کراوە و دەرکەوتووبێت و جیاوازبێت لەهەردوو ڕەنگی زەمینەی لاپەڕەکە و ڕەنگی تێکست بۆکسەکە، تاوەکو لەکاتی سڕینەوەی زەمینەی پشتی نووسینەکە نووسینەکە نەسڕێتەوە.***

دوای ئەوەی لەپەنجەرەی Overlay  Optionsدا کارەکان تەواو دەکەین کرتە دەکەین لەدوگمەی OK، دواتر دەبینین لەسەر کلیپەکە بەشێوەیەکی گونجاو دەرکەوتووە، بەم جۆرە:




# دانانی ئارمی جوولاو


وەك دەبینین زۆر جار لەکاتی بینینی کلیپێکدا ئارمێك دانراوەو بەردەوام یاخود ناوبەناو دەسووڕێتەوە، لەم وانەیەدا دەمەوێت چۆنیەتی ئەم کارە بخەمە ڕوو. دوای کردنەوەی کلیپێك لەبەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" بەشی Video Editor دا دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی "مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت" بەهەمان ڕێگاری وانەی پێشوو هەردوو تێست بۆکسەکە دەسڕینەوە لەلاپەڕەی سەرەکیدا، پاشان لەشریتی Drawing دا کەلەخوارەوەی بەرنامەکە دەرکەوتووە کرتەیەك دەکەین لەئایکۆنی (Insert wordArt ). لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە یەکێك لەوشکلانە هەڵدەبژێرین بۆ نووسین، پاشان OK دەکەین:





لەپەنجەرەی داهاتوودا نووسینێك دەنووسین و OK دەکەین. "بۆ نموونە: سەنتەری خۆشی":



پاشان نووسینەکە لەناوەڕاستی لاپەڕەکەدا دەردەکەوێت، باشتر وایە بۆئەوەی ئارمەکە جوانترو روونتر لەسەر کلیپەکە دەربکەوێت بەئایکۆنی Color Fill  لەشریتی Drawing دا نووسینەکە بکەین بەڕەنگی سپی، پاشان لەلیستی Format فرمانی




Background هەڵدەبژێرین، لەو پەنجەرەی دەکرێتەوە رەنگی ڕەش هەڵدەبژێرین و Apply دەکەین:





پاشان دەبینین زەمینەی نووسینەکە "واتە: لاپەڕەکە" ڕەش بووە و نووسینەکەش بەڕەنگی سپی جوانتر دەرکەوتووە، بەم شێوەیە:





دواتر لەلیستی فایل فرمانی Save هەڵدەبژێرین و بەهەمان ڕێگای وانەی پێشوو بەجۆری فۆرماتی( File JEPG ) خەزنی دەکەین لەدرایڤێکدا.


پاشـان دەگەڕێینـەوە بـۆ بەرنامـەی "میدیاسـتۆدیۆ"، لەلیسـتی Insertەوە فرمانی Image File هەڵدەبژێرین، بەم شێوەی خوارەوە:





دواتـر ئـەم نووسـینەی کـەوەك وێنـە کردوومانەتـەوە لـەتراکی سـەرووی کلیپەکـەوە دایـدەنێین و بەماوسـەکە چـەند چرکەیەکی کـەم درێژی دەکەینەوە:



پاشان کرتەی راستی لەسەر دەکەین و فرمانی Overlay Options




هەڵدەبژێرین، سەرەتا ماوسەکە دەبەینە سەر پەنجەرەی لایچەپ، کاتێك ماوسەکە دەبێت بەشێوە قەڵەمێك کرتەیەك لەسەر زەمینە ڕەشەکە دەکەین و ڕێژەی سەدی Blend/Opacity دەکەین بە(40٪).





هەروەها دەتوانین کەمێك ڕێژەی Soft edge زیاد بکەین تاوەکو لێواری نووسینەکە کەمێك شەفافیەت وەربگرێت.


دواتر کرتە دەکەین لەدوگمەی OK. پاشان لەناوەڕاستدا بەم شێوەی خوارەوە دەبینرێت:




لێرەدا پێویستە بەهۆی یەکێك لەئیفێکت و کاریگەریەکانەوە ئەم تایتڵە ببەینە لایەکی شاشەکەوە و جووڵەیەکی پێ بدەیت. بۆ ئەم مەبەستە دەچینە سەر پەنجەرەی Production Library، لەوێشەوە لەبەشی کاریگەریەکانی Moving Pathدا کۆتا کاریگەر هەڵدەبژێرین بەناوی( Y..3D):




دوای ئەوەی کلیکی چەپمان لەسەر ئەم کاریگەریە کرد پەنجەی لەسەر دەگرین و رایدەکێشین بۆ سەر نووسینەکە و لەوێدا پەنجە هەڵدەبرین، دواتر کرتەی راست لەسەر نووسینەکە دەکەین و لەو لیستەی دەکرێتەوە کرتە دەکەین لەفرمانی Moving Path:



بەم هەنگاوە پەنجەرەی 3D Moving Path دەکرێتەوە. لێرەدا وەك ئێمە ئەم ڕێكخستنە ئەنجام بدە:




واتە: سەرەتا لەپەنجەرەی لای چەپ کرتەیەك دەکەین لەخاڵی S کە هێمایە بۆ Start "سەرەتا"، پاشان لەبەشی پانی و بەرزیدا " Width, Height"دا بەو جۆرەی کەڕێککخراوە ڕێکیان دەخەین، بەم جۆرە:


**(Y: 32 / X: 297)**

پاشان دەگەڕێینەوە بۆ سەر خاڵی E کەهێمایە بۆ End "کۆتایی"، لەوێشدا بەهەمان هەنگاوی پێشوو پانی و بەرزیەکەی ڕێکدەخەین، بەم جۆرە:

**(Y: 32 / X: 297)**، لەپاشان OK دەکەین.


دواتر دەگەڕێینەوە بۆ سەر کلیپەکەو Play دەکەین، دەبینین تەنها لەو گۆشەیەدا کەدامانناوە دەسووڕێتەوە:





پاشان پێویستە ئەم نووسینەی کەوەك وێنەیەك دانراوە کۆپی بکەین و بەشوێن یەکدا دایبنێین تاوەکو کۆتایی (ئەگەر ویستمان تاکۆتایی ئەم نووسینە لەسەر کلیپەکە هەبێت)، بۆئەوەی بەردەوام لەسەر کلیپەکە هەبێت و خولانەوەی نووسینەکەش بەشێوەیەکی ئاسایی بێت، چونکە ئەگەر کۆپی نەکەین و راستەوخۆ ئەو بەشە درێژبکەینەوە بۆ سەر هەموو کلیپەکە ئەوا نووسینەکە زۆر بەهێواشی و بەشێوەیەکی نائاسایی دەخولێتەوە.


بەم شێوەیە بەشوێن یەکدا کۆپی دەکەین:




# دروستكردنی تایتڵو پێشەكی كلیپ




بەپێویستی دەزانم لێرەدا باس لەچۆنیەتی دروستكردنی پێشەكی كلیپێك بكەم كەدەروازەیەكی جوانو ڕازاوە بدات بەكیلپ یاخود ئاهەنگ یاخود هەر بۆنەیەكی تایبەتیو گشتی، بۆ ئەم كارە دەچینە سەر بەشی Video Editor، پاشان لەوێشدا دەچینە سەر لیستی Insert، دواتر كۆتا فرمانی ئەم لیستە هەڵدەبژێرین كە نووسراوە Smart Compositor. یاخود لەر پەنجەرەی "مەین تایم لاین" Main Timeline كلیكی ڕاست لەسەر بۆشاییەكی شوێن تراكە ڤیدیۆییەكان دەكەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:




بەهەردوو ڕێگاکە پەنجەرەیەکی تایبەتمان بۆ دەکرێتەوە بەناوی Smart Compositor، وەك دەبینین لێرەدا بەرنامەکە خۆی شتێکی نموونەیی تێدایە:



پاشان ئێمە دەچینە سەر فرمانی Options، لەوێدا ئەو وێنانە دەگۆڕین کە وەکو نموونە دانراون. وەك دەبینین لەخوارەوە چوار بەشی سەرەکی دەبینرێن، بەناوی:


Media Source

Title

Overlay


Audio

هەریەکە لەم بەشانە چەند فرمانێکی لەخۆگرتووە کە بەیەك کرتەی چەپی ماوسەکە بەشەکانی بەدەردەکەون:





سەرەتا لەبەشی Media Source ئەو سێ کلیپە دەگۆڕین بەکلیپەکانی خۆمان، بەم جۆرە: کلیك دەکەین لە Media Clip 2، پاشان دەچینە بەشی Media Library، ئەگەر ویستمان لەبری

مەلەفی ڤیدیۆیی "دەنگ و ڕەنگ" بێنین ئەوا لەو چوار ئایکۆنەی سەرەوە کەدەرکەوتوون فرمانی Import Video File هەڵدەبژێرین، بەم جۆرە:





خۆئەگەر ویستمان دەنگ بێنین ئەوا لەتەنیشتی ئەم فرمانەوە و لەڕێگای فرمانی Import Audio File وە دەنگێك دەهێنین. بەهەمان شێوە دەشتوانین لەڕێگای فرمانی Import Image File وێنە بهێنین، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگەو لەژێر ڕۆشنایی کارەکەی ئێمەدا خۆی دەبینێتەوە ئەو بەشەیە کەفایلێکی ڤیدیۆیی لێوە دەهێنین، (واتە:Import Video File).

دوای کرتەکردن لەفرمانی Import Video File پەنجەرەی ئەم ئایکۆنەمان بۆ دەکرێتەوە بەناوی Import Video File ، لەم پەنجەرەدا ئەو فایلە ڤیدیۆییە دەدۆزینەوە کەدەمانەوێت چەند پارچەیەکی کەمی لێ بکەینە پێشەکی ( واتە: سەرەتا ئەو فایلە ڤیدیۆییە سەلێکت دەکەین و لەپێشکردنەوەی دەچینە سەر فرمانی Duraition، دواتر پەنجەری ئەم فرمانەکان بۆ دەکرێتەوە.




وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەپێش Open دەکەینەوە Duraition ئەمەش بۆئەوەیە کەوا چەند پارچەیەک لەکلیپەکە بهێنین بۆ پێشەکییەکە نەوەک هەموو کلیپەکە، چونکو ئێمە پێویستمان بەسێ بەش هەیە تاوەکو پێشەکییەکەی پێ برازێنینەوە.




لەپەنجەرەیDuraitionدا دەتوانین ئەو ماوەیە دیاری بکەین کەمەبستمانە وەک دەبینرێت بۆ بەشی یەکەم ئێمە دەقیقەی 03:46 بۆ 04:25 مان هەڵبژاردووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە کلیپەکەمان 07:00 دەقیقەی تەواو دەبێت. خۆئەگە بەرێگای Duraition ئەم بەشەی کە سەرنراکێشە بەلامانەوە بۆ پێشەکییەکە نەیهێنین ئەوا ناتوانین لەپێشەکییەکەدا ئەم بەشە بەدەربخەین، بەڵکو تەنها سەرەتای فایلە ڤیدیۆییەکە دەبێتە سەرەتای هەرسێ بەشی تایتلی پێشەکییەکەمان.

دوای ئەوەی لە Duraition دا بەشێکمان دیاری کرد کرتە دەکەین لەدوگمەی OK. دواتر لەپەنجەرەی Import Video File دا جارێکیتر Open دەکەین، پاشان دەبینین ئەو بەشەکلیپە دێتە ناو بەشی ڤیدیۆ "Video"وە، پاشان ئەو بەشەی کەهێناومانەتە ناو بەشی ڤیدیۆوە بە Drag & Drop " واتە: ڕاکێشان و بەردان" دەیبەینە سەر ڕەسمی بەرنامەکە ( واتە: دەبێت ڕاست و ڕێك لەسەر ئەو وێنە دابنرێت کەخودی بەرنامەکە وەکو نموونە دایناوە)، پاشان دەبینین وێنەی ناوەڕاستی سێ بەشی پێشەکییەکەمان بووە بەو بەشەکلیپەی کەهێناومانە، بەم شێوەیە:




دواتر بۆ دوو بەشەکەی تر هەمان ڕێگا دەگرینەبەرو بەهەمان شێوەی پێشوو لە Duraition دا بەشێکی تری کلیپەکە هەڵدەبژێری بۆ هەردوو تەنیشتەکەی تر کە لەپێشەکییەکەماندا بەدەردەکەون. ئەمەش دوای ئەوە دەبێت Media Clip 3 سەلێکت بکەین




دوای ئەوەی Media Clip 3 مان گۆڕی، بەهەمان شێوە پێشوو وە جارێکی تر Media Clip 4 یش دەگۆڕین. پاشان دەبینین هەرسێ بەشی کلیپەکە بوون بەو کلیپانەی کەئێمە دامانناون، بەڵام هێشتا کارەکەمان تەواو نەبوو، چونکە نووسینی خودی میدیاستۆدیۆکەش بگۆڕین بۆ نووسینێکی خۆمان، بەم جۆرە:

کلیك دەکەین لە Title، پاشان Title Clip 0 سەلێکت دەکەین، (نووسینەکەمان لەدوو بەش پێکدێت و حاڵی سفر سەرەتاو کرانەوەی نووسینەکە نیشاندەدات.




دوای ئەوەی کە Title Clip 0 مان سەلێکت کرد دەبینین هیچ شتێك لەبەشەکانی نووسین چالاك "ئەکتیڤ" نین تاوەکو نووسینەکان بگۆڕین، دەبێت چینە سەر کلیپەکەو کلیکێك بکەین لەو شوێنەی کەنووسینەکەی تێدا دەردەکەوێت، (گرنگ نییە لێرەدا شتێك هەبێت یان نا، چونکە دوای ئەوەی کلیکمان کرد نووسینەکە دەردەکەوێت و دەبینرێت)، بەم شێوەیە:





دواتر دەبێت بەهەمان فۆنت و شێوە و قەبارەی Title Clip 0 بەشەکەی تریش بگۆڕین کەبریتییە لە Title Clip 1 ، تاوەکو بەشێوەیەکی جوان نووسینەکان بەسەریەکدابێن. ئەگەر نووسینەکە بەرزبوو دەتوانین بەماوسەکە بیگرین و کەمێك بیهێنینە خوارەوە.

تێبینی// لێرەدا نووسین تەنها بەلاتینی دەنووسرێت، ئەگەر ویستمان بەڕێنووسی کوردی بنووسین ئەوا دەبێت بەشێوەی وێنە نووسینی کوردی بهێنینە شوێنی نووسینە لاتینییەکە. وە لەبەشی (وەگێڕانی فیلم و گۆڕانی "ژێرنووس" دا ئاماژەی بۆ کراوە، کەچۆن تێکستی کوردی دەهێنرێت.


**پاشان دەتوانین لەبەشی Overlay دا گۆڕانکاییەکی کەم لەچوارچێوەو ئیتاری بەشەکلیپەکاندا بکەین.**



**هەروەها دەتوانین لەبەشی Audioوە دەنگێك بهێنین بۆ پێشەکییەکەمان، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر ویستمان ڕاستەوخۆ دەنگیشی لەگەڵ دابنێین، خۆئەگەر دەنگیش دانەنێین دواتر دەتوانین لەگەڵ تەواوی کلیپەکەدا گۆرانییەکی تایبەتیش بۆ ئەم بەشە دابنێین.**




**لەپاش تەواو بوون لەو کارانەی کەباسکران دەتوانین ئەم پێشەکییە پاشەکەت " Save" بکەین لەڕێگای ئایکۆنی سەیڤەوە:**




یاخود ڕاستەوخۆ کلیك لەدوگمەی Insert دەکەین بۆ ئەوەی کۆتا هەنگاو لەم پەنجەرەیەدا جێبەجێ بکەین، بەم جۆرە:




پاشان دەبینین دوو شریتی ڕەش لەگەڵ ماوسەکەماندا کەبووە بەدەستێکی چالاك دەجووڵێت، دەیبەینە سەرەتاو تەنها کرتەیەکی چەپ دەکەین:



پاشان بەم شێوەی خوارەوە دەبینرێت:



# فرمانەکانی کیبۆرد لەم بەرنامەیەدا

کـاری چوارچـێوەی کلیلـەکان "کیبـۆرد" لەهـەموو بەرنامەکانـدا گرنگی تایبـەتی خـۆی هەیـە، چونکە زووتـرو خێراتـر کارەکانمـان بـۆ رادەپەڕێنێت و کاتێکی زۆرترمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، کەئەمەش لەخۆیـدا گرنگـی تـەواوی هەیـەو جێگـای بایەخـە. هەرچـەندە لەشـی کردنـەوەی بەرنامەکـەدا ئاماژەمان بەهەندێك لەفرمانەکانی کیبـۆرد کـردووە، بـەڵام لێـرەدا هەوڵمـداوە کـاری کلیلـەکان پێکـەوە بخەمـە روو بەشـێوەیە کەبەکارهێنەر بتوانێت هەموو کارەکانی لەم بەرنامەیەدا بەبێ ماوس و تـەنها بـەکیبۆرد ئەنجام بـدات، وە بـۆ روونکردنـەوەی ئـەم فرمانانـەش پشـتی تـەواوم بەلیسـتەکان و "Help"ی بەرنامەکـە بەسـتووە، کەبەشێوەیەکی جوان و رێك و پێك روونکراوەتەوە، بەم جۆرە:

## لیستی File

| | |
|---|---|
| بۆ کردنەوەی فایلێکی نوێ new video project | Ctrl + N |
| بۆ کردنەوەی فایلێکی پاشەکەوتکراو "خەزنکراو" | Ctrl + O |
| بۆ داخستنی فایلی چالاك | Ctrl + W |
| بۆ پاشەکەتکردنی ڤیدیۆ بە فۆرماتی( *.dvp) | Ctrl + S |
| بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی فایلی چالاك "فایلی کراوە" | Alt + Enter |
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Preferences، کەچەند بەشێك لەخۆدەگرێ و بۆ باشتر کردنی تایبەتمەندیەکانە. | F6 |
| بۆ داخستنی بەرنامەی "میدیاستۆدیۆ" | Ctrl + Q |

## لیستی Edit

| | |
|---|---|
| گەڕانەوە بۆ هەنگاوی پێشوو | Ctrl + Z |
| پاشگەزبوونەوە لەو گەڕانەوەیە. | Ctrl + Y |
| بۆ بڕینی بەشی دیاریکراو Cut، وەهەڵگرتنی لەزاکیرەی ماوسەکەدا "Clipboard". | Ctrl + X |
| بۆ لەبەرگرتنەوەی بەشی دیاریکراو Copy. | Ctrl + C |
| بۆ دانانەوەی بەشی بڕاو یاخود کۆپیکراو. | Ctrl + V |
| بۆ سڕینەوەی ناوچەو بەشی دیاریکراو | Del |
| بۆ دیاریکردنی گشتی Selecte All | Ctrl + L |
| بۆ هەڵوەشاندنەوەی دیاریکردنەکان، بەپێچەوانەی هەنگاوی پێشوو. | Ctrl + B |

## لیستی View

| | |
|---|---|
| بۆ گەورەکردن | + |
| بۆ بچووککردن | - |
| بچووك و گەرەکردن لەنێوانی هەنگاوی ئێستاو پێشوودا. | F9 |

## لیستی Search

| | |
|---|---|
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Go To | Ctrl + G |
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Find Clip بۆ دۆزینەوەی کلیپ | Ctrl + F |
| دووبارەکرنەوەی کۆتا گەڕان | F2 |

## لیستی Clip

| | |
|---|---|
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Video Filters. | Ctrl + D |
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Audio Filters. | Ctrl + A |
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Overlay Options. | Ctrl + R |
| بۆ نیشاندانی بەشی Moving Path Options لەئیفێکتەکاندا. | Ctrl + M |
| بۆ جیاکردنەوەی دەنگ و رەنگ لەیەکتر Split. | Ctrl + I |

## لیستی Help

| | |
|---|---|
| بۆکردنەوەی پەنجەرەی یارمەتی دان "Help". | F1 |

## بەکارهێنانی Ctrl

| | |
|---|---|
| لەبەرگرتنەوەی بەشی دیاریکراو، وە دانانەوەی لەشوێنێکی تردا. | Ctrl+ گرتن و راکێشنی بەشێك |

# جووت کرتەك: Double-clicking


| | |
|---|---|
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Insert Video File. | لەتراکە بەتاڵەکانی ڤیدیۆدا |
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Insert Audio File. | لەتراکەبەتاڵەکانی دەنگ دا |
| بۆ نیشاندانی پەنجەرەی Title Options. | لەسەر تایتڵ کلیپ |
| بۆ گۆڕینی ناوی ئەو خاڵەی دامانناوە. | لەسەر خاڵی ئاماژەکان Project Cues |
| بۆ نیشاندانی ئەو کلیپە لەپەنجەرەی Sourceدا. | لەسەر هەریەك لە"ڤیدیۆ،دەنگ،، وێنە |
| بۆ گەورەکردن و بچووککردنەوەی بەرنامەکە. | لەسەر تایتڵ باڕ "شریتی ناونیشان"ی بەرنامەکە Video Editotr |
| گەڕانەوەی بۆ باری ئاسایی لەبەرنامەکەدا. | لەسەر تایتڵ باڕی تایم لاین |
| بۆ گەورەکردن و بچووککردنەوە. | لەسەر هەریەك لەتایتڵ باڕەکان |
| بۆ نیشاندانی پەرنجەرەی Preferences . | لەسەر شریتی خوارەوەی بەرنامەکە "شریتی حاڵەتەکان" |



# پەنجەرەی Preview / Source


| | |
|---|---|
| Enter / K | بۆ لێدان و وەستان "Play/Pause" لەهەریەك لەپەنجەرەكانی Preview، Source، Timeline دا. |
| Shift + Space | بۆ لێدان و وەستان "Play/Pause" لەسەرەتای كلیپەوە. |
| Space | بۆ لێدان و وەستان "Play/Pause" لەنێوانی Mark-in تاوەكو Mark-out. |
| Esc | بۆ وەستان "Stop" لەكاتی لێدان و ئیشكردن دا. |
| Page Up | ڕۆیشتن بۆ پێشەوە لەخاڵێكەوە بۆ خاڵێكی تر. |
| Page Down | ڕۆیشتن بۆ دواوە لەخاڵێكەوە بۆ خاڵێكی تر. |
| Left & Right arrows | گەڕانەوە یان ڕۆیشت بۆ پێشەوە لەكلیپی دیاریكراودا یاخود لەتەواوی كلیپەكاندا. |
| F3 | بۆ دروستكردنی خاڵی Mark-in. |
| F4 | بۆ دروستكردنی خاڵی Mark-out. |
| Shift + F3 | بۆ سڕینەوەی خاڵی mark-in یان mark-out |
| F5 | بۆ زیادكردن یان سڕینەوەی خاڵی ئاماژەدان cue. |
| Home | گەڕانەوە بۆ سەرەتا |
| End | ڕۆیشتن بۆ كۆتایی |

| | |
|---|---|
| Shift + drag | دیاریکردنی بەشێك لە"ئەیۆدیۆ" تەنها لەپەنجەرەی Sourcدا. |
| F8 | Refresh بووژانەوە، تەنها لەپەنجەرەی Preview دا. |
| Ctrl + 2 | چالاك کردنی پەنجەرەی Preview. |
| Ctrl + 3 | چالاك کردنی پەنجەرەی Source. |
| J | نیشاندانی Previous frame. واتە: گەڕانەوەیەکی کەم. |
| L | نیشاندانی next frame . واتە: ڕۆیشتنێکی کەم بۆ پێشەوە. |

## شریتی Timeline

| | |
|---|---|
| پەنجە داگرتن لەسەر C |  بۆ چالاك کردنی ئامرازی Clip Selection |
| E |  بۆ چالاك کردنی ئامرازی Track Selection |
| Shift + E | بۆ دیاریکردنی بەکۆمەڵ" Select multiple tracks". |
| T |  بۆ چالاك کردنی ئامرازی Time Selection |
| M | بۆ دیاریکردنی " trim option" لەنێوانی:  (Normal, Overwrite or Stitch) |

| | |
|---|---|
| بۆ دیاریکردنی Ripple editing mode لەنێوانی:<br>(No Ripple, Single-Track Ripple or Multi-Track Ripple).  | R |
| ڕۆیشتن لەنێوانی ئامڕازی بڕین "Scissor" و هەریك لە ئامڕازەکانی تر.  | S |
| بۆ بڕینی چەند کلیپێك پێکەوە. | Shift + S + کلیکی چەپ |
| بۆ دانانی ئیفێکتی cross-fade لەسەر چەند کلیپێکی "دەنگ".  | F + audioدوو کلیك لە |
| بۆ دانانی ئیفێکتی cross-fade لەسەر تراکەکان. واتە: چەند کلیپێك بەیەکەوە.   | Shift + F+<br>audio tracks دوو کلیك لە |
| بۆ گەورەکردنەوە.  | Z + کلیکی چەپ |
| بۆ بچووککردنەوە.  | Shift + Z + کلیکی چەپ |
| بۆ نیشاندانی هەموو تراکەکانی ڤیدیۆ لە"تایم لاین"دا. | Shift + تیری سەرەوە و خوارەوە |
| بۆ نیشاندانی هەموو تراکەکانی ئەیۆدیۆ لە"تایم لاین"دا. | Alt + تیری سەرەوە و خوارەوە |
| بۆ جوولاندنی کلیپی دیاریکراو لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەخوارە بۆ سەرەوە. | تیری سەرەوە خوارەوە<br>(↑↓) |

| | |
|---|---|
| بۆ چالاك كردنی ئامرازی Time Stretch .  | I |
| دانانی خاڵی ئاماژەپێدان cue. | F5 |
| بۆ دیاریكرنی مەودا "range". | F3 / F4 |
| بۆ لێك جیاكردنەوەی دەنگ و ڕەنگ لەیەكتر Split clip. | Ctrl + I |
| جوولاندنی كلیپی دیاریكراو بۆ پێشەوەو بۆ دواوە یاخود جوولاندنی كارسەرەكە لە"تایم لاین"دا. | تیری راست و چەپ (← →) |
| بۆ جوولاندنی سكرۆڵی ڤیدیۆ (كاتێك ڤیدیۆیەك سەلێكت كرابێت). | Shift + تیری سەرەوەو خوارەوە |
|  بۆ جوولاندنی سكرۆڵی ئەیۆدیۆ "دەنگ" (كاتێك یەیودیۆیەك سەلێكت كرابێت). | Alt + تیری سەرەوەو خوارەوە |
| بۆ جوولانی سكرۆڵی "تایم لاین".  | Shift + تیری راست و چەپ |

# گرنگترین کلیلەکان

ئەم فرمانانە زۆرکات بەکاردێن و گرنگی تایبەتییان هەیە، بۆیە بەپێویستم زانی لێرەدا کۆیان بکەمەوە، ئەگەرچی هەندێکیان پێشتر لەناو لیستەکاندا باسکراون، بەڵام لێرەدا بۆ ئاسانکاری زیاتر کۆکراونەتەوە. ئەنجامی کاری ئەم دووگمانەش کاتێك دەردەکەوێت کەپێشتر فایلێکی ڤیدیۆ کردبێتەوە و دیاریمان کردبێت. (واتە: پێویستە کلیپێك یا خود بەشێك "سەلێکت" کرابێت)

| | |
|---|---|
| Ctrl + C | Copy لەبەرگرتنەوە |
| Ctrl + X | Cut بڕین |
| Ctrl + V | Paste دانانەوە |
| Ctrl + F | پڕبەپڕی شاشە. |
| Ctrl + R | Overlay Options کردنەوەی پەنجەرەی |
| Ctrl + D | Video Filters کردنەوەی پەنجەرەی |
| Ctrl + A | Audio Filters کردنەوەی پەنجەرەی |
| Ctrl + G | Go To کردنەوەی پەنجەرەی |
| + | گەورەکردن |
| - | بچووککردن |
| Ctrl + L | Select All دیاری کردنی گشتی |
| Ctrl + I | Split جیاکردنەوەی دەنگ و ڕەنگ |
| Delete | سڕینەوە |

| | |
|---|---|
| جووڵاندنی کلیپ بۆ سەرەوە. | تیری سەرە |
| جووڵاندنی کلیپ بۆ خوارەوە. | تیری خوارەوە |
| جووڵانی کلیپ بۆ لای ڕاست. | تیری ڕاست |
| جووڵانی کلیپ بۆ لای چەپ. | تیری چەپ |

## کردنەوەو چالاککردنی پەنجەرەکان

| | |
|---|---|
| بۆ چالاککردنی پەنجەرەی Timeline | Ctrl + 1 |
| بۆ چالاککردنی پەنجەرەی Preview | Ctrl + 2 |
| چالاککردنی پەنجەرەی Source | Ctrl + 3 |
| چالاککردنی پەنجەرەی Production Library | Ctrl + 4 |
| چالاککردنی پەنجەرەی Quick Command Panel | Ctrl + 5 |
| چالاککردنی پەنجەرەی Trim Window | Ctrl + 6 |
| کردنەوە پەنجەرەی Audio Mixing Panel | Ctrl + 7 |
| کردنەوەی پەنجەرەی Effects Manager | Ctrl + 8 |
| کارسەرەکە لەکوێدابێت ئەو بەشە کلیپە دەبڕێت. | Ctrl + F6 |
| بۆ کردنەوەی لیست (Menu)ی هەریەك لەپەنجەرەکانی Preview, Suorce, Production لەکاتی چالاك بوونیاندا. | F10 |

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# سوپاس و پێزانین

❖❖❖❖❖❖❖❖❖❖

دوای سوپاس و ستایشی بێ کۆتایی بۆ پەروەردگاری بالأدەست، بەپێویستی دەزانم سوپاسی هاوکاری یەك بەیەکی ئەو کەسانە بکەم, کەهاوکاریان کردووم، بەتایبەت ئەم بەڕێزانە:

- مامۆستا سەرکەوت پێنجوێنی بەرپرسی رێکخراوی kico
- مامۆستا کاروان تاهیر
- سۆران محەمەد قادر
- هەردوو برای خۆشەویستم "ئاسۆ و ئاکۆ"
- هونەر عەزیز
- عادل بەکر
- کاك فوئادو کاك عەلی چاپخانەی گەنج

لەگەڵ سوپاس و داوای لێبوردن بۆ هەموو ئەو دۆست و خۆشەویستانەی هاوکاریان کردووم و نەمتوانیوە لێرەدا ناوی هەموویان بهێنم...


kico
کلیلی کۆمپیوتەر
FIRST
TIME
SHARING
سەرهەنگ عەسکەری & ئاکام غەفور
2009